حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە ١٥
ساڵی دووەم
ئەپریلی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر:
محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی
جێگری سەرنوسەر:
محەمەد کوردۆ
سەرپەرشتیاری هونەری:
رێبین مەجید
لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە
مۆتیڤ:
بتوێن عەلی
تیراژ:
٥٠٠

دەستەی نوسەران:
مارف ئاسراو
محەمەد عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵە چن:
کارزان عەبدوڵا
ئاریان کامیل
تایپیست:
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە:
مەهدی ئەحمەد
چاپخانە:
یاد



ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
– بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤
Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| نامەیەکی درەنگ وەخت | بەختیار شێخ حەسەن سۆڵە | ٣ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| گۆڕانی کەلتوور | | ٦ |
| عالەمییەتی ئەدەبی کوردی | د.فوئاد ڕەشید | ١٨ |
| **دەق** | | |
| خۆشمدەوێن تۆو شیعرم هەر خۆشدەوێت | بەختیار کەریم | ٢٧ |
| دەستی خۆم دەدەمە دەستی ڕێگایەک | | ٢٩ |
| تامی شیر خۆشە | ئاکۆ کەریم مەعروف | ٣١ |
| پێشانگا | عەبدولکەریم شێخانی | ٣٤ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ بەختیار عەلی | حەمە کاکەڕەش | ٣٨ |
| دیدار لەگەڵ ئاراس فەتاح | | ٥٠ |
| دیدار لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسور | نەورۆز جەمال | ٦١ |
| **وەرگێڕان** | | |
| فەیلەسووفە مەزنەکان شاعیریشن | هەندرێن | ٧٣ |
| ئەدەبیاتی عیبری | حەمە کەریم عارف | ٨٠ |
| میشێل فۆکۆ، بەزێنەری سنووری فەلسەفە | دلێر محەمەد | ١٠٥ |
| نامە بۆ نیگارکێشێک | کوردەوان محەمەد سەعید | ١١٣ |
| دیمانە لەگەڵ پاولۆ کۆیلۆ | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١١٩ |
| ڕێگایەک بۆ هەمووان | کەریم مەلا | ١٢٢ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ ڕۆستەم ئاغالە | شۆڕش محەمەد حسێن | ١٣١ |
| دیدار لەگەڵ ئازاد سۆرانی | ڕێبواری ئازادی | ١٣٩ |

# نامەیەكی درەنگ وەخت

هاورێیـانم سـڵاو، سـڵاوی گـەرم و گـەش... قـسمەتی مـن ئاوهـا بـوو. ئـەبوو جێتـان بـێڵم، هەرچەندە هەموومان لەچاوەڕوانی و خۆشی خۆشی دەرچوونی گۆڤاری هەناردا بووین، وەلێ من ڕێگای بەرەو نامۆیی و غوربەتیم گرتەبەرو دەرفەتی ئەوەم لەدەستچوو لەنزیكەوە هاوكارتـانبم و لەدایكبوونی هەنار ببینم و ئەو كۆرپە نازدارو خۆشەویستە بگرمە ئامێزو بیلاوێنمەوە.

ئێستاو دوای نزیكەیساڵ و نیوێك، لەم نامە درەنگ وەختەدا دەمـەوێ پێتـان بڵـێم: كەلـەم دوورەوە هەمیشە لەگەڵتاندام و هەنار میـوانی هەمیـشەیی و ئـازیزی ماڵەكەمـە، هـەنار هەمیـشە پەنجەرەی ئاوەدان و ئاوەڵایە، لەوێوە ئەتوانم بەچپە لەگەڵتان بـدوێم و بیـنم بنـێم بەهەناسـەی هەمووتانـەوە، بـاوەش بكـەم بـەبالای هەمووتانـدا، لـەوێوە دەتـوانم هـەموتان ببیـنم و تاسـەو تامەزرۆیی بینین و بیركردن كەمێك هێورتر بكەم، هەنار هەمیشە وەك تاڤگەیـەكی بـەخوڕ دێـت و دەڕژێتە ناخمەوە، لەگـەڵ خۆیـدا نیگـای چـاوانی ئێـوەو ئـەوینی گـەرموگوڕو تـامی هاوڕێیـەتیی ڕاستەقینەی ئێوەم بۆ دێنێ، هەنار لەگەڵ خۆیدا شنەی بای بـەیانیانی سـلێمانی و بـۆنی نێرگـزو مێلاقەو بـۆنی گوڵـە باخـەكانی بـاخی گـشتیی و دارمۆردەكـانی ئـەو باخـەو بـۆنی گۆیـژەو بـۆنی عەشق، لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ماڵەكەمەوە.

لەهـەناردا گـردی یـارەو شـاخی سەركەشـی پیرەمـەگرون و قـۆپی قـەرەداخ و چـیای گـارەو شـاخی شـیرین و كێـوی سـەفین و جەبـەل حـەمرین پێكـەوە دەبیـنم، لەیـەك كاتـدا دەنكێكـی لەدەریاچەی دوكان و ئاوی زێ و دەنكێكی لەسیروان یان لەخاسـەدا بـووە بـەمرواری، دەنكێكـی دیكەی لەبەردەم ئاگرەكەی بابەگوڕگوڕدا بووە بەیاقوت.

هەندێكجار بەدەم پیاسەی ئێوارانی سەهۆڵەكەی سلێمانییەوە دێمە هەنارەوە، پـاش كـەمێك هەسـتدەكەم لەبـەردەم یـەكێك لـەموغازەكانی جـادەی ئەحمـەد ئاغـا ڕاوەسـتاوم، یـان هـەنار دەتوانێـت بەیـەك چـاو تروكـان لەخانـەقین و گەرمیانـەوە سـەرێكم پێبكێـشێتە قـەڵای هـەولێرو غەریبم بشكێنێت...

هـەنار هەمیـشە ئاشـنام دەكاتـەوە بەنیـشتمان و ئاشـنام دەكاتـەوە بـەئێوە، هـەنار بـۆنی هـەموتانی لێـدێت، هەمیـشە وەك باسـەڕە دێـت و لـەئێوەم هەڵدەكێـشێت، وەك بـاران دێـت و تەڕتەڕم دەكات، لێوەكانم ئاڵ ئاڵ دەكات و دەمم پڕدەكات لەحەزی ماچكردنتان.

هەنار ئاكاری جوانی و بەرزی حەمەكوردۆی هاوڕێ و ڕووخساری هێمنی ئەوم نیشاندەدا، ئەو ڕووخسارەی جوانیی و عەشق و بەرائەتێكی بێوێنەی تێدا مەیووە... محەمەد قەرەچـەتانی بـرام

دێنیّ و بەناخێکی ئارام و سافەوە لەبەردەممدا رایدەگرێت، کاکە حەمە ئەوەندە روونە بەئاسانی هەموو وێستگەکانی ژیان و کارو کردەوەکانی دەبینم... هەنار جارجار سەرێکم پێدەکێشێتە ژوورەکەی شێخ محەمەد لەگەڵ سەلام مەنمی و مارف ناسراو و عەبدولکەریم شێخانی مامۆستادا کۆمدەکاتەوە، منیش بەتاسەوە گوێ بۆ ئامۆژگاری و بیرەوەرییە تاڵ و ترش و شیرینەکانیان هەڵدەخەم.

هەنار زۆر جاران دەبێتە دووربین و دێتە سەرچاوانم، جەبار سابیری تورە لەحکومەت و تورە لەدەسەلات و تورە لەگەندەڵی و کاکە نەورۆزم و ئەکرەم و گێلاس و رێبین و کارزان و سنەوبەرو ساکارو سیوەیل و پەخشان و دڵشادم هێندە بۆ نزیکدەکاتەوە، وا هەستدەکەم ئەوانی هاورێ و برا یەك بست لێم دوورنین.

خۆم دەزانم ئەم نامەیەم دەرنگ نووسی، تکادەکەم بەگەورەیی خۆتان لێم ببورن، حەزیش دەکەم دڵنیابن هەرچەندە دوورم، وەلێ ئێوە هەمیشە لەبەر دیدەی خەیاڵمدان، ئێوە بەهاورێیەتیی و راستگۆیی و دڵسۆزیتان یەك دنیا خۆشەویستیتان لای من بۆ خۆتان دروستکردووە، کەهەرگیز بیرم ناچنەوە.

برایینە... غوربەت و تەزیوی دووریی و دابران و نامۆیی برستی لێ بریوم، گەر عەشقی رەنگ پرتەقاڵی سروەو ئەوینی هەڵقولاوی نێو ناخی سروەو کانی خۆشەویستی سروە (ئەو کچە کەرکوکییەی لەنێو دڵمدا راکشاوە) نەبێت، هەرگیزاو هەرگیز بەرگەی زەبری بێرەحمی رۆژانی غەریبی و تاریکەسەلاتی شەوانی نامۆیی ناگرم و لەدووری دایکم و دووری نیشتمان و دووری کەسوکارو لەدووری ئێوەدا وەك مۆم دەتوێمەوە.

دەستانخۆش، سەرکەوتن لەکارەکانتاندا ئاواتی هەرە گەورەی منە، دەستی ماندووبونتان دەگوشم، هەنار وادەبینم: هەرجارەی تامێك و هەرجارەی بەستەی شیعرێك و هەرجارەی کەروێشکەی خەیاڵی چیرۆکنووسێك... رۆماننوسێك... هتد، ئەم دنیایەی لەدوو توێ دایە، ئێستا هەست دەکەم شانوشکۆی هەنار ئەگەر لەئاستی گۆڤارەکانی تری سەر شەقامی رۆشنبیری کوردستان زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، دڵنیام ئەگەر هەنار وەك ئێستا لەگەڵ شەمەندەفەری خێرای بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەو رەوتی رۆشنبیریی و رۆژنامەگەریی کوردی و دنیادا هاوئاوێزان بێت، ئەوا لەداهاتوودا هەنار دەبێتە ئەستێرەیەکی گەش گەشی ئاسمانی رۆژنامەگەریی کوردی.

هاورێ و هاوکاری هەمیشەییتان

بەختیار شێخ حەسەن سۆلە

٢٠٠٧/٣/٢١

**گۆڕانی کەلتوور**

**کامەران محەممەد**

**عالەمییەتی ئەدەبی کوردی**

**د.فوئاد رەشید**



# لێکۆڵینەوە

# گۆڕانی کەلتوور

کامەران محەمەد

## پرۆسەکانی گۆڕانی کەلتوور

دوو شێوازی مێژوویی هەیە کەلتوور بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئەرکییەکەی (وظیفي) پێیاندا دەڕوات، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: پرۆسەی گەشەکردنی کەلتووری (Cultural growth).

دووەم: پرۆسەی گۆڕانی کەلتووری (Cultural change).

گەشەکردنی کەلتووری ئەو بزوتنەوەیەیە کە لەنێو خودی کەلتوورەوەو بەشێوەیەکی لەخۆوە (تلقائی)و لەسەر ڕێنوێنی بەهاو تواناکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، بۆیە ئەوە گۆڕانێکی قۆناغبەندییەو زیاتر چەند(الکم) لەخۆدەگرێت نەك چۆن(الکیف).

بەڵام گۆڕانی کەلتووری بریتییە لەپرۆسەی گۆڕانێکی گشتگیر کە سروشتی کەلتوور دەگرێتەوە، بۆیە لەبنەڕەتدا گۆڕانێکی جۆرێتی(نوعی)یە.

دواتر گەشەکردنی کەلتووری پرۆسەیەکی تەواوێتی(integration) کەلتوورە، بەڵام گۆڕانی کەلتووری پرۆسەیەکی لێکهەڵوەشان وپەرتبوونە (disintegration) کە زۆر هۆکارو شکاندنەوەی لێوە لەدایك دەبێت کە بەهای کۆمەڵایەتییە. هەروەها دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان گەشەکردن (growth) وگۆڕان (change) واتەی زمانەوانی وشەکان نیگای بۆ دەکەن، گەشەکردن پشت بەکاتی درێژ وجوڵەی هێواش دەبەستێت. بەڵام گۆڕان پشت بەبزوتنەوەی کت وپڕ وخێرا دەبەستێت. دواتر گەشەکردن پشت بەسەرمایەی ناوخۆیی دەبەستێت، بەڵام گۆڕان پشت بەسەرمایەی بیانی دەبەستێت- ئەگەر ئەو دەربڕینە ڕاست بێت- جا گەشەکردن لەنێو خودی کەلتووردا بەردەوامە، ئەمە لەکاتێکدا پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ کەلتورەکانی دیکە لەهۆکارەکانی گۆڕانی کەلتوورییە. هەروەها گەشەکردنی کەلتووری لەماوەیەکی درێژدا ڕێگە بۆ گۆڕانی

کـەلتووری خۆشـدەکات. بـەڵام هـەردوو دیاردەکـە (گەشـەکردن وگـۆڕان) لەسـەر چـەند هۆکارێك راوەستاون کە لەسروشتی خودی کەلتووردایە.[1]

## بابەتی گۆڕانی کەلتوور

گۆڕانی کەلتووری گۆڕانێکی مرۆییە، کـەلتوور لـەکاتی گۆڕینیـدا کـار بـۆ گـۆڕینی ئـەو مرۆڤەش دەکات کە بەکاری دەهێنێت. بۆیـە بابـەتی گـۆڕانی کـەلتوور لـەپاڵ ئـەوەدا کـە خودی (کەلتوور)ە، هاوکات(مرۆڤ)یشە. بۆ نموونە هندییەکانی باکوری ئەمەریکا چەندەها سەدە لەدەشتەکاندا بەکشتوکاڵکردنەوە سەرقاڵبوون. بەڵام لەسەر ئەو رەوشە بـەردەوام نەبوون ولەوەرزێرییەوە بوونە جەنگاوەر. ئەوەش لەئـەنجامی بـەخێوکردن وبـەکارهێنانی ئەسپەوە رویدا، کەکردیانە بەشێکی چالاکییەکانیان. بۆیە لەئاکامی هاتنـە نـاوەوەی ئـەو رەگــەزە نوێیــە شـێوەی ژیــان وچــالاکییەکانیان گـۆڕا. لەبەرئــەوە گــۆڕان بەخــسڵەتێك لەخەسڵەتەکان و تایبەتمەندییەك لەتایبەتمەندییەکانی کەلتوور دادەنرێت. لێرەوە گۆڕانی کــەلتوور واتــە زیــادکردن یــاخود لێــدەرکردنی هزرەکــان وشـێوازە کــەلتووری و ئــەو پراکتیکییانەی کەپێوەی پەیوەستە، بەشـێوەیەکی لـەخۆوە یـاخود نەخشەبۆکێشراوە و گۆڕانی کەلتووری تێکڕای رووەکانی کەلتوور دەگرێتەوە، بەوێژە وهونەر وفەلسەفەشەوە، هەروەکو ئەو گۆڕانە سیستمە کۆمەڵایەتی وئامێرو ئامرازەکانیش لەخۆدەگرێت.[2]

لێرەوە ئەو گۆڕانە(بەهۆی گۆڕانی خودی کـەلتوورەوە) دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی خـودی مرۆڤ. ئەوەش بنەڕەتێکی جەوهەرییە لەپرۆسـەی گەشەسـەندنی کۆمەڵایەتیـدا و هاوکـات دەروازە و کلیلی کێشەکەیە لەیەك کاتدا[3].

کەلتوور وەك سیستمێك کەڕێکخراوگەلێك لەکۆمەڵگادا دروست دەکات، وەك رێکخـراوە خێزانی و ئابووری ئاینی وسیاسی وکۆمەڵایـەتی و. . . . هتـد. بۆیـە سروشـتییە کـە ئـەو رێکخراوانە گۆرەپانی گۆڕانە کەلتوورییەکان بن.

لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کەهەموو بەهێزکەرەکان (مقومات)ی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتــەوە، ئەوانــە ئــەو گۆڕانکارییانــەن کــە لــەزانیاری و ئامــادەیی و ئاڕاســتەکانیاندا رووبــەڕووی تاکــەکان دەبنــەوە. هاوکــات رووبــەڕووی خــودی پەیوەنــدی و سیــستمە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، ئەوەش بـەهۆی فراوانبـوون و فەراهـەمبوونی توانـا ئـاڵووێرە هزریی و ئابوورییەکانەوە روودەدات[4]

## هۆکارەکانی گۆڕانی کەلتوور

### یەکەم- داهێنان:

لێرەدا هۆکارێکی گشتی هەیە کە بەسروشتی دینامیکی و وەزیفی کەلتوور وخودی کۆمەڵگای مرۆییەوە بەستراوەتەوە-کە بەویست وبیرکردنەوە وکارکردنەوە جیادەکرێتەوە- ئەویش بەدەوری زاڵبوونی ژینگەی ناوخۆیی بەسەر ژینگەی دەرەکی دەخولێتەوە، واتە زاڵبوونی رەگەزی کۆمەڵایەتی بەسەر رەگەزی سروشتیدا. ئەو زاڵبوونەش بەسەرکەوتن بەدەست دێت بەسەر ئەوەی کەلەسروشتدا بەرقەرارە وبەنەخشەو ئامرازو هەڵێنجانی شێوازەکان دەبێت، ئەوەش بریتییە لەداهێنان(5).

بۆیە داهێنان لەگرنگترین هۆکارەکانی پرۆسەی گۆڕانی کەلتوورییە، داهێنانیش تەنها داهێنراوە مادی یاخود دۆزینەوە میکانیکییەکانی زانستە سروشتی وپراکتیکییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو چەندەها داهێنراوی کۆمەڵایەتی هەیە کە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان ئەوانیش وەك ئاین ویاسا و هزرە فەلسەفییەکان و. . . هتد.

بە داهێنان مرۆڤ گیانلەبەرانی ماڵیکرد، پاش ئەوەی تەمەنێکی بەڕاکردن بەدوایدا بەمەبەستی راوکردنی بەسەر برد. بەهەمان شێوە دەستی بەچاندنی رووەك کرد وکشتوکاڵی دۆزییەوە، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆری تەمەنی بەکۆکردنەوەی بەروبوومەوە بەسەربردبوو. دواتر مەترسییەکانی ژیانی سروشت ودڕندەکانی لەخۆی دوورخستەوە وخانووی دروستکرد وکاڵای لەبەرکرد.

داهێنان پرۆسەیەکی پێکهێنان(ترکیب) ودروستکردنی ئاڵۆزە، واتە گۆڕینی شتێك بەشتێك وهەڵسوکەوتێك بەهەڵسوکەوتێکی ترو هزرێك بەهزرێکی تر نییە. هەروەها زیادکردنێکی چەندێتی وچۆنێتی کەرەستەیەکی هەبوو نییە، بەڵکو دەبێت پرۆسەی داهێنان لەجووتبوون ودرووستبوون وپێکهاتنی نێوان هەبووەکان فەراهەم بێت، بۆیە جۆرێکە لەڕێکخستنی نەسەب وپەیوەندییەکانی نێوان شت و هزرەکان. جا ئەگەر ئێمە چیرۆکی هەر داهێنراوێك بخوێنینەوەو بەڕیشە کەلتوورییەکەیدا رۆبچین وەك تەلەگراف و ئینتەرنێت و فرۆکەو... هتد، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان ئەو شیکارییە ملکەچدەکات(6).

بێگومان ئەو وێنە شۆڕشگێڕییە نوێیە گۆڕانێکی کەلتووری بەرهەم دێنێت، دواتر دەچێتە دووتوێیەکی کەلتووری ودەبێتە خەسڵەتێك لەخەسڵەتەکانی، کەبۆ پرۆسەکانی گەشەکردن وکەڵەکەبوون وموتووربەبوو(تلاقح) وبڵاوبوونەوە ملکەچدەکات، دوای ئەوەش دەبێتە رەگەزگەلێك بۆ کۆمەڵە داهێنانێکی نوێ لەکۆمەڵە ئەڵقەیەکی بێکۆتایی و لەشێوەیەکی تەواو جیاوازو جۆراوجۆرێتیدا.

جا ئەگەر داهێنان گونجاندنێك بێت لەنێوان رەگەزگەلێکی هەبوو بەڕێگەیەکی دیاریکراو، ئەوا رەنگە ئەو رەگەزانە هەموویان هەڵقوڵاوی ژینگەیەکی ناوخۆیی بن بۆ داهێنان، یاخود لەژینگەیەکی دەرەکی خواسترابن.

لێرەدا دەبێت پەی بەوە ببەین کە تێکەڵییەك لەنێوان (داهێنان) و(خواستن)دا هەیە. ئەوەش کاتێك روودەدات کە ژێنەدەی خواستکار لەئاستێکدایەو دەتوانێت پێشوازی داهێنان بکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەردوو ئاستەکە یەکسان بن، بەڵکو سروشتییە کە کۆمەڵگەی خواستکار لەئاستی هونەرییەوە نزمتربێت لەکۆمەڵگەی پێدەرەوە. بێگومان ئەو ژێربێژییەش بەسەر داهێناندا پیادە دەبێت لەزەرورەتی بوونی رەگەزگەلێك کەبوونێکی بنەڕەتی هەبێت یاخود خواستراوبێت، تاببێتە داهێنان.

زۆرجار(داهێنان) و(خواستن) لەئاستێکی نزیکدان ورەنگە نەتەوەیەك تەواوی رەگەزەکانی هەبێت، بەڵام تەنها پرۆسەی پێکەوەگونجاندنەکەی کەم بێت، بۆیە ئەوکات دێت ولەژینگەیەکی دیکە بیرۆکە یاخود رەگەزێك دەخوازێت کە بەرەو پراکتیککردنی نوێ ئاراستەی دەکات. ئەوەش پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەو رێکنەخراوی دەبات، هەندێجار خێرا و هەندێجاریش هێواش[7].

جا ئەگەر کۆمەڵگە ئەو رەگەزەی خواست ئەوا هەڵدەستێت بەچاککردنی، بۆئەوەی لەگەڵ ژینگە کەلتوورییەکەیدا بگونجێت، و ئەگەر پێی قایلبوون ئەوا شوێنی رەگەزێکی کەلتووری کۆن دەگرێتەوە، کەلەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قایلبوون پێی مەحاڵ دەبێت و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا نەگونجاو دەبێت. بۆیە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی راگوزەری و سانایی بەڕێوەناچێت. لەبەر ئەوەی سروشتی کۆمەڵگەکان وایە کە حەز بەپارێزگاریکردنی کۆنەکان دەکەن[8]

ئەو ڕەگەزانەش ڕەنگە ماددی وەك ئامراز وهۆكارە كشتوكاڵی یاخود خۆراكییەكان بن، هەروەها دەشێت مەعنەوی بن وەك بەها وئاكار وئاین وداب ونەریتەكان. بێگومان لەم دۆخەدا خێرایی گواستنەوەی ئەو ڕەگەزانە جیاواز دەبێت، ڕەگەزە ماددییەكان خێرا و ئاسان دەگوازرێنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەگەزە مەعنەوییەكان بەئەستەم وبەو پەڕی هێواشییەوە دەگوازرێنەوە(9)

لێرەوە دەتوانین بڵێین داهێنان ئامرازێكی گۆڕانی كەلتووری مەزنە ویاساكانی كەلتووری بەسەردا پیادە دەبێت، واتە لەدایكبوون وزیادبوون لەخۆدەگرێت. بۆنموونە داهێنانە میكانیكییەكان دەبنە هۆی بەدیهێنانی داهێنانە كۆمەڵایەتییەكان وڕێگەش بۆ داهێنانی كۆمەڵایەتی دیكە خۆش دەكات. هەروەكو داهێنراوە میكانیكیەكانیش بەرە و گەشەپێدانی داهێنانی میكانیكی دیكە ئاڕاستەمان دەكەن. بۆ نمونە گۆڕانی بارودۆخی كۆمەڵایەتی هاندەرێكە بۆ دروستبوونی پێداویستی كە دایكی داهێنانە.

لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوە بكەین كە داهێنانەكان هەموویان لەتواناكانیان لەسەر گۆڕانی كەلتوری و لەو شوێنەوارە كۆمەڵایەتییانەی كە لێوەی دروست دەبن لەیەك پلەی یەكساندا نین. بۆ نمونە داهێنانی ئۆتۆمۆبیل وفڕۆكە وكەناڵەئاسمانی وئینتەرنێت و... هتد گرنگی وتوانایەكی مەزنیان هەیە لەگۆڕینی سیستمە كۆمەڵایەتییەكان، ئەمە لەكاتێكدا كە داهێنانی(دەرزی) ئەو گرنگییەی لەچاو ئەواندا نییە.

**دووەم- یاسادانان:**

بێگومان شێوازێكی دیكەی گۆڕانی كەلتوور بەهۆی دەركردنی بەندێك یاخود چەند بەندێكی یاساییەوەیە، دەبێت بەرامبەر ئەو ڕەفتارە كەلتوورییانە بووەستێتەوە كە مەبەستی یاساكە ڕەتكردنەوەیەتی، ئەویش جێبەجێكردنی ئەو بەندە یاساییانەیە لەژیانی فەرمی وكارگێڕیدا، تا كاروباری مرۆڤەكانی پێ بەڕێوە ببرێت. بەم شێوەیە وبەشێوازێكی قۆناغبەند یاساكە بەناو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا ڕۆدەچێت و دەبێتە دیاردەیەكی كەلتووری باو.

لێرەدا مەبەستی سەرەكی دەركردنی یاسا بریتییە لەگۆڕینی كەلتوور، ئەم كارەش لەكاتێكدا جێبەجێدەكرێت كە دەستەیەك یاخود حزبێكی سیاسی جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەیەوێت ژیانی كۆمەڵگەكەی بەپێی ئەو سیاسەت و ئایدیۆلۆجیایە

رەنگبکات کەباوەڕی پێیەتی، واتا لێرەدا گۆڕانێکە کەمەبەستێکی ئایدیولۆجی وسیاسی زۆرجاریش بەتەنها مەبەستە سیاسییەکە لەپشتییەوەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین گۆڕانێکی زۆرەملێیانەیە یاخود دیکتاتۆرانەیە، واتا رای دانیشتوان وگەلی تێدا وەرناگیرێت، بەڵکو زۆرجار بۆ پێشێلکردن وتەسککردنەوەی مەوداکانی ئازادی جەماوەر بەکاردەهێنرێت. واتە چەپاندن وخەفەکردن وپێشێلکردن وترس دەکاتە تایبەتمەندی کلتووری کۆمەڵگەکەی. بێگومان زۆرینەی ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستیش کە سیستمی تاك حیزبی ودیکتاتۆرێتی تێیدا بالادەستە، خاوەنی ئەم گۆڕانەن.

هەندێ جاریش دەرکردنی یاسا بەهۆی (ڕاپرسی) و (دەنگدانێکی گشتیی)ەوە دەبێت کە خەڵکی ولاتێك لەسەر دیاردەیەکی کلتووری کە هەست دەکەن لەگەڵ ژیانی سەردەمیاندا ناگونجێت. بۆیە بەهۆی دەنگدانێکی گشتییەوە داوا دەکەن کە یاسایەکی نوێ دابنرێت، تا لەژیانی رۆژانەیاندا شوێنی ئەو دیاردەیە یاخود رەفتارە کلتوورییە بگرێتەوە، لەئەنجامیشدا حکومەت بەوردی لەدۆزەکە دەکۆڵێتەوە ویاسا دەردەکات. بێگومان ئەم جۆرە گۆڕانەش زیاتر لەو ولاتانەدا روودەدات کەسیستمی سیاسییان دیموکراتییەو گەل سەرچاوەی دەسەلاتە تێیدا.

**سێیەم-داگیرکاری:**

بۆ ئەوەی بەوردی لەپرۆسەی گۆرانی کەلتوور لەرێگەی داگیرکردنەوە بگەین دەبێت پێناسەیەکی وردو زانستیی (داگیرکاری)بکەین، بۆ ئەوەی لەوێوە لەمەوداکانی گۆڕانی کەلتوور تێبگەین: داگیرکاری داگیرکردنی ناوچەیەکی جیاوازە لەدەرەوەی سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکە، ئەو داگیرکردنەش زۆرجار بەهۆی بەکارهێنانی هێزو هەندێك کاتیش بەهۆی نیشتەجێبوونێکی ئاشتییانە لەناوچەیەکی تایبەتنەبوو بەوکەسەوە دەبێت. ئەو مەبەستانەش کە نیشتەجێبوونێکی داگیرکەرانە دیاریدەکات بریتییە لەئستغلالکردنی سامانی ئابووری ناوچە داگیرکراوەکە هەر لەزەوی یاخود دەستی کرێکار یا کەرەستەی سەرەتایی، لەهەمان کاتیشدا داگیرگەکە دەبێتە بازاڕێکی تایبەت بەداهات و(واردات)ەکانی دەوڵەتی داگیرکەر وتێیدا بەرهەمەکانی ساغ دەکرێنەوە[١٠]

لێرەوە ئەوە دەبێتە لێدانێکی کوشندە لەبەرهەم وپیشەسازی ناوچە داگیرکراوەکە، بۆیە بەشێوەیەکی قۆناغبەندی ئابووری خۆماڵی ئیفلیج دەبێت و دواتر بەرەو پوکانەوە

دەچێت. واتە لێرەدا بوارێکی گرنگی کەلتوور کە لەئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەکاندا خۆی دەنوێنێت لەژێر هەژموونی ئابووری داگیرکەردا هەرەس دێنێت و کەلتوورێکی نوێی داگیرکەر شوێنی دەگرێتەوە.

بەم شێوەیە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بۆ مەحکەمکردنی شیرازەی حوکم ودەسەڵاتی خۆیان رێگەیان لەگەشەکردنی ئابووری وهونەری وفەرهەنگی ئەو وڵاتانە دەگرت کە داگیریان کردبوو، چونکە دەیانویست سەرچاوە بەهێزە مەعنەوییەکانی ناوچە داگیرکراوەکان لەناوبەرن یاخود هەر هیچ نەبێت بتوانن لاوازی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەتەواوی ئامانجە داگیرکارییەکانی خۆیان بەدیبێنن. نمونەی ئەو بارودۆخانەش لەمێژوودا گەلێك زۆرن وەك سیاسەتی بەفەرەنسی کردن لەلایەن فەرەنساوە لەداگیرگەکانیدا، ئەمەش لەوڵاتەکانی جەزائیر وتونس و سوریا و وڵاتانی ئەفریقا بەئاشکرا پیادەکرا، واتە بەستنەوەی داگیرگەکان بەخودی دەوڵەتە داگیرکارەکەوەو سەپاندنی کەلتووری داگیرکارەکە بەسەر داگیرکراوەکەدا. زۆرجاریش لەناو داگیرگەکەدا بەهۆی دەرکردنی یاسایەکەوەو بەفەرمیکردنی ئەو یاسایە لەدامودەزگا کارگێڕییەکانداو بەتێپەڕبوونی کات دەبووە رەفتارێکی کەلتووری. زۆرجاریش هەندێ لەداگیرکەران هەوڵیان داوە ناوچە داگیرکراوەکان لەڕووی سیاسی وئابووری و رۆشنبیرییەوە بەدەوڵەتەکەی خۆیانەوە ببەستنەوە[١١].

بێگومان ئەم سیاسەت و هەوڵانە ترسناکترین کۆشش بوون بۆ هەڕەشەکردن لەکەلتووری ئەو گروپ و نەتەوە جیاوازانەو سەپاندنی کەلتووری نەتەوەی سەردەست بەسەریاندا.

لێرەدا جێی خۆیەتی (کوردستان) وەك داگیرگەیەك و(کورد)یش وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە وسەرکوتکراو بەنمونە بهێنینەوە، تا بتوانین ئاماژە بەچەند رەهەندێکی ترسناکی شێواندنی کەلتوور بکەین کەبەرەنجامی ژێردەستەیی نەتەوەکە بووە کە ئێستا ئێمە (بەداخەوە !)وەك دیاردەیەکی کەلتووری نەتەوەکەمان سەیری دەکەین ومامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. بۆیە زۆرجار لەلێکۆڵینەوەکانماندا بەهەڵەدا دەچین، لەبەر ئەوەی کوردستان لەپێش زاینەوە رووبەڕووی چەندەها شاڵاوی داگیرکاری و وێرانکردن بووەتەوەو تەنانەت جەنگی ئیمپراتۆرێتییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاواش لەسەر خاکی

کوردستان رویداوە. لەبەر ئەوە داگیرکەران هۆکاری سەرەکی بوون بۆ داتەپینی ئابووری و ماوە نەدان بەدەرکەوتنی هێزێکی کاریگەری خۆماڵی وتەنانەت شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وپاشانیش گەشەنەکردنی شارستانێتی لێکەوتووەتەوە. لەدۆخێکی ئاوا ناهەمواردا کورد تەنها لەخەمی (مانەوە)ی خۆیدا بووە ومەودای بیرکردنەوەیەکی قوڵی نەبووە لەبەرەوپێشبردنی ژیانی خۆیدا.

داگیرکەرانی کوردستانیش لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا هەمیشە هەوڵی پەرتەوازەکردن ودروستکردنی ململانێ وجەنگی براکوژی وچاندنی تۆوی خیانەتکردنیان لەناخیاندا داوە. بۆ نمونە سوڵتانی عوسمانی بۆ ئەوەی زاڵبوونی خۆی بەسەر کوردەکاندا مسۆگەر بکات وجیاوازی لەنێو خێڵەکاندا بنێتەوە دەهات پلەیەکی گەورەی بەسەرۆك خێڵێك دەداو لەبەرامبەریشەوە پلەیەکی بچوکتری بەیەکێکی تریان دەدا، تا ئەم رەوشە ببێتە هۆی رق لەیەك هەڵگرتن وتێکچونیان لەنێو خۆیاندا. ئەمەش رێگەی بۆ تۆخکردنەوەی گیانی خۆپەرستی وخۆدەرخستن لەنێو خێڵە کوردییەکاندا خۆشکرد[12].

بەهەمان شێوەش شاکانی ئێران رۆڵێکی کاریگەرییان دەبینی لەخۆشکردنی شەڕی براکوژی وسیاسەتێکی دوژمنکارانەی وردیان پەیڕەودەکرد[13]. کاتێکیش داگیرکەری ئینگلیز هات و کوردستانی داگیرکرد، ئەوە بوو هەمان سیاسەتی پەیڕەوکردو دەیویست خێڵەکان لەدژی شێخ موحمود هانبدات، تەنانەت خەڵاتی (١٠٠) روپیەی دەبەخشییە هەرکەسێك کەشێخ بکوژێت[14]، دیارە ئەو کارەش بەکوردنەبوایە بەکەسی تر نەدەکرا!

ئەزموونی رژێمی بەعسیش لەعێراقداو هەوڵدانی بۆ شێواندنی کەلتووری کوردی بەدیارترین دیاردەی داگیرکەر وشێواندنی کەلتوور دادەنرێت. رژێمی بەعس دەیویست ئایدیۆلۆجیا شۆڤێنیەکەی خۆی بکاتە تاکە(ئاینی) باوی کۆمەڵگەو شوێنی هەموو بیروباوەڕە رەسەنەکان بگرێتەوە. (تبعیس)یش کرۆکی ئەو سیاسەتە دواکەوتووە شۆڤێنییە بوو، واتە داگیرکەری بەعس بۆ شێواندنی بیر وسایکۆلۆجیای نەتەوەکەمان چەندەها رێگەی گرتەبەر کە بەهەزارەها تاکی کوردی هەڵخلیسکاندو تووشی خۆ ونکردنی کردن. بەعس هەوڵی دەدا ناپاکی وسیخوڕیکردن بکاتە نەریتێکی کەلتووری گەلی کورد، رەهەندێکی تری کارکردنی بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ شێواندنی ئاکارو بەها بالاکانی

کۆمەڵی کوردەواری، کە کەلتوورێکی زیندو وچاوگی بەهێزی وتەندروستی کۆمەڵگەکەمان بوو. هەروەها رەهەندێکی دیکەی کارکردنی ئەو رژێمە بریبتی بوو لەشێواندنی مێژوو، لەم بوارەدا هات ومێژووی عەرەبی کردە وانەیەکی بنەڕەتی پەروەردەکردنی خوێندکارانی کورد لەقۆناغە جیاوازەکانی خوێندناو بەو مێژووە نەوەی کوردی گۆشدەکرد. بۆیە نامۆ نەبوو کە هەموو سەرچاوەیەکی مێژووی کورد قەدەغەکراوبن، بەمەش دابڕانێکی ترسناکی لەنێوان کورد و کەلتوورەکەیدا دروست دەکرد، کە بەخود نامۆ بوونی لێدەکەوتەوەو تاەنوکەش ئێمە لەشوێنەوارە خراپەکانی ئەو نامۆ بوونە رزگارمان نەبووە. هەروەها بەعس رۆڵی بەرچاوی لەدزین وبەتاڵانبردنی سامانی ئابووری وشوێنەوارە دێرینەکان و... هتد گێڕا.

بەکورتی بەعس دەیویست کەلتووری کوردی بەتەواوی بسڕێتەوەوکەلتورێك کەخۆی خاوەنی بوو لەشوێنیدا بیسەپێنێت. بەم شێوەیە داگیرکردن رۆلێکی بەرچاودەگێڕێت لەگۆڕینی کەلتورە جیاوازەکاندا، بەوپێیە گۆڕینەکە هەندێ لایەنی کەلتووری لادەبات و هەندێکی تر لەشوێنی دادەنێت، بەو واتایە شێواندنەکە داگیرکاری لەخودی خۆیداپرۆسەیەکە کەشکۆوڕێزی مرۆڤەکانی تێدا دەخرێتەژێر پێیەکانەوە و لێناگەڕێت کەلتوورە سروشتییەکان وەکو خۆیان بمێننەوەو گەشەبکەن، هەروەك چۆن گەشەی هەموولایەنەکانی ژیانی وڵاتە داگیرکراوەکە ئیفلیج دەکات.

## چوارەم- هۆیەکانی راگەیاندن:

ئەمڕۆ هۆیەکانی راگەیاندن بەهەموو جۆرو شێوازەکانییەوە کاریگەرترین هۆکاری گۆڕانی کەلتورن لەجیهاندا، ماوە دوورو درێژەکانی کورتکردۆتەوەو چوونەتە نێو تەواوی ماڵەکانەوە وبوونەتە هاورێی مرۆڤ لەهەر شوێنێکدا بێت. ئەم هۆکارانە هێندە ئاسان وخێرا کەلتوورەکان دەگوازنەوە کە هەرگیز مرۆڤی سەردەمە پێشینەکان خەونیشیان پێوە نەبینیوە، ئەو کاریگەرێتییە هێندە مەزنە کە دەتوانین بڵێین سنوری گۆڕان و کارلێکردنی کەلتوورە جیاوازەکانی هێندە فراوان کردووە کەتەواوی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە. ئەمڕۆ هەریەك لەئێمەو لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەمانەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دەتوانین لەگەڵ هەر تاکێکی نەتەوە جیاواز ودەوڵەتە جیاوازەکانی جیهان بدوێین وئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان بکەین وگفتوگۆی بابەتیی دەربارەی کەلتوورەکانمان

بکەین. ئەوەی زەمینەی بۆ ئەم دۆزە خۆشکردووە ئەوەیە کە ئەم هۆکارانە مۆنۆپۆڵی هیچ رەنگ ودەنگێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تەواوی مرۆڤەکان بەجیاوازی رەگەز ودەوڵەتەکانیانەوە توانیویانە لێی بەهرەمەند بن. واتە ئەو هۆکارانە ئەمریکی یاخود ئینگلیزی یا تورك یا عەرەب یاخود کورد بەتەنها سودی لێوەرناگرێت، بەڵکو تەواوی نەتەوەکان لێی بەهرەمەند بوون و کردویانەتە سەکۆیەك بۆ نمایشکردن و ناساندنی کەلتووری خۆیان لەلایەکەوەو ئاشنابوون وشارەزابوونی کەلتوورە جیاوازەکانی دیکەی گەلان لەلایەکی ترەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەم هۆکارانە بوون رێگەیان بۆ هاتنە ئاراوەی کەلتوورێکی جیهانی خۆشکردووە وئەمڕۆ مەشخەڵە سەرەتاییەکانی ئەو کەلتوورە بەدی دەکەین.

**پێنجەم- بازرگانی:**

بازرگانی وگەشتە بازرگانییەکان رۆڵێکی دیاریان بینیوە لەپرۆسەی گۆڕینی کەلتووردا، بۆیە کاتێك بازرگانی لەنێوان دووشارستانێتی یاخود دوو کۆمەڵگەدا دروست دەبێت وپەرە دەسێنێت، ئەوا دەبێتە هۆکارێك یاخود تاکە ئامرازی پەیوەندی وبەیەکگەیشتنی نێوان ئە ودوو شارستانێتییە یاخود ئەو دووکۆمەڵگە جیاوازە. بۆیە لەڕێگەی بازرگانییەوە رەگەزە ماددی و مەعنەوییەکانی کەلتوورە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت وجێگەی یەکترییان پێدەگیرێتەوە. لێرەوە ئەگەر بەقوڵایی مێژوودا رۆبچین ئەوا زۆر بەڕوونی لەکاریگەری بازرگانی لەسەر گۆڕینی کەلتوورەکان تێدەگەین. بۆ نمونە ئارامییەکان لەو نەتەوانە بوون کەلەلایەنی بازرگانییەوە لەجیهانی کۆندا گرنگییەکی مەزنیان هەبووەو رۆڵێکی گەورەیان لەبەیەکگەیشتنی نێوان ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەریاندا بینیبوو. ئەمان کەوتبوونە ناوچەیەکی ناوەو لەنێوان عیلام و میدیا لەرۆژهەلات و ئەو کەنارانەی کە فینیقیەکانی لێ نیشتەجێ ببوون وحیسییەکان (الحثیین) لەئاسیای بچووك و میسری و گریکەکاندا بوون. بۆیە بازرگانییەکی گەشەکردویان لەگەڵ کەلتوورە جیاوازەکاندا هەبوو، لە ومیانەدا دەسکەوتە کەلتوورییەکان (هزری، زانستی، پیشەسازی و دیاردە جیاوازەکانی ژیانیان) لەکەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە دەگواستەوە. گەورەترین کارێك کە ئارامییەکان لەبازرگانییەکانیاندا ئەنجامیاندا بڵاوکردنەوەی مەسیحێتی بوو لەجیهانی کۆنی ئەو کاتەدا. ئەمە لەکاتێکدا رویدا کەهەندێ

لەبازرگانە ئارامییەکان لەمیانەی گەشتە بازرگانییەکانیان بۆ فەلەستین باوەڕیان بەئاینی مەسیحێتی هێناو دواتر گەیاندیانە ئە وناوچانەی کەکاروانە بازرگانییەکانیان پێیدەگەیشت. دووەم پشکداری ئەوان لەبازرگانیدا بریتی بوو لەبڵاوکردنەوەی زمان و نووسینی ئارامی لەو ناوچانەی پێیدەگەیشتن و تەنانەت بووە زمانی بازرگانی و نامەناردنی ئەو جیهانەو بەڵگەنامەکان ئاماژە بەبوونی ئەو نوسەرانە دەکەن کەبەزمانی ئارامی لەمیسرو ناوچەکانی ئاشوورو وڵاتی فارس نوسیویانە[١٥].

هەر لەڕێگەی بازرگانییەوە گریك وفارسەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ کەلتوورە جیاوازەکانی گەلانی دیکەدا پەیداکردووە وئاڵوگۆر لەنێوانیاندا رویداوە و دواتر گۆڕان لەتەواوی ئەو کەلتوورانەدا بەدیهاتووە کەبازرگانی لەنێوانیاندا هەبووە. تەنانەت ئاین و ئایدیۆلۆجیا گشتگیرەکان لەهەندێ ناوچەی جیهاندا لەڕێگەی بازرگانییەوە بڵاوبوونەتەوەو کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی کەلتووری ئەو نەتەوانە جێهێشتووە کە تێیدا بڵاوبوونەتەوە وئیسلام نمونەیەکی دیاری ئەو ئایینانەیە کە بەوشێوەیە لەبەشێکی ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا بڵاوبووەتەوە.

ئەگەر لەمێژووی کۆندا کاریگەری بازرگانی لەسەر گۆڕینی کەلتوور بەو ئەندازەیە بووبێت، ئەوا بێگومان لەئەمڕۆدا کە هۆکارەکانی گەیاندن گەیشتوونەتە ئاستێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ کە مرۆڤەکان سەرسام دەکەن، ئە وکاریگەرێتییە هێندە گەورەیە کە هەندێ کات (بنش)کردنیشی ئەستەمە.

## سەر چاوەو پەراوێزەکان:

(١)محیی الدین صابر:التغیر الحضاري وتنمیه المجتمع، منشورات المكتبـه العـصریه، بـیروت، ص٨٠.

(٢)شاكر مصطفي:قاموس الانثربولوجیا، ل ٢٣١.

(٣)محیی الدین صابر:سەرچاوەی پێشوو. ل٧٦.

(٤)هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

(٥)هەمان سەرچاوە، ل٨٦ودواتر.

(٦)هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٧)هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

شحاده الناطور و اخرون: مدخل الى تـأریخ الحـضارة، دار الكنـدى للنـشر و الطباعـة، الطبعـة الاولى، اربد ـ الاردن، ١٩٨٨. ل٤٨.

(٩)هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(١٠)المعجم الحدیث للتحلیل السیاسى: ل٧٨.

(١١)هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(١٢)عوسمان عوزێری: شۆڕشی دیاربەکر، چاپی دووەم، ل٣٣.

(١٣)مارتین ڤان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، (وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی)، بـەرگی یەکـەم، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٢١و دواتر.

(١٤)عمر عبدالعزیز هوراماني: القضیة الكردیة والموامرات الدولیة، الطبعة الاولي، ل٩٩.

(١٥)شحاده الناطورو اخرون:سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠ .

# عالەمییەتی ئەدەبی کوردی*

د.فوئاد رەشید
کۆلێژی پەروەردەی بنیات

لەنێوەندی رۆشنبیری کوردیدا، زیاتریش لەمیانی چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکانداو لەرێگای پرسیارکردن لەنووسەرو رۆشنبیرانی کوردەوە، زۆرجار قسە لەچۆنێتی و چەندایەتی جیهانیبوون و نەبوونی ئەدەبی کوردی کراوەو دەکرێت و ئەو جۆرە پرسیارانە دەوروژێنرێت:

–ئایا شیعری کوردی یا چیرۆکی کوردی گەیشتۆتە ئاستی ئەدەبی جیهانی؟

–ئایا دەقی کوردی بۆچی نەیتوانیوە (بەپێی پێویست) سنووری نەتەوایەتیی خۆی بپەرێنێت و جێگایەك بۆخۆی لەنێو خوێنەرانی میللەتانی دیکەدا بکاتەوە؟

– ئەدەبی کوردی بەبەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهاندا لەچی ئاستێکدایە؟

ئەم پرسیارنەو هاوشێوەکانی بەدەربرین و لەروانینی جیاوازەوە وەلامدراونەتەوەو زۆرجاریش وەلامەکان بەشێوەیەکی نیگەتیڤیانە بووە، بەتایبەتی کاتێك تایبەتمەندێتی ژین و ژینگەی نووسەری کورد لەلایەك و تایبەتمەندێتی ئەزموونی ئەدەبیی دەقی کوردی لەلایەکی دی رەچاو ناکرێت و بەچاوێکی کەم تەماشای دەقی خۆمالی دەکرێت و چەند تێکستێکی بیانی دەکرێتە نموونەی بالاو پێوەری هەلسەنگاندن.

ئێمە لێرەدا بەنیازنین ئەم وەلامە جیاوازانە پۆلێن بکەین و هەلیانبسەنگێنین، بەلکو دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە بەرلەوەی ئەدەبی کوردی لەبەرامبەر ئەدەبی جیهانی رابگرین و پرسیار لەچۆنێتی و چەندایەتی جیهانیبوون و نەبوونی بکەین، پێویستە بزانین مەبەست و ماناکانی چەمك و زاراوەکانی (ئەدەبی جیهانی) و (ئاستی جیهان) و (جیهانیبوون، عالەمییەت) چین؟ زانینی ئەم زاراوانە بەگرنگ دەزانین، چونکە

لەلایەك ئەم چەمك و زاراوانە بەماناو مەبەستی جیاواز بەكارهێنراون و لەلایەكی دیكەشەوە دیاریكردنی وردو بابەتییانەی هەر چەمك و زاراوەیەك كاریگەریی خۆی دەبێت لەچۆنێتی وەڵامی هەر پرسیارێك لەو پرسیارانەی ئاماژەمان پێدا.

***ئەدەبی جیهانی:**

لەژێدەرو سەرچاوەكانی ئەدەبی بەراوردكاریدا، بەچەند مەبەستێكی جیا قسە لەسەر چەمكی (ئەدەبی جیهانی) كراوە:



+شاعیرو فەیلەسوفی ئەڵمانیی (گۆتێ ١٧٤٩-١٨٣٢) زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بەو مانایە بەكارهێناوە كە رۆژێك لەرۆژان ئەدەبە جیاوازەكانی هەموو جیهان- لەڕووی هونەریی و بەهای مرۆڤایەتییەوە- ببنە یەك ئەدەب. بەو مانایەی جیاوازی زمانی لێ بترازێت، ئیدی لەهەموو شتێكدا هاوشێوەبن و هەموو میللەتانی دونیاش بەشداری لەداڕشتن و داهێنانی بكەن(١).

دیارە بەدیهاتنی ئەدەبێكی لەم شێوەیە -هەروەك گۆتێ خۆشی ئاماژەی پێداوە- كارێكی دژوارو ئەستەمە، چونكە هەر كۆمەڵگەو ژینگەو میللەتێك تاڕادەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیەو خودی تێكستی ئەدەبیش بەر لەهەموو شتێك سیماو مۆركی ناوخۆیی بنكەو لانكەی واری خۆی هەڵدەگرێت، ئەمە زێدەباری ئەوەی كە هەر نووسەرێكیش شێوازو جیهانبینی خۆی هەیە.

+رێنیێ وێلك و ئۆستن وارین:

هەندێجار زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بەكاردێت، كە وەكو شاكارێكی ئەدەبی لەئاستێكی جیهانیدا ناسراوەو ناوبانگی دەركردووە. (رێنیێ وێلك) و (ئۆستن وارین) پێیانوایە زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) پتر ئەم مەسەبەستە دەگرێتەوەو لەم

میانەشدا ئاماژە بەبەرهەمی شاعیرو نووسەرانی وەك (دانتی و شکسپیر و گۆتێ) دەکەن، هەڵبەتە لێرەدا ئاماژە بەوەش دەکرێت کە ئەمجۆرە بەرهەمانە لەخۆڕاو هەرەمەکییانە بەو پلەو پایەیە نەگەیشتوون، بەڵکو بەهای ئیستاتیکی و رەهەندە مرۆییەکانی ناوەڕۆکەکانیان رێگایان بۆ شاکاربوونیان خۆشکردووە[٢].

+ئەلەکسەندەر دیما:

(ئەلەسکەندەر دیما) لەکتێبەکەی خۆیدا (شەنگستەکانی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری) بەچەند شێوەیەك قسەی لەسەر چەمکی (ئەدەبی جیهانی) کردووە.

جارێك ئاماژە بەوە دەکات کە چەمکی (ئەدەبی جیهانی) تەنها ئەدەبیاتی میللەتە مەزن و پێشکەوتووەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بەرهەمی ئەدەبی نەتەوە بچووکەکانیش دەگرێتەوە. جارێکیش ئاماژە بەجیاوازیی و هاوبەشی چەمکی (ئەدەبی جیهانی) لەگەڵ (زانستی ئەدەبی بەراوردکاری) دەکات و جارێکی دیکەش ئەدگارەکانی (ئەدەبی جیهانی) دیاریدەکات و لەم میانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەدەبی جیهانی ئەو بەرهەمانەی لەخۆگرتووە کە ئاراستەیەکی فیکریی باڵاو رەخنەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان تێدایە[٣].

هەر لەم چوارچێوەیەدا (دیما) ئاماژە بەوە دەکات کە باڵایی ئەدەبی جیهانی لەسەر بەهای هونەریی رەگەزە پێکهێنەرەکانی رادەوەستێت[٤].

دەکرێت کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بەچەمکی (ئەدەبی جیهانی) لەسێ ئاراستەدا کورت بکرێتەوە[٥]:

١.ئاراستەیەك چەمکی (ئەدەبی جیهانی) بۆ تێکڕای ئەدەبیاتی میللەتانی سەر رووی زەوی بەکاردەهێنێت، بەم پێیەش ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بەشێکە لەمێژووی ئەدەبی جیهانی.

٢.هەندێکجار چەمکی (ئەدەبی جیهان) بۆ چەند بەرهەمێکی ئەدەبی بەهێزی هەڵبژاردەی نێو ئەدەبیاتی میللەتانی جیاجیا بەکاردەهێنرێت.

٣.هەندێکجاریش (ئەدەبی جیهان) بەو مانایە بەکاردێت کە کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی دەگرێتەوە کە لەچەند روویەکەوە هاوبەشن و پێکەوە گرێدراون و نموونەی ئەمجۆرە بەرهەمانەش لەئەدەبی نەتەوایەتی میللەتاندا بەرچاودەکەوێت.

## *(جیهانیبوون=عالەمییەت)ی ئەدەب** :

لەسەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، چەمکی (جیهانیبوونی ئەدەب) پتر بەدوو مانا بەکارهێنراوە:

١.بەو مانایەی کە ئەدەبێك لەدەرەوەی سنووری نەتەوایەتی خۆی کۆمەڵێك شێوازو بەهای هونەریی و نوێ بهێنێتە نێو خۆیەوە، مەبەستی پتر دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی ئەدەبی نەتەوایەتی[٦]. لێرەدا مۆرکێکی جیهانی بەئەدەبی نەتەوایەتی دەبەخشرێت لەرێگای کاریگەربوون بەفۆرم و بابەتی میللەتانی دیکەوە.

٢.جیهانیبوونی ئەدەب: بەو مانایەش بەکاردێت کە دەقێکی ئەدەبی، لەبەر بەپێزی و بەهێزیی لایەنە جیاوازەکانی، سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بپەڕێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەر دیدەی خوێنەرانی میللەتانی دیکە[٧].

هەڵبەتە ئەم سنوور تێپەڕاندنە، چەند هۆکارێك رێگای بۆ خۆشدەکات، هەندێکی دیکەش ئاستەنگی بۆ دروست دەکات:

(ئەلەکسەندەر دیما) ئاماژە بەوە دەکات کە ناوەڕۆکێکی سەرنجڕاکێشی بەپێزو زمان و شێوازێکی سروشتئامێزو نوێکارییەکی هونەرییانەی بەهێز[٨]، ئەمانە زەمینەسازیی دەکەن بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبی بەناو وڵاتانی جیهاندا بڵاوبێتەوە.

هەرچی رەخنەگرو توێژەری هەنگاریی (لاسلۆکاردۆش)ە لەدەرەوەی خودی دەقی ئەدەبییەوە ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکات کە رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لەرێگادان و نەدان بەجیهانیبوونی دەق، ئەم هۆکارانەش وەك (بوون و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و رۆڵ و کاریگەریی دەزگاکانی راگەیاندن و بەهێزی و لاوازیی بزاڤی وەرگێڕان و کەموزۆریی ژمارەی دانیشتووانی وڵات و رادەی بەربڵاویی زمانی دەق[٩]).

***ئەدەبی کوردی و جیهانیبوون:**

ئاشکرایە ئەدەبی کوردی لەڕووی ناوبانگی و ناسراوی و بەربڵاوییەوە، لەئاستێکی جیهانیدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە، بۆچی؟

ئایا لەبەر نزمی ئاستی هونەری و بابەتییانەی دەقی کوردییە، یان بەر لەم هۆکارە، چەند هۆکارێکی دەرەکی دی –لەدەرەوەی دەقەوە– لەپشتەوەی ئەم کێشەیەوەن؟

بێگومان ئەدەبی کوردی خاڵیی نییە لە شاکارو بەرهەمی جوان و سەرنجڕاکێش و داهێنەرانە، ئەوانەی سەرنجی شیعری کلاسیکی کوردییان داوە، درکیان بەهەبوونی دەقی جوان و شاعیری داهێنەر کردووە. بۆ نموونە لەم میانەیەدا (د.مارف خەزنەدار) دەڵێت: (مینۆرسکی بەچاوێکی بەرز تەماشای ئەدەبی کوردی دەکات، بەڕاستی دەگاتە هەندێ تێبینی، ئەویش ئەوەیە نەبوونی لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی نرخی تەواوی دیاری نەکرێت، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی دەوری ئەدەبی کوردی لەئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روون نەبێت..[١٠]).

کەواتە ئەدەبی کوردی بەپێی پێویست و وەکو ئەوەی کە هەیە لەئاستێکی جیهانیدا نییە و میللەتانی دی –بەڕادەیەکی زۆر– پێی ئاشنانین. هۆکارەکەی بۆئەوە ناگەڕێتەوە کە دەقێکی جوانمان نییە کە لەتوانایدا بێت ببێتە جێگاسەرنجی خوێنەرانی میللەتێکی دی، نەخێر، بەڵکو چەند هۆکارێکی دەرەکی –لەدەرەوەی دەقەوە– بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بڵاوبوونەوەی دەقی کوردی و ناسینی وەکو شاکارێکی ئەدەبی لەئاستێکی جیهانیدا.

(مینۆرسکی)یش درکی بەم مەسەلەیە کردووە، بۆیە لەباسکردنی پایەی ئەدەبی کوردیدا، بەئاماژەیەکی کورت دەڵێت (..هۆی دەرنەکەوتنی نرخی راستەقینەی ئەوەیە کە بەرهەمی لەژێر دەستدا نییە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تەواویش لەزمانی کوردیدا نەکراوە[١١]).

کەواتە ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە دژوارەی کە میللەتی کوردی تێدا ژیاوە، لەچەندین لاوە کاریگەرییەکی خراپی کردووەتەسەر دەرکەوتنی

ئەدەبی کوردی، چونکە لەناوچوون و فەوتانی بەرهەم، نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی لەکات و ساتی خۆیدا، هەموو ئەمانە پێوەندن بەنەبوونی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆوە.

ئەگەر بۆ نموونە قسە لەسەر هۆکاری (زمان) بکەین، دەبینین شارەزایان لەچەند روویەکەوە ئاماژەیان بەگرنگیی (زمان) کردووە.

ئەوەتا (مینۆرسکی) نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی لەسەر زمانی کوردی، بەهۆکاری دەرنەکەوتنی پایەی راستەقینەی ئەدەبی کوردی دادەنێت.

(لاسلوکاردوش) رادەی بەربڵاوی هەر زمانێك بەهۆکارێکی گرنگ دەزانێت لەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەر بەو زمانە، وەکو ئەدەبێکی جیهانیی لەقەڵەم بدرێن و خۆیان بەجیهان بناسێنن[١٢].

نالەباریی باری سیاسی میللەتی کورد، نەك هەر رێگای لەبەردەم بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی گرتووە، بەڵکو لەچەندین لایەنەوە کێشەی بۆ خوڵقاندووە، وەك نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، نەبوونی رێنووسێکی یەکگرتوو، لەمەش زیاتر زمانی کوردی لەچوارچێوەیەکی وادا سنووربەند کردووە، تا ئەو رادەیەی بەلای هەندێکەوە بەیەکێك لەو زمانانە دابنرێت کە لەبەردەم هەڕەشەی لەنێوچووندان ***.

جا ئەگەر شارەزایانی بواری ئەدەبی بەراوردکاریی ئاماژە بەگرنگی بەربڵاوی زمان و کاریگەریی پێگەی نێودەوڵەتیی هەر وڵاتێك بکەن، لەوەی کە ئەدەبەکەی سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ببەزێنێت و بەنێو وڵاتانی جیهاندا بڵاوبێتەوەو خوێنەرانی میللەتانی دی پتر ئاشنای بن، ئەوا سەیرو سەمەرە نییەو شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە ئەدەبی کوردی لەم جیهانیبوونە، بێبەش بێت.

کەواتە دژواریی باری سیاسی و رۆشنبیریی کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردووەتەسەر پرۆسەی (عالەمییەتی) ئەدەبی کوردی، ئەم قسەیەشمان مانای ئەوە نییە کە تێکرای دەقەکانی ئەدەبی کوردی شاکارو چڵەپۆپی داهێنانن و سیاسەت و مێژوو غەدری لێکردوون، نەخێر، بەڵام هێندە هەیە ئەدەبەکەمان چ کۆنی و چ نوێیەکەی، دەقی وای

تێدایە رووی مەجلیسی ئەدەبی میللەتانی دیکەی هەبێت، بەڵام دەلیڤەی ئامادەبوونی نێودەوڵەتیی بۆ نەرەخساوە.

لەسەرێکی دیکەشەوە، راست نییە لەسۆنگەی گرێی هەست بەکەمییکردن و پەرستنی رۆژئاواوە، هەرچی ئەدەبیاتی خۆمانە بە (هیچ)و هەموو بەرهەمی ئەوانیش بە (شاکار) بزانین، چونکە لەڕاستیدا رۆژئاواش بەو شێوەیە نییە.

پوختەی قسەکان ئەوەیە، ئەگەر مەبەستمان لەجیهانیبوون، ناسراوی و ناوبانگیی نێودەوڵەتی بێت، ئەوا دیارە ئەدەبی کوردی نەگەیشتووەتە ئەم پلەوپایەیە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە (جیهانیبوون) ئەو بنەماو ئەدگارە ئیستاتیکی و بەها مرۆییانەی دەق بێت، کەمۆرکێکی مرۆڤایەتییانەی بەرفراوانی هەیەو هەر ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییانەش – گەر دەرفەت هەبێت– رێگا بۆ بڵاوبوونەوەی لەئاستێکی جیهانیدا خۆش دەکەن، ئەوا بەم مانایە ئەدەبەکەمان چ کلاسیك و چ نوێ و چ هاوچەرخەکەی دەقی وای تێدایە، ئەم تایبەتمەدنییانەی لەخۆگرتبێت.

## پەراوێزەکان:

*بیرۆکەی ئەم نووسینەو ناونیشانەکەشی لەپرسیارێکی (د.مارف خەزنەدار)ەو سەرچاوەی گرتووە، پرسیارەکەشی لەمیانی ئەزموونی کۆتایی کۆرسی دووەمی خوێندنی دکتۆرا (٢٠٠٠-٢٠٠١) بوو، لەبابەتی (ئەدەبی بیانی)دا.

(١)أوستن وارین، رينيه ويلك، نظرية الأدب، ت: محى الدين صبحى، ص٦٠.

جێی ئاماژەیە زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) زاراوەیەکە لەلایەن (گۆتێ)وە داڕێژراوە.

(٢)د.جميل نصيف التكريتى، د.داود سلوم، الأدب المقارن، ص٢٦-٢٧.

(٣)الكساندر ديما، مبادئ علم الأدب المقارن، ت د.محمد يونس، ص١٧-٢١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٩.

(٥)د.جميل نصيف، د.داود سلوم، الأدب المقارن، ص٢٦.

**ئەم چەمکە جیاوازە لەچەمکی جیهانگەرایی ئەدەبی (العولمة الأدبية)، کە ئەمەیان زیاتر نزیکە لەچەمکی ئەدەبی جیهانی بەبۆچوونەکەی گۆتێ.

(٦) د.محمد غنيمى هلال، دور الأدب المقارن، ص٢٧.

(٧)هەمان سەرچاوە، ص٢٨.

(٨) د.جميل نصيف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

(٩)لاسلوكاردوش، الأدب العلمي مفهومه و قضاياه، ت: جودت بلال اسماعيل، مجله (الأدب المعاصر)، العدد (٢٢-٢٣)، ١٩٧٧، ص ٧-٩.

(١٠) د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل ١٠٢.

(١١) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(١٢)لاسلوکاردوش، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

***ئەوەتا لەسەدەی بیستویەکدا (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیتنیکی جۆراوجۆر) لەچوارچێوەی (زنجیرەی ئەو زمان و کلتوورانەی مەترسی لەناوچوونیان هەیە) کتێبێکی لەسەر شیعری کوردی بڵاوکردووەتەوە، بڕوانە: گۆڤاری (ئاینده)، ژ (٦٨)، ٢٠٠٦، ل٢٠٩.





**خۆشمدەوێن تۆو شیعرم هەر خۆشدەوێت**

**بەختیار کەریم**

**دەستی خۆم دەدەمە دەستی رێگایەک**

**محەمەد کوردۆ**

**تامی شیر خۆشە**

**ئاکۆ کەریم مەعروف**

**پێشانگا**

**عەبدولکەریم شێخانی**

# دەق



**شیعر**

# خۆشمدەوێن تۆو شیعرم هەر خۆشدەوێت

بەختیار کەریم

**خێڵی تۆ و خێڵی شیعر پێکەوە**
**فەتحی دەروازەکانی رۆحمیان کرد**
**ئیتر من بوومە کۆیلەی تۆ و بەندەی شیعر**
**خوێنی تۆ و خوێنی شیعر بەخەنجەری هەمان باوک**
**رژانە باخچەی زەردی بوونمەوە**
**ئیتر ئێوە لە خوێنی خۆتانا گەوزان و**
**من لە خوێنی ئێوەدا گیرام**
**کرامە کەنیزەکی تۆ و ژنی شیعر**
**دەستی تۆ و چنگی شیعر**
**لەهێکرا نرانە بینەقاقام**
**ئیتر تۆ بوویتە هەناسەم و**
**شیعریش خنکانم**
**ئای لە دەستی تۆ و شیعر**
**پێکەوە هاتن و پێکەوە ئۆغرتان فەر**
**ئیتر لەپاش سەفەرتان**
**دەستەوسانم لە جیاکردنەوەی شیعر لە تۆ و**
**تۆ و شیعر لە بوونم**
**ژیانی من جەنگێکە بۆ بوونە پنتی چوارەم**



له سێکوچکەی تۆ و شیعر و بوونم

هەناسەدانی من تێکۆشانێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەی سێیەم

له دووڕیانی تۆی هەناسە و خنکانی شیعرا

شیعر پێیوتم باشترین ڕێگا بۆ ئاشنابوون بە ئێمە

خەون بینینە

تۆ پێت وتم بۆ بەدیهاتنی خەونی گەیشتنت بە ئێمە

ئاسانترین ڕێگا لەخەو رابوونە

منیش لەنێوان خەون بینین و لەخەو رابوونا

لەنێوان حیکمەتی شیعر و دانایی تۆدا

تا بینەقاقام لە قوڕی گومڕایی چەقی



کەچی هەر خۆشم دەوێن

تۆ و شیعرم هەر خۆش دەوێن

نەک جارێک سەدان جاریش

له دەریادا نغرۆمکەن

له بیابانا بەتەنها جێمبێڵن

لە تەنهاییدا لەخۆتانم بێبەریکەن

له شەڕگەکاندا به خەنجەرەکانتان خەڵتانی خوێنم کەن

هەر خۆشم دەوێن

٢٠٠٦/١٠/٢٩

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند

# دەستی خۆم دەدەمە دەستی ڕێگایەک

محەمەد کوردۆ



لەم ڕۆژگارە ئاڵۆزەدا

کە لێوانلێوە لەپەستیی...

من دوای خەونێک کەوتووم

لەپڕ ونم دەکات

پاش ماندووبوونێکی زۆر

ڕێگایەک دەدۆزمەوەو

وەک منداڵێکی حەپەساو،

دەستی خۆم دەدەمە دەستی...

دەمبات و

دەمبات و

دەمبات

لەبەردەمی ژنێکدا دامدەنات

بەچاوی شەیدا و مەستی،

وەکو پاشایەکی تووڕە

فرمانم پێدەکات...

پێموایە پێمدەڵێت:

دەبێ هەر ئێستا هەستی...

بەرگی خەمناکیی فڕێدەیت،

لەگەڵ مندا،

شایی و هەڵپەڕکێ دابەستی...

ئای چەن خۆشە هەڵپەڕکێ لەگەڵ ژندا؟!

وای چەن خۆشە هەتا دنیا دنیایە

لە شایی و هەڵپەڕکێدا بیت

بۆ یەک چرکە چییە،

تەنها یەک چرکەیەک،

نەتوانی راوەستی...!!

خەونێک ونم دەکات

رێگایەک دەمدۆزێتەوەو

وەکو منداڵێکی ئاسوودە

دەستی خۆم دەدەمە دەستی...!!



**چیرۆک**

# تامی شیر خۆشە

ئاکۆ کەریم مەعروف

دوای دە ساڵ لەبیرچوونەوەی قسە، جارێکی تر گەڕایەوە بۆلای بەڕێوەبەری فەرمانگەکەیی و پێیوت، ئێستا دەتوانم لەجاران باشتر قسە بکەم، گەرچی زۆر شت لێرە گۆڕاوە.. هەست دەکەم لێرە دیوارەکانیش فێری زمانی خۆیان بوون، ئەمەش خاڵێکی هاوبەشە بۆ لێکتێگەیشتن لەنێوان ئێمەو ئەواندا.. پێمخۆشە تەختەو دارو کورسییەکانیش رۆژێك لەرۆژان بیر لەوەبکەنەوە کەسەردەمی بێدەنگی بەسەرچووە.. تۆ ببینە قەڵەمەکەی دەستت هەموو زمانەکانی دونیا دەزانێت، تەنانەت زمانی فریشتەو شەیتانەکانیش.

بەڕێوەبەر بێئەوەی گوێ بە قسەکانی فەمانبەرەکە بدات، کوپێك شیری بۆ ئەو پشیلەیە راگرتبوو، کەهەمان وێنەی ئەو پشیلەیە بەشێوەیەکی گەورە لەناو چوارچێوەیەکی زیویندا کە بە وردە شووشە رووکەشکرابوو لەسەر مێزەکە دانرابوو.

فەرمانبەرەکە پرسی، ئەو پشیلەیە خۆماڵییە وانییە، دەزانم زۆرت خۆشدەوێ..؟!.

بەڕێوەبەر دەستی بەسەروپشتی پشیلەکەدا دەهێنا.. جارجارە زەردەخەنەیەك دەیگرت.

فەرمانبەرەکە پێیوت، دڵنیام ئەم پشیلەیەش فێری قسە بووەو زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە. پاشان سەیرێکی پشیلەکەی کردو پێیوت، تامی شیر خۆشە..؟!. پشیلەکە مڕەیەکی بۆکرد وەك ئەوەی پێیبڵێ، کاتی قسە نییە..!. لەدوای کەمێك بێدەنگی فەرمانبەرەکە وتی، دونیایەکی سەیرە.. ئەو رۆژەی ئێرەم بەجێهێشت تەنها یەك کەس قسەی دەکرد، تەنها یەك کەس، هەموو قسەکانمان لەدڵی خۆماندا هەڵدەگرت، یاخوود باشترە بڵێم، بەدڵ قسەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد، بەڵام ئێستا..!.

زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، بەڕێوەبەر پشیلەکەی خستە باوەشی و کوپە شیرەکەی لەسەر مێزەکە دانا، روویکردە دیوارەکەو پشتی کردە فەرمانبەرەکە، بەتەنها وشەیەك

وەڵامیدایەوە، باشە..!، تەلەفۆنەکەی خستەوە شوێنی خۆیی و کوپە شیرەکەی بۆ پشیلەکە راگرت.

لەدوای کەمێك بێدەنگی لەدەرگای بەڕێوەبەر درا، لێدانی دەرگاکە توندبوو، بەشێوەیەك خەریك بوو کوپە شیرەکە بەدەستی بەڕێوەبەرەکەوە بڕژێت، منداڵێك هاتە ژوورەوەو بانگی پشیلەکەی کرد، پشیلەکە لەچاوتروکاندنێکدا رایکردە باوەشی منداڵەکەو بەیەکەوە چوونە دەرەوە، لەپەنجەرەی ژووری بەڕێوەبەرەوە هەردووکیانم بینی کە چۆن بە جووتە لەناو باخچەکەدا کە پڕبوو لەهێلانەی کۆتر یارییان دەکرد، بەڕێوەبەر سەیرێکی کردم و کوپە شیرەکەی خواردەوە. لەبەرخۆمەوە وتم، ئای بەدبەخت پشیلە، بەشەکەی تۆش خورا..!!. هەرچییەك بێت ئەو لەمن بەختەوەرترە، من بۆ ماوەی دە ساڵ هەرچییەکم لەدڵدا بوایە نەمدەتوانی دەریبڕم، ژیان بەبێ زمان کوشندەیە، ژیان بەبێ قسە دۆزەخێکە لەبێدەنگی، تۆ بیهێنەرە بەرچاوی خۆت برسیتە، تینووتە، برینداری، دەتەوێت خەونێکی ناخۆش بگێڕیتەوە، دەتەوێت بە پۆلیسێك بڵێیت من زمانم نییە لەبەر ئەوە پێناسەم پێنییەو هەڵیناگرم، تۆ ببینە خۆت بخەرە شوێنی من، لەبیرمە رۆژێکیان.. وابزانم بەیانییەکی رۆژی هەینی بوو، منداڵێك دەستی دایکی گرتبوو، بەرۆیشتنەکەیاندا دیاربوو کە دەچن بۆ سەرقەبران، ژنەکە لەمنداڵەکەی ئەداو ئەویش تەنها هاوارێکی بۆمن بوو، تاوەکو لەو ئازارە ساردە رزگاری بکەم کە بەو بەیانییە بەفر بە باوە دەباری، من هیچ شتێکم پێنەدەکرا، نەشمدەزانی چۆن ئەو ژنە تێبگەیەنم کە ئەو منداڵە بەرەو مەرگ مەبە، لەدوایانەوە دەرۆیشتم منداڵەکە دەیویست لەدەستی هەڵبێت، هیچی بۆ نەدەکرا، چونکە زنجیری کردبوو. ئەو شەوە هەردووکیان هاتنە خەونمەوە.. وەك دوو پەیکەری رووت بەناو تەپ و تۆزو باو بۆراندا رایاندەکرد، کەسیان بەکەسیان نەدەگەیشتن، ئەوەی لەنێوانیاندا مابووەوە تەنها هاوارێکی کپ بوو، کپتر لەوەی کە ماوەی دە ساڵ ئەم خەونەم لەدڵی خۆمدا هەڵگرتبوو، ئەوەتانێ بۆ تۆی دەگێڕمەوە، دەتوانی بۆ تەنها جارێك گوێم لێبگری..؟، گەر ناشتوانی رێگەم پێبدە بگەڕێمەوە بۆ بێدەنگییەکەی خۆم، بگەڕێمەوە بۆ دە ساڵ لەمەوپێش ئەو کاتەی کە لەژووره نهێنییەکەتدا، لەودیو ژوورەکانی ترەوە، هەمان ئەو ژنەم بینی کە لەو خەونەدا بینیبووم، شیری پشیلە

ماڵییەکەت دەڕژاند بەسەر جەستەیدا، تۆش بەزمان دەتلێستەوە، وەکو پشیلە کێوییەکان گازت لەمەمك و رانی دەگرت، لەوەدەچێت لەبیرت چووبێتەوە..؟!.

بەڕێوەبەر لەشوێنی خۆی هەستاو چووە دەرێ، لەپەنجەرەکەوە دەمبینی دەستی منداڵەکەی گرت و کوپێك شیری تری بۆ پشیلەکە راگرت، لەودیو باخچەکەشەوە هەمان ئەو ژنەم بینی کە دە ساڵ لەمەوبەر منداڵەکەی زنجیر کردبوو، ئەوەی مابووەوە تەنها من و چوار لای ژوورێك و دیوارێکی تاریك نەبێت کە نەیدەهێشت رووناکی قسەکانی خۆم ببینم و گوێم لەدەنگی خۆم بێ، منێك کە ئیتر دەبێت بیرلەوە بکەمەوە زمان و قسەیەکی ترم هەبێت، قسەیەك تەنها بۆ دڵی خۆم، هەر ئەویش هیچ دڵێکی تر نا.

ماوەیەك بەبێدەنگی لەشوێنی خۆمدا مامەوە، لەدوای کەمێك دەرگای ژوورەکەم کردەوەو چوومە دەرەوە، بەپلیکانەکاندا چوومە خوارەوە فەرمانبەرەکان لە ژوورەکانی خۆیاندا نووشتابوونەوە بەسەر لاپەڕە سپییەکاندا، سرووشتی ئەو شوێنە هەروایە، چەندە زیاتر لاپەڕە سپییەکان هەڵدەنەوە، دیوارەکان رەشتر دەبن، لەدوای دە ساڵ گەڕانەوەم، پاسەوانی بەر دەرگاکە وایپێوتم.

پلیکانەکانم بەجێهێشت، تاوەکو ئەگەر تەنها قسەیەکم ماوە بۆ پاسەوانەکەی بکەم، گەیشتمە بەردەرگا، کەسێکم نەبینی، بۆ ماوەیەك لە چاوەڕوانیدا مامەوە لەبەرخۆمەوە چەند قسەیەکم دەکرد کە خۆشم لێیتێنەدەگەیشتم، چەند قسەیەك وەك چۆن بەر لە دە ساڵ دکتۆرەکە پێیوتم، شێوەی شتەکان لای تۆ گۆڕاوە، ئەو گۆڕانەش دەربڕینی زمان و قسەکردن دەگۆڕێت. لەدوای ئەو سەردانەی دکتۆرەکەوە بڕیارمدا بۆ ماوەی دە ساڵ لە ژوورێکدا خۆم زیندانی بکەم، هەوڵبدەم لەو ژوورەدا دونیایەکی نوێ بدۆزمەوە کە لەدەرەوی ئەو ژوورەدا بەشێوەیەکی ترە، یاخود نییەو نەبینراوە.

ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ هەمان ژوور، بۆ هەمان بەر پەنجەرەو شوێنی نووستن، بۆ هەمان کلیل کە دڵنیام بۆ دە ساڵی تر دەرگای قسەکردنم لەسەر دادەخات.

# پێشانگا

عەبدولکەریم شێخانی

ئـەو پێـشانگایەی ئەمـساڵی قوتابخانـە، جیـا لـەپار، بایـەخێکی تایبـەتیت پێـدابوو بەتایبەتیش کە پێشانگای هاوبەشی چەند قەتابخانەیەکی ئـەو ناوچـەیەبوو، هـەوڵت دەدا کەقوتابخانەکەتان لەنێو هەمواندا بەرچاو و دیاربێت. پێـشانگاکەت بەشـێوەیەکی جـوان رازاندبۆوە، ئاخر دەتویـست لـەپاڵ ئـەوەی کـە دەریخـەیت هونەرمەنـدی و شـتی جوانـت لەدەست دێت، لەوەش زیاتر حەزت دەکرد کـە گەنجینـەی شـارراوەی بایـەخ پێنـەدراوی قوتابییـەکان بخەیتـەڕوو، بۆیـە هـەر زوو، لـەپاڵ وانـەکانی دیکـەدا بایـەخت بەوێنـە داو قوتابییە بەهرەدارەکانت دەستنیشانکرد.

ئەمساڵ زۆر دڵت خۆشبوو.. پێشانگاکەت پێکهێنا. وێنەکانی دەسـتکردی قوتابییـان، هەریەکەیان بەشی جیـای خۆییـت بـۆ دیـاریکردبوو.. بەتایبـەتیش وێنـە دەسـتکردەکانی (پەیڤین)ی پۆلی یەکەم کە زێدە لەوێنەکانی دیکە هەر یەکـەیان چوارچـێوەیەکی بـاریکی رەشت بۆ کردبوو، ئایا هەستی شەشەمت هیچی پێ وتبووی؟

کـە قوتابخانـە کرایـەوە منداڵـە پەپوولەئاسـاکان زۆر بەدڵخۆشـییەوە دەهـاتن بـۆ قوتابخانە، خۆ هەموویان بۆتۆ وەکو یـەك وابـوون.. بـەڵام لـەنێو هەموویانـدا (پـەیڤین)ی قژزەردی چاوشینت زیاتر کەوتە بەردڵ.

بـۆ؟ نازانیـت بـۆ، بـەڵام هەسـتت دەکـرد کـە شـتێك لـەو کـچە بـچکۆلەیەدا هەیـە، لەمنداڵەکانی دیکەدا نییە.

هەر لەڕۆژانی یەکەمەوە زیرەکی و وریایی ئـەو کـچۆڵەیە بـۆ مامۆسـتاکان دەرکـەوت.. لەهەموو وانەکاندا زۆر باش بوو، بەتایبەتیش لەوێنەدا. یەکـەمجار کـە چـاوت بەدەفتـەری وێنـەی کـەوت، واقـت ورمـا. بـاوەڕت نـەکرد ئـەو وێنانـە خـۆی کـردبنی، لێـی کەوتیتـە گومانەوە. زۆر باش لەبیرتە کە وێنەکانت بینی و سەرنجیان راکێشایت، پێت گوت:

–پەیڤین، کێ ئەم وێنانەی بۆ کردوویت؟

پەیڤین وەڵامی دایەوەو گوتی:

–مامۆستا خۆم کردوومن.

–بەڕاستتە؟

–بەو خوایە مامۆستا، کەس بۆی نەکردووم. هەر خۆم کردوومن.

–دەباشە، ئەگەر راستدەکەیت ئێستا وێنەیەکم بۆ بکە.

–وێنەی چی؟

–بەئارەزووی خۆت.

ئیدی ئەوەندەی پێنەچوو.. پەیڤین وێنەی چەند دارێك و جۆگە ئاوێکی دروستکرد.

باشت لەبیرە.. کە سەیرێکی دەست و پەنجەو وێنەکەیت کرد قەستی ئەوەت دەکرد بیخۆیت، قووتی بدەیت.. خۆشت نەتدەزانی چۆن خۆشەویستی خۆت بۆ ئەو گەوهەری ژێردەریایە دەربڕیت. بیرت لەوە دەکردەوە، ئاخۆ چەندان گەوهەری لەو جۆرە هەبن، دێن و دەڕۆن کەس پێیان نازانێت.

سەرێکت هەڵبڕی و سەیرێکی وێنەکانیت کرد. وێنەکەی ئەو رۆژە یەکێك بوو لەوێنەکانی پێشانگاکە.

ئیدی لەو رۆژەوە بایەخێکی تایبەتیت پێدەداو هانتدەداو دەستخۆشیت لێدەکرد، ئەویش رۆژ بەڕۆژ وێنەی جوانی دروستدەکردو دەیخستنەسەر خەرمانی وێنەکانی دیکەی.

بۆیە بڕیارت دا هەتا بۆت بکرێت، پێشانگایەکی سەرکەوتوو بکەیتەوەو بەشێکی جیاش بۆ پەیڤین دابنێت و هەموو جارێك دەتگوت: وابڕوات و ئەو کچە پشتگیریی بکرێت و هان بدرێت، لەدواڕۆژدا هونەرمەندێکی بێوێنەو ناوداری لێدەردەچێت.

لەڕۆژی کردنەوەی پێشانگاکە، منداڵەکان، بەتایبەتی ئەوانەی وێنەی دەستکردیان هەڵواسرابوو هەموویان لەوێ بوون و تۆش چاوت دەگێڕا.. بەڵام.

پێش کردنەوەی پێشانگاکە، لەکاتی رێکخستنیدا، پەیڤین وەکو سێبەرت وابوو، هەر بەدواتەوە بوو. خەریك بوو لەخۆشیاندا بفڕێت. دەتگوت پەپوولەیە بەدەورتدا دەهات و دەچوو و بەردەستیی دەکردیت.

دیسان چاوێکت هەڵبڕی و سەیرێکی وێنەکانت کردەوەو مەلی نیگات لەسەر وێنەیەك هەڵنیشت.. لەدامێنی وێنەکە کچێك بەجلی رەنگاوڕەنگەوە بەقەڵەمی منداڵێکی پۆلی

یەکەم کرابوو.. لەسەرەوە پەڵە هەورێك و لەناو پەڵـە هەورەکـەش (پـەیڤین) نووسـرابوو، هەندێك باڵندەش لای دارەکەو لەئاسمان دەرکەوتن.

لێـرەدا خـۆت بـۆ نـەگیراو چـەند دڵۆپێـك فرمێـسکی گەشـی مـرواری ئاسـا لەچـاوت سەربەرەوژێر بوونەوە بۆ ناو ریشە نەتاشراوەکەت و لەوێشەوە بۆ ناو سمێڵت تـا هەسـتت بەسوێری فرمێسکەکان کرد.

حەفتەیەك بەر لەئێستا، لەبەر سـەرقاڵیی خـۆت ئاگـات لەپـەیڤین بـڕاو ئـەو بـۆ خـۆی گەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوە.. بـەڵام ئۆتـۆمبیلێکی خێـرا لێـی دا. کـە هەواڵەکـەیان بـۆ هێنـایـت وەختبوو لەتاواندا شێت ببیت. کە چوویت چیت بینی؟! لاشەی بێگیانی پەیڤین لەو نـاوە کەوتبوو و کتێب و دەفتەرو جانتاکەشی خەڵتانی خوێن بوو بوون.



# دیدار





## دیدار لەگەڵ بەختیار عەلی

ئا/ حەمە کاکە ڕەش

## دیدار لەگەڵ ئاراس فەتاح

ئا/ سەمەد ئەحمەد

## دیدار لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسور

ئا/نەورۆز جەمال



# دیدار لەگەڵ بەختیار عەلی



**بەختیار عەلی:**

**سودی چییە یادی ئەنفال بکەیتەوە، بێئەوەی رەخنەیەکی قووڵ لەو جیهانە بگریت کە ئەنفالی دروستکردووە !**

**دەستپێک**

دیداری: حەمە کاکەرەش

لە بەرامبەر کارەساتی ئەنفالدا هەرچییەك بکرێت کەمە، کەم بەو مانایەی لەهیچ کتێب و مۆسیقاو شیعرو چیرۆك و شانۆو رۆمانێکدا جێگای هەڵوەرینی رۆحی ئەو هەموو ئینسانەی کورد نابێتەوە، من دەزانم زریکەی منداڵ قیژەی ژن ئاهو حەسرەتی پیرەمێرد ئەمانە نانووسرێنەوەو رەسم ناکرێن بەهیچ ئامێرێك نا ژەنرێن، بەڵام خیتابی دووبارەو سوواوی حزبەکان و بەناو رۆشنبیرەکانی حزب زۆر لەوە لاوازترن بتوانن قسە لەسەر ئەنفال بکەن، هەر ئەم لاوازی و بێتوانایی قسەکردن و نەبوونی زمانی دەربڕینەیە لای

حزبەکان وایکردووە یادکردنەوەی ساڵانەی ئەنفال لەدۆخێکی ساردوسڕو مردوودا قەتیس بکرێت.

قەتیس بوونی یادکردنەوەی ساڵانە لەو دۆخەداو نەبوونی قسەو گوتارێکی هەستیارو قووڵ وای لێکردم بیر لەوە بکەمەوە لەپرۆژەی کتێبێك دا چەند رۆشنبیرێکی دیاری کورد بدوێنم تا وەڵامەکانیان کتێبێك بێت بۆ مێژوو، بۆئەوەی بە رۆشنبیرییەکی هەستیارو رامانێکی ئینسانییەوە کە زۆر دوورە لەشیعاراتی حزب و یادکردنەوەی مردووی ساڵانە خوێندنەوەکانی خۆیان لەزۆر رووەوە لەسەر ئەنفال بخەنە روو، تا هێندەی تر ئەو بۆشاییە مردووەی نێوان رۆشنبیرانی کورد و عەقڵی حزب و دەسەڵاتداری کوردی بخرێتە روو، بۆئەوەی روونتریش ئەو خەمساردی و نەکردەییانە بخرێنە روو کە سەبارەت بەکارەساتێکی تراژیدی وەك ئەنفال هەیە.

تەمەنا دەکەم ئەم سەرنجانەی کە لەم گفتوگۆیانەدا خراونەتە روو ببنە هۆی کارکردنی بەپەلەی زیاتر و کارامەتر سەبارەت بەئەنفال.

ئەم دیدارە لەگەڵ بەختیار عەلی بەشێکە لەو کتێبە لەسەر ئەنفال

**پرسیار/ ئەگەر بهاتایە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا روویندایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، هەم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دونیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپی؟**

بەختیارعەلی: بایەخنەدان بەکارەسات و بیرچوونەوەی بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤە. مرۆڤایەتی کەمجار کارەساتە گەورەکانی مێژووی خۆی بیردەمێنێت. ئەو کۆمەڵگایانەی مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ توندوتیژیدا هەیە، یادەوەرییەکی لاوازتریان لەکۆمەڵگاکانی دیکە هەیە. یەکێك لەئامانجە گەورەکانی مۆدێرنە، ئەوەبوو کۆمەڵگا لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی تازە دابمەزرێنێت، بەڵام هەر خودی مۆدێرنە ئەو ئەگەرەی هێنایە مەیدان کۆمەڵگایەك سەرهەڵبدات بەکەرەستە جەنگییەکانی مۆدێرنە پڕچەك بێت و بەرەوشت عەقڵیش نوقمی کۆنخوازی و ترادسیۆن پەرستی بێت. ئەم ئەگەرە وایکرد لەنێوان مۆدێرنەی زانستی و مۆدێرنەی ئەخلاقیدا پردەکان برووخێن و لەمپەرەکان گەورەبن. گەشەی شێتانەی زانست و بازرگانی وادەکەن زیرەکی زانستی مرۆڤ وەك

زیرەکی ئەخلاقییانەی نەبێت. کاتێك مۆدێرنە کورتدەبێتـەوە بـۆ مۆدێرنەیـەکی زانستی و دیوە ئەخلاقییەکـەی خـۆی دەدۆڕێنێت، ئیـدی کۆمـەڵێك مـۆدێلی ترسـناکی حـوکمکردن بەرهەمدێت، کۆمەڵێك مۆدێل لەوێنەی دەوڵەتی نازی و سـتالینی و بەعسی. بـەبڕوای مـن رووبـەرێکی گـەورەی ئیـسلامی سیاسـی هاوچـەرخیش لەسـەر هـەمان هێڵـی فاشـی دەجولێتەوە. بەعس دەوڵەتێکی بەدەوی بـوو کـە خـۆی فێـری فڕۆکـە لێخـوڕین کردبـوو، دەولـەتێك بەئـەخلاقیاتی خێڵێکـی سـەرەتاییەوە، بـەلام خـاوەنی دواهـەمین و نـوێترین شێوەی چەك بوو. دەبێت بزانین کە ململانێی هەرە گەورەی ئێستای دونیـا لـەنێوان ئـەم دوو رەهەندەدایـە، دەوڵەتگـەلێك کـە دەیانـەوێت سـوود لـەڕووە زانـستییەکەی مۆدێرنـە ببینن، بێئەوەی رەهەنـدە کـەلتووری و ئەخلاقییەکـەی قەبووڵبکـەن. بـۆ نمونـە.. ئێـران دەیەوێت خاوەنی چەکی ئەتۆم بێت، هەموو جۆرە تەکنۆلۆژیایـەکی مـۆدێرن بێـت، بـەلام مل بۆ هیچ جـۆرە کرانەوەیـەکی ئـەخلاقی و فیکـری نـەدات. لێـرەوە شارسـتانێتی دیـنی خۆرهەلاتی لەناوەورا تووشی کەرتبوونێکی کوشندە هاتووە، فاشیزمی بەعس سەرەتای مـۆدێلی یەکـەمی ئـەو فاشـیزمە دینییـەی ئـەمڕۆ بـوو. خـودی فاشـیزمی دینـیش لەسـەر بنەمایـەکی گـەورە و بنـەڕەتی دامـەزراوە کـە جیاکردنـەوەی مۆدێرنـەی زانـستییە لەمۆدێرنەی ئەخلاقی. لەئەخلاقیاتی بەدەویدا، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی گشتی و چوونیەك بوونی نییە، مرۆڤ بوونەوەرێکە تەنیا لەناو قەبیلە و عەشرەتدا مانای هەیـە. ئینـسان وەك مەخلوقێکی سەربەخۆ، تـەنیا بـەهای خـۆی لەخۆیـەوە وەرناگرێـت لەلـەدایك نەبوونـەوە. مرۆڤ لەکەلتووری ئێمەدا بۆ سـاتێکیش لـەبیردا نـەبووە، تـا لـەوە سـەرمان بـسوڕمێت بـۆ لەیادچۆتەوە. ئـەنفال درێژکراوەی کـەلتووری لەیادچوونەوەی ئینـسانە. لەڕاسـتیدا زۆر قووڵ بڕوانین شتێك نییە ناوی لەبیرکردنی ئەنفال بێت، شـتێك نییـە نـاوی بێـدەنگ بـوون بێـت دەرهـەق بەئـەنفال، بـەڵکو شـتێکی گـشتیتر هەیـە نـاوی بیرچـوونەوەی ئینـسانە. لەهەرجێگایەکدا مرۆڤ وەك مانایەکی سەربەخۆ و بەهایەکی سـەربەخۆ لـەدایك نـەبووبێت، هەستکردن بەکارەسـات لـەدایك نابێـت. لـەبیرکردنی ئـەنفال قـووڵ پـەیوەنـدی بەچـەمکی یادەوەرییەوە هەیە. لەکەلتووری ئێمەدا دەبێت سێ جۆر یادەوەری جیابکەینەوە: یەکەم یـادەوەری دینییـە. دووەم: یـادەوەری نەتەوەییـە. سـێیەم: یادەوەرییـەکی گـشتی مرۆڤانەیە. یادەوەری دینی ئەو بەشـەیە لـەیادەوەری کـە کـەلتووری دیـنی و رەمزەکـانی

دەپارێزێت، یادەوەرییەکە لەسەدەی بیستدا بەجۆرێکی ترسناك لاواز دەبێت. بەحوکمی ئەوەی ئەنفال هەڵگری هەندێك سمبولی دینیشە، ئەم بەشە لەیادەوەری لەمەسەلەی ئەنفالدا چالاك نەبوو. ئەوەی ئەنفالی پاراستوەو هەڵیگرتووە یادەوەری ناسیونالیستی ئێمەیە. کێشەکە ئەوەیە رەهەندە ئینسانییەکانی ئەم یادەوەرییە ناسیونالیستییە زۆر لاوازە، هەرکات ئەم یادەوەرییە باس لەکوشتن و قڕانکردن دەکات بۆ دەستکەوتێکی حزبی و سیاسی دەگەڕێت، ئیدی قوولکردنەوەی رەهەندە ئینسانییەکانی بۆ گرنگ نییە. راستە ئەنفال کێشەیەکی ناسیونالیستی و سیاسییە، بەڵام بۆئەوەی بمێنێتەوە و بژی و هەمیشە زیندوو بێت، دەبێت ببێت بەکێشەیەکی ئینسانی، دەبێت ببێتە دەینەمۆو بزوێنەری سەرەکی پێناسەکردنەوەی مرۆڤ و ئازادیی. بەمانایەکی تر گرنگی ئەنفال لەوەدا نییە کە وەك مانا و دەلالەت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیستمی ئەخلاقی عەرەبی هەیە، ئەوە نییە کە دین وەك پانتاییەکی مێژوویی دەخاتە ژێر گومانەوە، چونکە قووڵبوونەوە لەئەنفالدا کۆی پێکهات و ستراکتوری سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای کوردیی خۆشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ ئەوەی بتوانین حورمەتی ئەنفال بپارێزین دەبێت لەکەلتوورێکی دینی چەپێنەرەوە، لەکەلتوورێکی ناسیونالیستی کورتبینەوە کەڕێزی نەتەوەی لەسەر حیسابی رێزی مرۆڤ بونیادناوە، بپەڕێینەوە بۆ جۆرێك لەناسیونالیزم کە رێزی نەتەوە بە رێزی مرۆڤ دەپێوێت، نەوەك رێزی مرۆڤ بە رێزی نەتەوە بپێوێت. تا ئەو جێگایەی مرۆڤ تێیدا وەك جەوهەری هەموو شتێك و وەك بەهایەکی راستەقینە و باڵا تەماشاناکرێت، ئەنفال وەك تراژیدیایەکی ئینسانی گەورە رەهەندە راستەقینەکانی خۆی وەرناگرێت. لێرەوە مەسەلەی بێدەنگیکردن لەئەنفال تەنیا پابەندی ئیسلام نییە، بەڵکو پابەندی کۆی ستراکتوری سیاسی و ئەخلاقی ئێمەیە. بەواتایەکی تر بایەخنەدان بەمجۆرە تاوانە ترسناکانە ریشەی جۆراوجۆرو جیاوازی هەیە.ئێمەی کورد لەبەر کۆمەڵێك هۆی تایبەت لەبیریدەبەینەوە، عەرەب و موسوڵمانان لەبەرهۆی تر. خۆرئاواش لەبەر هۆی دیکە. باوەڕم بەوە نییە هەموو شتەکان بۆ باڵادەستی ئیسلام بگێڕینەوە، ئیسلام بەشێکە لەهۆکانی روودانی ئەنفال و بیرچوونەوەی دیوە زەقەکەیەتی، ئەو دیوەیەتی کە زیاتر دەبینرێت و پتر سەر ئاو کەوتووە، بەڵام لەژێرەوەرا هۆکاری زۆر هەیە کە کۆمەکی یادچوونەوە دەکەن. دەبێت بشزانین، جگە لەهۆکاری لەدایك نەبوونی ئینسان وەك

فەردێکی ئازدو سەربەخۆ، هۆکاری دیکەش هەیە، ویـژدانی ئـادەمیزاد هەمیـشە کۆمـەڵێك تـەمتومانی نەتـەوەیی و رەگەزگـەرا گرتـوێتی، هەمیـشە پـەردەیـەکی سیاسـی رەش ئـەم ویژدانـە لەئیلتیزاماتـە مرۆڤانەکـەی دوردەخاتـەوە، دوای تێپـەڕینی پـتر لەنـەوەد سـاڵ تورکـەکان تـا ئێـستا نایانـەوێت دان بـە رەشـەکوژی ئەرمەنەکانـدا بنـێن، هەنـدێك لەئەوروپییەکان ناچنە ژێربـاری تاوانـەکانی سـەردەمی کۆلۆنیـالی، زۆر لەئەمریکییـەکان دەرهەق بەقڕانی هیندییـە سـوورەکان و تاوانـەکانیان دەرهـەق بەڕەشپێـستان بێدەنگن. پێدەچێت مـرۆڤ بـەر لـەوەی مـرۆڤ بێـت حـەیوانێکی سیاسـی بێـت، حـەیوانێك رەهەنـدە مرۆڤانـەکانی خـۆی بـۆ ئامـانج و مەبەسـتی سیاسـی زۆر چـکۆلانە و کەمبـەها فرۆشـتوە. ئـەوەی ئێـستا گـوێی لەکەسـانی وەك سـەدام حوسـەین و عـەلی کیمیـاوی بێـت کاتێـك لەبەردەم دادگا قسەدەکەن باشتر تێدەگات، کە سەروکاری لەگەڵ ئینـساندا نییـە، بـەڵکو سەروکاری لەگەڵ کۆمەڵێك ئامێردی سیاسیدایە. ئەم سەردەمە سەردەمی مردنـی مـرۆڤ و لەدایکبوونی ئامێردی سیاسییە. ئەم ئـامێردە لەهـەموو شـوێنێکەوە سـەردەردەهێنێت و کۆی ژیان و کۆی کۆمەڵگاکان و کۆی کـەلتوورەکانی داگیرکـردووە. ئـەم ئـامێردە مرۆڤـی بـەلاوە گـرنگ نییـە، بـەڵکو ژیـان و بـوونی بـۆ کۆمـەڵێك رەهەنـدی سیاسـی رووت کورتکردۆتەوە. ئەوانەی ئەمڕۆ لەعێراق خۆیان دەتەقێننـەوە مـرۆڤ نـین، بـەڵکو کۆمـەڵێك ئامێردی سیاسین. کۆمـەڵێك ماشـێنی دینی و رامیـارین کـە پـەیوەندییـەکیان بەمرۆڤـەوە نـەماوە. ئـەمڕۆ ئێمـە لەجیهانێکـدا دەژیـن سیاسـەت و دیـن و تـەکنۆلۆژیا پێکـەوە ئـەم ئـامێردە گـەورە دەکـەن و وزەی دەدەنـێ، ئـەنفال ئیـشی ئـەم ئـامێردە سیاسـییەیە. بیربردنەوەشی هەر ئیشی ئەو ئامێردەیە.

**پرسیار: ئەوهۆکارانە چین کە ئەنفال لەهۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کـە تـەنها لەیادکردنـەوەی سـەر پێیانـەی سـاڵانەدا قەتیـسبووە، دەگوازێتەوە بـۆ هوشـیارییەکی کـەلتووری، لـەو بێدەنگییـەی کـە خـاوەنی قسە نییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بەدەنگی بەرز. هەروەها ئـەم بێدەنگییـە چـەند پەیوەنـدی بـەکورد خۆیـەوە هەیـە، هـەم لەئاسـتی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

بەختیارعەلی: ڕۆشنبیرییەکی لاوازی وەك ڕۆشنبیری کوردی ناتوانێت ئەنفال بکاتە دیاردەیەکی کەلتووری.

بۆ ئەوەی ئەنفال لەدیاردەیەکی سیاسی رووتەوە ببێتە دیاردەیەکی ئامادە لەفەزای هۆشیاریی و بیرکردنەوەدا، دەبێت کەرەستەکانی ئەو ئامادەکردن و زیندوو ڕاگرتنەمان هەبێت. ڕۆشنبیرییەکی مردوو، کەلتوورێك کە توانایەکی ڕاستەقینەی تەعبیر لەخۆکردنی نییە، کەلتوورێك تا ڕادەیەکی زۆر هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی تێیدا لاوازە، هەستی ستاتیکی و فەلسەفی گەشەی نەکردوە، لەعەقڵییەتی پرسەوە ناتوانێت بگوازێتەوە بۆ مامەڵەیەکی عەقڵی و فیکری. پرسە سەرەتاییترین جۆری مامەڵەکردنە لەگەڵ تراژیدیادا، بەڵام گۆڕینی تراژیدیا بۆ جۆرە ساتەوەختێکی ڕەخنەیی قووڵ دژ بەکۆی ئەو ستراکتورەی تراژیدیای دروستکردوە، پرۆسەیەکی سەختە. تراژیدیا کاتێك مانای هەیە کە لەئازارەوە بگوازرێتەوە بۆ هوشیاری، بۆ دادگایکردنێکی گەورەی دونیا، بۆ پەنتی وەرچەرخان لەتەماشاکردنی شتەکاندا. پاراستنی تراژیدیا لەپێناوی خودی تراژیدیادا نییە، لەپێناوی شتێکی دیکەدایە، لەپێناوی پشکنینی مرۆڤدایە بۆ ئینسانییەتی خۆی. کە تراژیدیا بوو بەگریانی نەتەوە بەسەر چارەنوسی خۆیدا، بێئەوەی بووبێتە گریانی مرۆڤ بەسەر ماهییەت و مانای خۆیدا، ئیدی ناتوانێت ڕۆڵێك لەگێڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤدا ببینێت. مەسەلەی بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز دەربارەی ئەنفال، واتە بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز دەربارەی هەر شتێك پەیوەندی بەبێنرخبوونی مرۆڤەوە هەیە.

دەبێت مایەی نرخدانان لەسەرمرۆڤی مردوو، بە نرخدانان لەسەرمرۆڤی زیندوو بشکێتەوە. بیرکردنەوە لەئەنفال دەبێت پرۆسەی یادکردنەوەی مردووەکان و بەنرخکردنی مرۆڤە زیندووەکان بێت. بەکورتی دەبێت هەوێنی لەدایکبوونی جۆرە پەیوەندییەکی تازەبێت لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا. مرۆڤ لەپرسەدا خۆشەویستی خۆی بۆ مردووەکان ئاشکرادەکات، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لەدونیای ئێمەدا جۆرێکە لە ڕۆتینی ترادسیونی، جۆرێکە لەیادکردنەوەی خاڵی لەهەست و نەستی ڕاستەقینە. یادی ئەنفال واتە بیرکردنەوەیەکی دی لەستراکتوری شتەکان. ئەنفال بەبۆچوونی من شتێك نییە پەیوەندییەکی قووڵی بەستراکتوری کۆمەڵگای کوردی خۆیەوە نەبێت. یاخود بەرهەمی تاك و تاقانەی فاشییەتی عەرەبی بێت، یان بەرهەمی ئەو هێزە خۆفرۆش و خائینانەی

دونیای کورد بێت، کە قازانجی بچوکی خۆیان لەسەروو قازانجی نەتەوەوە دادەنێن. من پێموایە ئەنفال پەیوەندییەکی زۆری بەخودی ناسیونالیزمی کوردیشەوە هەیە. ئەم ناسیونالیزمە ساڵەهای ساڵە مرۆڤ بۆ مەرگ ئامادە دەکات، کەلتووری ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ مردن، رۆحی ئەم ناسیونالیزمەیە. لەناوی پێشمەرگەوە بیگرە، تا دەگاتە کۆی دروشمە بنەڕەتییەکانی حزبە کوردییەکان، پێکڕا ئەم رۆحی مردنە دەیانبات بەڕێوە. کە ئەمڕۆ دەبیستین سەرۆکە کوردەکان بەردەوام دەڵێن: ئێمە بەخوێن هاتووین پتر ئەو مەرگدۆستییەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە شەرعییەتی سیاسی کوردی لەسەر وەستاوە. ئەوە تەنیا فاشییەتی عەرەبی نییە کە بەیاسای، شەرعییەتی خوێن ئیشدەکات، بەڵکو ئەوە جەوهەری پرۆسەی سیاسیشە لەکوردستان. هەتا هەڵبژاردن لەکوردستان، هیچ نییە جگە لەپێداگرتنەوە لەسەر شەرعییەتی خوێن، هەرکات لەنێوان شەرعییەتی ماف و شەرعییەتی خوێندا ببێتە ململانێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە شەرعییەتی خوێن دەیباتەوە. هەرکات سەرۆك و سیاسییەکانی ئێمە ماف خەڵك پێشێلدەکەن، دەگەڕێنەوە بۆ حیکایەتەکانی شەرعییەتی وەدەستهاتوو لەڕێگای خوێنەوە. بەشێکی گرنگی میکانیزمی کارکردنی ئەمجۆرە لەناسیونالیزم، ئەوەیە مرۆڤ بۆ مردن ئامادەبکات. لێرەوە پیشەسازی مردن پیشەسازییەکی هاوبەشی ستراکتوری سیاسی فاشییەتی عەرەبی و زیهنییەتی سیاسی کوردییە، بەڵام مردن لەم هاوکێشەیەدا لەکالآیەك دەچێت کە هەریەکەو وەزیفەیەکی پێدەبەخشێت. مردن لای فاشییەتی عەرەبی، کەرەستەی قڕانکردن و وێرانکردنی نەژادییە، بەڵام لای کورد مەجازی زیندوێتی و توانای فیداکاری و خۆبەختکردنە. لێرەوە مردن بەشێکی گرنگ و سەرنج راکێش دەبێت، مایەی سەراسیمەبوون و سەرسوڕمان بێت، بەڵام ئەنفال نەبۆتە شتێك خەیاڵی سیاسی کوردی تووشی شۆك بکات، چونکە مردن شتێك نییە عەقڵی سیاسی ئێمە رابچڵەکێنێت یان سەراسیمەیبکات. کوشتن یان خۆبەختکردن ئەوە جەوهەری ئەخلاقیاتی سیاسەتی کوردیشە، لێرەوە مۆراڵێك خۆی لەسەر ستایشی مردن دروستبووبێت، مردن تووشی راچەنینی ناکات. ئەوەی ئەنفالی گۆڕیوە بۆ مەسەلەیەکی مرۆڤانەو گرنگ سیاسییەکان نین، بەڵکو ویژدانێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری نوێیە کە لەسەر رەخنەگرتن لەم دروستبووە.

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین. بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژویی لەیادەوەری ئینسانی کورددا بەچەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردن بێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدوا ڕۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

بەختیارعەلی: خۆشبەختانە تەنیا سیاسەت یادەوەری نەتەوە نانوسێتەوە. سیاسییەکانی ئێمە تا ئەندازەیەکی زۆر لەنوسینەوەو تۆمارکردنی مێژوودا بڕواو (مصداقیە)تیان نەماوە. ئەم سیاسیانەی ئەمڕۆ لەکوردستان حاکمن مێژووی کورد و ئازارەکانی خەڵکی کورد تەنیا بۆ بەهێزکردنی چنگۆڵەی سیاسیی خۆیان بەکاردەهێنن. لاوازی ئەم ئیدارەیە لەلاوازی ئەدای کوردیدا لەدادگاییەکانی ئەنفالدا دەردەکەوێت. ئیدارەیەك نەتوانێت پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە دەبێت وەرگێڕێك لەهۆڵەکەدا بێت زمانی کوردی و عەرەبی باش بزانێت، بەرپرسیارە لەگۆڕینی ئەنفالدا لەتراژیدیاوە بۆ کێشەیەك کە نرخە راستەقینەو بەها ئینسانییە روونەکەی دەرناکەوێت. میللەتێك نەتوانێت لەگەورەترین و گرنگترین پرۆسەی دادگاییکردنی مێژووی خۆرهەڵاتدا دوو وەرگێڕی زمانزان و دوو پارێزەری بەسەلیقەو کارامە بنێرێتە ژوورێ، ناتوانێت رەهەندێکی ئەبەدی و جیهانی بداتە تراژیدیای خۆی. مەسەلەکە مەسەلەی پێشنیار نییە، بەڵکو مەسەلەکە گرێدراوی توانای نەتەوەیەکە بۆ خۆ رزگارکردن لەلاڵی و ئیفلیجی و بیرنەکردنەوە، بەرەو تەعبیر و ئیرادە و عەقلانییەت. جۆرێك لەمردنی ناوەکی و نهێنی لەهەناوی مرۆڤی ئێمەدا نیشتووە، مردنێك وادەکات مرۆڤی ئێمە توانای گۆڕینی نەبێت، مێگەلمەیل بێت، لەوانی دی بترسێت، فێری زمان نەبێت، فێری زانستەکان نەبێت، زانکۆکانی شوێنی دواکەوتنی زانست و عەقڵ بن، توانای تەعبیری نەبێت، بەکەم رازی بێت و لەگەورەیی سڵبکاتەوە. خودی ئەمجۆرە سایکۆلۆژییەت و پێکهاتە زەینییە ناتوانێت ئەنفال بگۆڕێت بۆ شتێکی گرنگ. کە زمان ئامادەنەبێت چۆن ئەنفال بگۆڕێت بۆ شتێکی مەزن؟ کە رۆحی داڕشتنی هۆنەرێکی گەورە ئامادەنەبێت، بەچی ئەنفال بکەین بەبابەتێکی جاویدان و ئەبەدی؟ پێشنیار واتە پێشکەشکردنی هەندێك رێنمایی لەسنووری ئیشکردن و لەچوارچێوەی تواناکانی ئێستادا، بەڵام لەو باوەڕەدام ئێستای ئێمە هێزێکی ئەوتۆی تێدا نییە ئەنفال لە رووە ئینسانییە گەورەکەیدا ببینێت. لێرەوە سەختە ئەنفال لەڕۆحی پرسە دووربخەینەوە

و بیگـۆڕین بـۆ وزەو هێـزی داهێنــان. یـادەوەری ئێمــە، یادەوەرییــەکی پرســەگێڕە، یادکردنەوە لەلای ئێمـە لەفـەزای پرسـە تێناپـەڕێت... ئـەنفال وەك پرسـە، وەك یـادێکی تراژیدی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەنفال وەك هێزێکی بزوێن بۆ سەرهەڵدانی سـەردەمێکی دی، وەك سەرەتای سەرهەڵدانی دیدگایـەکی تـر بـۆ ژیـان ئـەوەیان لـەتوانای ئێـستای کـورددا نییە. یادکردنەوەی ئەنفال ئەوە نییە، شەهیدەکانی ئەنفال و قوربانییەکانی لەیادنەکەین، بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەدا لەیادنەکەین، ڕێزی ژیان و ڕێزی ماف و ڕێزی ئـازادی لەبیرنەبەینـەوە. دابەشـکردنی کۆمـەڵگا بـۆ دوو کـەرت، کـەرتی دوژمـن و کـەرتی دۆسـت هەڵوەشێنین، عەقڵییەتی چەپاندن و بێدەنگکردن بخەینـەلاوە. یادنـەکردنی ئـەنفال واتـە یادنەکردنی ئەو سیستمە سیاسی وعەقڵییەتە سیاسییەی ئەنفالی دروسـتکردوە. سـوودی چییە یادی ئەنفال بکەیتەوە، بێئەوەی ڕەخنەیەکی قووڵ لەو جیهانە بگریـت کـە ئـەنفالی دروستکردوە. یادکردنەوەی ئەنفال نابێت تەنیا یادکردنەوەی تاوانێکی گەورە بێت، بەڵکو دەبێت لەپشتییەوە هەڵوێستێکی فەلسەفی بەرامبەر چەمکی سیاسەت و مرۆڤ و دەسـەڵات ئامادەبێت.

**پرسـیار: ئایـا ئـەدەبی کـوردی بەتەعریفـە جیاوازەکـانیی ئێـوەوە بـۆ ئەدەب، چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوەدا لەئەنفال؟**

بەختیارعەلی: ئـەو جـۆرە لەواقعییـەتی سـەتحی کـە لەشەسـت و حەفتاکانـدا دونیـای ئێمەی گرتەوە، ئەدەبیاتی کـوردی بەڕێبەسـتێکی ترسـناك گەیانـد. واقعییـەتی ئێمـە نـە واقعییەتی سۆسیالیستی بوو، نە واقعییەتی ڕەخنەگرانـە، بـەڵکو واقعییـەتی کاریکـاتۆری بوو. خودی ئەم واقیعییەتە کە تا ئێستا فـەزای ئـەدەبیاتی ئێمـەی بەرنـەداوە، نیـشانەی مردنی زمان و مردنی نیگار و باڵادەستی ئایدۆلۆژیایە. ئەدەبی ئێمـە سـەردەمانێکی درێـژ مرۆڤـی فەرامۆشـکرد، خـەیاڵی کـردە دەرێ و واقیعـی بـۆ وێنەیـەکی سـەرەتایی و سـادە کـورتکردەوە. مامەڵـەکردن لەگـەڵ تراژیدیایــەکی گـەورەی وەك ئەنفالــدا، پێویـستی بەڕوانینێکی دیکە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و ئەدەب هەیە. واقعییەتی کاریکاتۆری لەوێناکردنی تراژیدیا بچوکەکان و وێنەگرتنی دیمەنـە ئاسـاییەکاندا نوشوسـتی هێنـا، نـەیتوانی ئـازارە بچوکەکانی نەتەوەو غەمـە سـادەکانی ئینـسان بەرجەسـتەبکات، ئێـستا چـۆن دەتوانێـت ئـازارە گـەورەکان تۆماربکـات. ئـەمجۆرە واقیعییەتـە نەوەیـەکی لەنوسـەران بەرهـەمهێنا ناتوانن دونیـا لەقووڵایـدا و خـەیاڵ لەبێـسنوریدا بـژین. ئـەدەب چـەند باسـی سیاسـەت و

نەتەوەو مێژوو بکات، دواجار لەجەوهەردا وەزیفەکەی ئەوەیە باسی مرۆڤ بکات، نەوەك باسی چین و نەتەوەو مێژوو، هەر ئەدەبێکیش نەیتوانی مرۆڤ وەك بوونەوەرێك لەجەنگی چارەنوسی خوێدا وێنابکات ئەدەبێکی بێبایەخە. بەڵام ئەدەبی واقیعی ئێمە وەك کۆی کەلتووری کوردی شتێکی دەربارەی مرۆڤ پێنییە، لەباشترین حاڵدا دەتوانێت پرسە بۆ مردوەکان بگێڕێت، ئێمە بەرامبەر چەمکی (کۆمەڵگای پرسە) دەتوانین قسە لەسەر (ئەدەبیاتی پرسە)ش بکەین، بەکورتی راموایە ئەدەبیاتێك نەتوانێت قوول قسە لەسەر مرۆڤ و جوانی بکات، ناتوانێت قسە لەسەر ئەنفالیش بکات. گەر قسەشی کرد لەلاواندنەوە و گریەکاری بەولاوە هیچی دیمان پێشکەشناکات.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی رۆشنبیری وایە کە بتوانێت لەبری تۆڵە خۆی بکات بەهێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لەپیشاندانی؟**

بەختیارعەلی: بەهێزکردنی رۆحی لێبوردن، وەزیفەیەکی سیاسی رۆشنبیری هاوبەشە. هەر بانگەوازێکی سیاسی بۆ لێبوردن، بەبێ زەمینەیەکی فیکری و ئەخلاقی پتەو، بەنوشوست کۆتاییدێت. هەرپرۆژەیەکی فیکری و کەلتوریش بۆ لێبوردن گەر لە سیاسەتدا رەنگنەداتەوە، بەدڵنیاییەوە لەسنووری تێزی تیورییەوە ناگوازرێتەوە بۆ ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی . لێبوردن یەکێکە لەو جەمسەرە گرنگانەی کە تێیدا ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی فیکری دەبێت شانبەشانی یەك کاربکەن. دیارە رۆشنبیران بەر لەهەر گروهێکی دی، مانا فیکری و ئەخلاقییەکانی لێبوردن دەدۆزنەوە. دین و سیاسەت ئەمرۆ بەجۆرێکی کوشندە هەموو ئەگەرێکی پێکەوەژیانیان لەهەرێمی ئێمەدا کوشتوە. رۆژ دوای رۆژ دین لەلێبوردن دووردەکەوێتەوە. ئەمرۆ دینگەرایی شوێنی رەگەزگەرایی گرتۆتەوە. فاشییەتی سەدەی بیست ریشەکانی دەچووەوە سەر راسیزم، بەڵام فاشییەتی هاوچەرخ ریشەکانی دەچنەوە سەر دین. دیارە شەڕ لەگەڵ فاشییەتی دینیدا سەختترە نەك شەڕ لەگەڵ راسیزمدا. راسیزمی دینی کە ئەمرۆ گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و بیریارە سەلەفییەکان نوێنەرایەتی دەکەن، رووبەرێکی بۆ پێکەوەژیان و تۆلێرانس نەهێشتۆتەوە. ئەمرۆ شەڕی رۆشنبیران لەگەڵ کۆی سیستمی سیاسیدا شەڕی تۆلێرانسە. هەر کەلتوورێك، هەر پێکهاتێکی فیکری، هەر تێزەیکی فەلسەفی لەسەر ئەوە

بونیادنرابێت، کە تەواوی گوناهەکان بخاتە ملی ئەوانی دی و خۆی پاکیزەو بێگەرد ببینێت، لەخزمەتی فاشییەتدایە. فاشییەت بریتییە لەستایشی خودو نەفرەتکردن لەوانی دی. هەر کۆمەڵگایەك نوقمی ستایشکردنی خۆی بوو، نوقمی کوێری بوو دەرهەق بەکێشەکانی ناوخۆی، کۆمەڵگەکە بەرەو خلیسکان دەڕوات. ترسناکترین شتیش ئەوەیە گروهێکی دواکەوتوو تووشی ئەو دەردی خۆئەڤینییە ببێت. بەعس بۆ بوو بەهێزێکی ترسناك؟ وەڵامەکە ئەوەیە: چونکە هێزێك بوو لەڕووی فیکری و لەڕووی ریشەی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوو، بەڵام هێزێکی مادی و سەربازی ئەوتۆی کەوتە بندەست تووشی عەشقێکی کوشندەی خۆی کرد. ئەمڕۆ لەکوردستان ئەگەری سەرهەڵدانی ئەو جۆرە خۆئەڤینییە سیاسییە هەیە، هێزە سیاسییەکانی کورد، بەحوکمی ئەو هێزە ئابوورییە گەورەیەی کەوتۆتە بندەستیان، ئەگەری هەڵخلیسکانیان بۆ باوەشی توندڕەوی و نابینایی زۆر گەورەیە. خودی رەشنوسی ئەم دەستوورە نوێیە پڕە لەهێماو ئاماژە بۆ تەقدیسکردن، بۆ سەپاندنی رێزو خۆئەڤینی. ئەوانەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمیان نوسیوە، بەدیوێکدا نوقمن لەفەزای بیرکردنەوەی سەلەفیداو بەدیوەکەی تریشدا عەقڵییان بەرهەمی ئەو زمانە بەلاغییەیە کە لەم چەند ساڵەدا دامەزراوە. بەلاغەتێك کە لەسیاسییە گەورەکانەوە تا بێژەرە تەلەفزیۆنییە نەخوێندەوارەکان و رۆژنامەنوسە حزبییەکان قسەی پێدەکەن. بەلاغەتێك وشەی دیموکراسییەت و مافی گۆڕیوە بۆ وشەی بێناوەڕۆك و بێکرۆك، بۆ شازاراوەی ناو سیستمی پڕوپاگەندەی سیاسی، نەوەك بۆ شازاراوەی ناوسیستمی فیکری و ئەخلاقی. نەبینینی ئەمجۆرە دۆخەو سەرسامبوونی سەلەفییەتی کوردی بەبلۆقە سیاسییەکانی خۆی، هۆکاری گەورەی ئەم کێشەیەن. ئێستا چووینەتە دۆخێکەوە سیاسییەکانی کورد جگە لەتەلارەکانی خۆیان و بازاڕە گەورەکانیان و فڕۆکەخانەکانیان بەولاوە هیچی دی نابینن. ئەمە گەورەترین مەترسی سەر پێکەوەژیانە، دەسەڵات هەر کات رووە تاریك و تراژیدییەکەی خۆی نەبینی و تەنیا چاوی لەسەر هێزی ئابووری و سەربازی و سیاسی بوو، بەرەو گەندەڵبوونێکی ناوەکی ترسناك دەڕوات. نازییەت دەرەنجامی شانازیکردنی کوێرانەبوو بەدەستکەوتە ئابووری و سەربازییەکانەوە، لەبری ئەوەی گەشەی کۆمەڵگا بەگەشەی مافەکان و ئازادییەکان بپێون، بەپێچەوانەوە گەشەی ئابووری وەك چەکی سەرکووتکردنی ئازادییەکان بەکاردەهێنن. گەشەکردن لەکوردستان و گردبوونەوەی لەدەستی دەسەڵاتداراندا، بەلەدایکبوونی جۆرێك لەنەرجسییەتی حزبی کوشندە کۆتاییهاتووە، کە دەسەڵاتی کوردی تووشی جۆرێك

لەلووتبــەرزی نامرۆڤانــە كــردوە. لــەمجۆرە فەزایــەدا لێبــوردن و تــۆلێرانس بەشــێكن لەبەلاغــەتی سیاســی، نــەوەك بەشــێك بــن لەهۆشــیاری ئــەخلاقی مرۆڤــەكان. شــەڕی رۆشــنبیریی ئێمــە دەبێــت ئاراســتەی ئــەو خۆئەڤینییــە ترســناك و دیــدكوژە بكرێــت، كــە وادەكات دەســەڵاتێك لــەدایكبێت بەدنازییــەكی نــاڕەوا بەســەر تــەواوی كۆمــەڵگادا بكــات. ئێستا حكومــەتێك لەكوردســتاندا هەیــە لایــەنی كــەمی دادپــەروەری كۆمەڵایــەتی دابــین نەكردوە، بەرامبەر بەوەش دەیەوێت رێز و قودسییەتی خۆی بكات بەدەستوورو یاسا. فاشییەت لێرەوە گــەرا دەخــات، لێــرەوە زیهنییــەت و ســایكۆلۆژییەتی كەســی بێــڕەحم و كورتبین لەدایكدەبێت. هــەر كۆمەڵگایــەك حــوكمی پێــشوەخت بەســەر نــەوەكانی خۆیــدا بسەپێنێت، لــەلێبوردن و پێكــەوە ژیــان دوور كەوتۆتــەوە. جەوهــەری ئــەو دەســتوورەی ئەمرۆ لەكوردستان دیالۆگی لەسەر دەكرێت، ئاوێنەی ئــەو شــیزۆفرینییا ئەخلاقییەیــە كــە نوخبــەی سیاســی كــوردی تیــادەژی... كــە ئــەویش ســەپاندنی حــوكمی موتڵەقــە بەمیكانیزمــەكانی دیموكراسییەت، سەپاندنی مێگەلگــەرایی و جەماوەرگەراییە بەرامبــەر دەنگی دیالۆگ و عەقڵ، سووككردن و ریسواكردنی رۆحــی فیكــرو رۆشــنبیرییە لــەپێناوی جوانكردن و دیكۆركردنی دەسەڵاتدا. لەفەزایەكی ئاوهادا ئەستەمە مرۆڤ قسە لەئــەخلاقی لێبــوردن بكــات. لێبــوردن چــەمكێكە پابەنــدی چــەمكی مــاف و یەكــسانی و هاویــەكی كۆمەڵایەتییــە... مێــژووی حزبــی كــوردیش، مێــژووی ئــەو هیــستریا گەورەیەیــە كــە ئــەم نوخبەیە لەدوای راپەڕینەوە لەپێناوی دەسەڵاتدا تووشیبووە، هیستریایەك كە كۆمــەڵگای مەدەنی، بەرز راگرتنی فیكر، ئازادكردنی قەزا و دادگاكان، شەفافییەتی ئابووری بوونەتــە یەكەمین قوربــانی ئــەم دەردە. ئــەمرۆ لێبــوردن لەكۆمــەڵگای ئێمــەدا مانــای دادپــەروەری كۆمەڵایــەتی و كەمكردنــەوەی دەســەڵاتی بێــسنوور و موتڵــەقی نوخبــەی حــاكم كــە دوور لەهەر چاودێرییەكی راستــەقینە ئیــشدەكەن، لێبــوردن تــەنیا لێبــوردن نییــە لەوانــەی كــە تاوانیان بەرامبەر گەلی ئێمە تۆماركردوە، بەڵكو داڕشتنی سیستمێكی كۆمەڵایــەتی نوێیــە تێیدا دەسەڵات هێند نەئاوسێت و فووی تێنەبێت، بكەوێتە ســەرووی هەمووانــەوە، لەهــەر شــوێنێكدا دەســەڵات لەســەروو هــەموو خەڵكــەوە بــوو، كۆنترۆڵكــەری رەهــا بــوو، ئیــدی قــسەكردن لــەتۆلێرانس جگــە لەبەلاغــەتێكی بــۆش بــەولاوە هــیچ نییــە. ئــەمرۆ ئێمــە لەكوردستان رۆژگاری زێڕینی بەلاغەتی بۆش و ریتــۆریكی سیاســی پــوچ دەژیــن. لێــرەوە وشەی لێبوردنیش لەمانا راستەقینەكان خاڵی بۆتەوە



# ئاراس فەتاح:
# کورد لەلایەن بەعسەوە وەکو کورد نەدەکوژرا، بەڵکو وەکو پرۆژەیەکی سیاسیی دەکوژرا

**بەشی دووەم و کۆتایی**

دیداری: سەمەد ئەحمەد

***لەژمارە یەکی گۆڤاری (سەردەمی رەخنە)دا لێکۆڵینەوەیەکت بڵاوکردووەتەوەو تێیدا تیشک دەخەیتە سەر چەمکی بەعسیزم.. من دەپرسم: چەند راستە ئەگەر لێکچوون و بەراورد لەنێوان بەعسی عەرەبی و فاشی ئیتاڵی و نازی ئەڵمانی و کۆمۆنیزمی ستالینیدا بکەین؟ تۆ جیاوازی و لێکچوون لەنێوان ئەمانەو بەعسدا لەچیدا دەبینیتەوە؟**

—لەڕاستیدا وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەکات و دەرفەتی باش و وردبوونەوەی قووڵ هەیە، رەنگە لێرەدا ئەم بوارانە وەکو پێویست نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەکورتی دەڵێم: زۆرجار ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، بۆ ناشرینکردنی دەموچاوی بەعس، مۆری نازی و فاشی دەلکاند بەبەعسەوە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەبەعس، بەس نییە بڵێین: بەعس فاشییە، یان نازییە، یان دیکتاتۆرە، چونکە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە، دنیای کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆمان لەناو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بخوێنینەوە، هەروەها پێویستە مێژوو و پێکهاتی بەعس، کە پێکهاتێکی زۆر تایبەتمەندەو پەیوەندیی بەدەوڵەتی کۆلۆنیال و کلتووری عەرەبی و هەروەها جەنگی ساردو زۆر فاکتەری ترەوە هەیە، بخوێنینەوەو بناسین و راڤەی بکەین.

ئەگەر لەڕووی (فینۆمینۆلۆژی–ڕواڵەتی)یەوە تەماشای بەعس و دەسەڵاتەکەی بکەین، دەبین دەسەڵاتێکی پۆلیسی هەبوو، هەڵبژاردن نەبوو لەوڵاتدا، کۆنترۆڵی تەواوەتی کۆمەڵگە هەبوو، هیچ بوارێك بۆ کارکردنی ئۆپۆزیسیۆن نەبوو.. هتد، ئەمانە هەموو لەسیستمە دیکتاتۆرەکاندا بەبێ جیاوازی هەن، بەڵام پێویستە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بەعس بناسین و لەهەریەك لەفاشی و نازی و کۆمۆنیزم جیای بکەینەوە.

***لەبەشێکی تری لێکۆڵینەوەی (بەعسیزم پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواو نەبوو)دا دەڵێیت: کێشەی خوێندنەوەی بەعسیزم بەتەنها ئەوەنییە بزانین بەعس چۆن هاتە سەر حوکم، چۆن توانی ئەوەندە ساڵە لەحوکمدا بمێنێتەوە، بەڵکو کێشە لەنەبوونی زانستێکی تایبەتە بەدەسەڵاتداریێتی بەعسیزم و غیابی ڕاڤەکردنی تایبەتمەندێتی فۆرمی دەوڵەتەکەیەتی..**

**من دەپرسم: ئەو زانستە چییە کە دەتوانێت ڕاڤەی فۆرمی دەوڵەتی بەعسیزممان بۆ بکات؟**

–بەڕای من ئەو زانستەی کە دەتوانێت بەعسیزممان بۆ ڕاڤەبکات، هەر پەیوەستە بەبەعسیزم خۆیەوە.

لەبری ئەوەی فاشیزم و نازیزم و دیکتاتۆریزم و کۆمۆنیزم بەکاربهێنین بۆ بەعس، کە ئەمانە هەموویان چەمکی جیاواز جیاوازی دەسەڵاتداریێتی سیاسین، کە هەڵگری چەشنێك لەپێکهاتی سیاسی و کلتووری و ئایدیۆلۆژی تایبەتی خۆیانن.

ڕاستتر وایە بەعسیزم بەکاربهێنین بۆ بەعس، چونکە بەعسیزمیش هەڵگری خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی کەڕەنگە لەفاشی و نازی و کۆمۆنیزمدا نەبێت.. بۆیە پێویستە کار لەسەر چەمکی بەعسیزم بکەین.

بەمانایەکی دی، ئێمە ئیدی پێویستمان بەوە نەماوە بۆئەوەی ناشرینی بەعس نیشان بدەین، بڵێین: نازییە، یان فاشییە.. کە جاران دەمانگوت بەعس ڕەفتار فاشییە.

بەڕای من بۆیە وا دەگوترا، چونکە تەفسیرێکی دروست و زانستیمان نەبوو بۆ ناساندنی دەسەڵاتداریێتی بەعس، لەکاتێکداو لەهەندێك ڕووەوە دەسەڵاتداریێتی بەعس زۆر ناشرینترو دڕندانەتر بووە لەنازی و فاشی.

ئەسڵی مەبەست ئەوەنییە بەعس و نازی و فاشی و کۆمۆنیزم کامیان لەکامیان درندەترو ناشرینترە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە چۆن بتوانین راڤەی ئەم پێکهاتە دەوڵەتی و سیاسییە بکەین کە بەعسیزم لەناو دەوڵەت و لەناو کۆمەڵگەدا وەکو پرۆژە کاری لەسەر دەکرد.. بۆیە من دەڵێم: بەبێ بەعسناسی ناتوانین قسە لەبەعس بکەین، تەنانەت دەتوانم بڵێم: کە بەبێ بەعسناسی ناتوانین قسە لەسەر پرۆژەی داهاتووی سیاسیمان بکەین و هەروەها بەبێ بەعسناسی ناتوانین رابردووی خۆشمان بخوێنینەوە.

***لەبەشێکی تری لێکۆڵینەوەی (بەعسیزم پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواو نەبوو)دا دەڵێیت: کاڵفامییە گەر بەعسیزم بەمێژووی دوێنێ دابنێین..**

**من دەپرسم: ئەگەر وابێت بەعسیزم ئەو دەوڵەتە نەبوو کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە (٢١) رۆژدا رووخاندیان؟ ئایا دەکرێت بڵێین: هەژموونی بەعس لەدوای خۆشی بەسەر کۆمەڵگەی عیراقییەوە هەرماوە؟ ئەگەر ئا، چۆن؟**

–کاتێك نەمان توانیوە بەباشی بەعس بخوێنینەوەو بناسین، دەبینین کە بەعس نەبووە بەڕابردوو، نەبووە بەمێژوو، بەڵکو لەهەموو ئاستە سیاسی و ئیداری و پەروەدەیی و کلتووری و.. هتد، بەعس ئێستاش ئامادەیە.. کە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ترسناکەو مایەی نیگەرانییە..

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەعسیزم فۆرمێکی دیاریکراوی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتییە، لەهەمانکاتدا چەشنێکی دەسەڵاتدارێتییە لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتییشەوە، واتا بەعسیزم چەندە پرۆژەیەکی سیاسی و عەسکەری بوو، ئەوەندەش پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری و ئایدیۆلۆژی بوو، زۆر بەچڕیش لەیەك کاتدا کاری لەسەر هەموو کایەکان دەکرد.

راستە بەعس لەچرکەساتێکدا لەرووی سەربازییەوە کەوت، بەڵام سێبەرەکەی هەرماوە.

رەنگە دیارترین جیاوازی لەنێوان بەعسیزم و نازیزمدا ئەوە بێت کە نازیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، لەرێگەی هەڵبژاردنەوە هاتە سەر حوکم و دەسەڵاتی

گرتەدەست و گەورەبووەو دەزگاکانی دەوڵەتی ئیختیساب کرد.. بەڵام بەعسیزم بەپێچەوانەوە، چونکە بەعسیزم بەبێ دەوڵەت و دامودەزگاکانی قەزەمێکی سیاسی بوو.. نەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەناو کۆمەڵگەی عیراقییەوە سەری هەڵدابێت، پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری هەبێت، بەپێچەوانەی نازیزمەوە، بەعسیزم مەحاڵ بوو بەبێ دامودەزگاکانی دەوڵەت بمێنێتەوەو کاربکات و ئایدیۆلۆژیای خۆی بسەپێنێت بەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عیراقیدا..

بۆئەوەی باشتر بەعسیزم بناسین پێویستە درك بەوە بکەین کە بەعسیزم بەدرێژایی تەمەن و دەسەڵاتی خۆی هەوڵیدەدا کە رابردوو لەگەڵ ئێستاو ئایندەدا ئاشت بکاتەوە لەناو پرۆژەی بەعسیزمدا.. بەمانایەکی دی بەعسیزم چاك دەیزانی کە عیراق لەبنەڕەتدا دەوڵەتێکی عەرەبی نییە، بۆیە هەرچی رابردووی دێرینی شارستانییەتی سەردەمی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوورییەکان هەبوو هەوڵی دەدا کە گرێی بدا بەئێستای عیراقەوەو دەیکرد بەبەشێکی درێژبووەوەی ئێستای عیراق.. ئەمە وەك دەستکەوتێك بۆخۆی تۆماردەکات..

جگە لەمە بەعسیزم هەوڵی دەدا کە لەسەر پرۆژەی عەرەبی و ئیسلامیش کاربکات، لەم رێگەیەشەوە عەرەب و بەعسییەکان دەکات بەنەوەی سۆمەرییەکان و ئاشوورییەکان و ئەکەدییەکان، لەدەرئەنجامی ئەم کارانەشدا نیشتمانپەروەرییەکی نوێ لەعیراقدا دروستدەکات، کە نیشتمانپەروەرییەکی بەعسییانە بوو..

***ئایا کورد، یان غەیرە عەرەب دەیتوانی ببێت بەنیشتمانپەروەر یان تەنها عەرەب دەیتوانی ئەم رۆڵە بگێڕێت؟**

–بەڵێ کوردو غەیرە عەرەبیش دەیتوانی ببێت بەنیشتمانپەروەر، بەمەرجێك پرۆژەی بەعسیزمی قبووڵبکردایە.. کورد لەلایەن بەعسەوە وەکو کورد نەدەکوژرا، بەڵکو کورد وەکو پرۆژەیەکی سیاسی دەکوژرا..

تۆببینە ئێمە وەکو کورد لەسەردەمی شۆڕش و خەباتی چەکداریماندا ئەگەر پێنج هەزار، دە هەزار پێشمەرگەمان هەبووبێت، ئەوا دووسەد، دووسەدو پەنجا هەزار جاشمان هەبووە..

بۆیە دەتوانین بەبێ دوودڵی بڵێین: دوژمنی بەعس لەپلەی یەکەمدا بریتیی بوو لەدوژمنێکی سیاسی، واتا هەموو ئەو وێنایانەی کە بەعس دەیگوێزایەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی عیراقی، وێناگەلێك بوو کە یەك شتی قبووڵنەدەکرد، ئەویش ئەوەبوو کە بکەرێکی سیاسی هەبێت و بیەوێت دەسەڵاتی لەگەڵدا دابەش بکات.

جگە لەمە دەکراو دەشیا لەسایەی بەعسدا بژیت، بەڵام بەو مەرجەی نەبێت بەنەیاری سیاسی ئەو.

زۆرجار بەعسیزم دەبوو بەپەیژەو هەندێك کەس پیایدا سەرکەوتووە، پلەوپایەی جۆراو جۆری بەدەستدەهێنا. بۆ نموونە روویداوە کە کەسێك پۆلیس بووە، بەڵام لەساتێکی تردا بووە بەوەزیر، بەبێ ئەوەی هیچ لەکاری وەزیری بزانێت، یان بتوانێت کاری وەزیری راپەڕێنێت..

لەم میکانیزمی کارکردنەوە ئەوە دەبینین و دەخوێنینەوە کە ئەگەر کەسێك دڵسۆزبووبێت، بۆ ئایدیۆلۆژیای بەعس، ئەوا بەعس ئەوکەسەی نەك هەر سزا نەداوە، بەڵکو زۆرباش بەختەوەری کردووە.

***هەر لەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەژمارەی (١)ی گۆڤاری (سەردەمی رەخنە)دا بڵاوتکردووەتەوە دەڵێیت: لەئەزموونی بەعسدا جیاوازییەک لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی دەوڵەتدا نەبوو..**

**من دەپرسم: چ جیاوازییەک لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی دەوڵەتدا هەیە؟**

—لەوڵاتانی دنیای سێدا، دەوڵەت راستەوخۆ پابەندی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیە کە لەسەر حوکمە لەدنیای پێشکەوتوو و دیموکراسیدا، دەوڵەت دەستووری هەیەو ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیان و دەسەڵاتداران لەدەستووردا دیاریکراوە، کاتێك حزبێکی سیاسی دەسەڵات دەگرێتەدەست، بەئاسانی ناتوانێت ئەو دەستوورە بگۆڕێت، یان فەرامۆشی بکات، بەڵام لەوڵاتانی دنیای سێدا تەواو پێچەوانەی ئەمە بەدیدەکەین، هەر دەسەڵاتدارێك کاتێك دێتەسەر حوکم، (بێگومان بەشێوەیەکی نائاسایی و ناسروشتی و نایاسایی دێتە سەر حوکم) بۆیە دەتوانێت دەستوور خانەنشین بکات! نەك هەر ئەمە، بەڵکو دەتوانێت وێناکانی خۆی بگوێزێتەوە ناو دەوڵەت و دەستکاری پێکهاتی دەوڵەتیش بکات، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەستوور، یان لا لە یاسایەك بکاتەوە، یان بگەڕێتەوە بۆ لای دەسەڵاتی یاسا دانان.. کە ئێمە دەزانین لەدنیای دیموکراسیدا حکومەت هەیەو پەرلەمان

چاودێرییەتی، لەم پەیوەندییەشەوە دەتوانین باس لەوە بکەین کە دەوڵەت بریتییە لەکۆمەڵێك دامودەزگاو زۆر پەیوەندی بەدەسەڵاتداریێتی سیاسی و حزبییەوە نییە.

***لەبەشێکی تری ئەو لێکۆڵینەوەیەدا قسە لەسەر دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال دەکەیت، بۆئەمە ئاماژە بەتیۆرەکەی (فانون) دەکەیت..**

**تکایە لەسەر ئەم بابەتە تیشکێک بخەرە سەر تیۆرەکەی (فانون)؟**

–گەڕانەوە بۆ تیۆرەکەی (فانون) پێداویستییەکی تیۆرییە، چونکە (فانون) کاری لەسەر ئەو چەمکەکرد کە چۆن بزووتنەوە شۆڕشگێڕو رزگاریخوازەکان کاتێك کە دێنە سەر حوکم و دەسەڵات دەگرنەدەست، چی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدا دەگۆڕێت؟ بەکورتییەکەی دەتوانین بڵێین: خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانی خەباتێکی شەرعییە، بەڵام (فانون) تێبینی ئەوەی کردووە کە زۆرێك لەو بزووتنەوانە کە دەسەڵات دەگرنەدەست، زۆرێك لەپەیوەندییەکانی دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناگۆڕدرێن و بەرەو باشتر هەنگاونانێن..

فانون دەڵێت: دەسەڵات لەسەر ئاستی فۆرم و تاکە کەسەکاندا دەگۆڕدرێن، نەك لەجەوهەرو ناوەرۆکدا. تەنانەت دەڵێت: دەسەڵاتدارە تازەکان دەچنە ناو هەمان بیناکانی دەسەڵاتدارە کۆنەکان و لەوێوە جارێکیتر، بەفۆرمێکی نوێوە، بەڵام بەهەمان میکانیزم و پرەنسیپ کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکەنەوە. بێگومان (فانون) ترسێکی زۆری لەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەمجۆرە هەیە، ئەم ترسە، ترسێکی قووڵی سیاسی و سۆسیۆلۆژییە کە (فانون) لەدوای شۆڕشی جەزائیری دژ بەفەرەنسییەکان درکی پێدەکات، دواجاریش ئەزموونی لەمجۆرە لەکوباو لەڤێتنام و تەنانەت لەکوردستانیش دووبارە بووەوە، بەڵام لەئاستی جیاجیادا سەبارت بەکوردستان مەترسییەکە لەوڵاتانی تر زیاترە، چونکە دەسەڵاتداریێتی کوردی لەماوەی (١٦) ساڵدا نەیتوانیوە چەمکی هاونیشتمانی لەکورستاندا دروست بکات، نەیتوانیوە چەمکی نەتەوە بەماناسیاسییەکەی دروست بکات بەپێچەوانەوەچەمکی نەتەوەی دابەشکرد! نەیتوانیوە چەمکی ناوکۆیی سیاسی و کۆدەنگی سیاسی دروست بکات، کە یەکێکە لە رەگەزەکانی نەتەوەو سیستمی سیاسی، بەپێچەوانەوە، ئێمە ساڵانێکی زۆر لەکوردستاندا زیاد لەدەسەڵاتدارێتییەکمان هەبوو.. دەسەڵاتداریێتی یەکێتی، پارتی، ئیسلامییەکان، لەناو ئەم دەسەڵاتدارییەتیانەشدا چەندین دابەشکردنی لۆکاڵی ترمان بەدیکرد..

دەرئەنجامی ئەمانە ئێستا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدا زۆر بەئاشکراو روونی بەدیدەکەین..

هەبوونی مۆدێلی سیاسی لەمجۆرە، راستی تیۆرەکەی (فانون) دەسەلمێنێت.

**دەسەڵاتداریێتی و پرۆسەی بەکۆمەڵگەبوون، لێکۆڵینەوەیەکی تری تۆیەکە لەگۆڤاری (رەهەند)، ژمارە (٩ و ١٠) دا بڵاوتکردووەتەوە، تۆ لەبەشێکی ئەم نووسینەدا، قسە لەسەر ئیشکالییەتی دەسەڵاتی سیاسی لەناو سیستمی دیموکراسیدا دەکەیت، بۆ ئەمەش ئاوڕت لەراڤەکردنەکەی سۆسیۆلۆژیی ئەڵمانی (لومان) داوەتەوە..**

**من دەپرسم: (لومان) دەسەڵاتداریێتی لەناو سیستمی دیموکراسیدا چۆن دابەشکردووە؟**

–(لومان) کاتێك کە باس لەدەسەڵاتداریێتی دەکات لەسەر بنەمای تیۆری سیستم دەیخوێنێتەوە، تیۆری سیستمیش چەمکێکی دیاریکراوەو (لومان) زیاتر گەشەی پێداوە.

کاتێك کە لەسیستمی دیموکراسی دەدوێین، دەبێت لەپەیوەندیی نێوان دەوڵەت و جەماوەرو دەسەڵات بگەین.

ئەمە سەبارەت بەسیستمی پاشایەتیش هەر راستە، بەڵام لێرەدا جۆرێکی تری پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و جەماوەرو دەسەڵات دەبینین.

لەسیستمی دیموکراسیدا، دەستوور هەیە، هەڵبژاردن هەیە، کێبەرکێ لەنێوان حزبە سیاسییەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات هەیە، کێ توانی لەم ململانێیەدا بیباتەوە، ئەوە دەتوانێت بۆچەند ساڵێکی دیاریکراو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت.. بۆیە لەسیستمی سیاسیی دیموکراسیدا دەسەڵاتداریێتی ناگۆڕێت، بەڵکو پەیوەندییەکان دەگۆڕێت، واتا ئەو پرۆژانەی کە حزبێك لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت و حزبێکی تر نییەتی، بۆ نموونە پرۆژەی حزبی کۆنزەرڤاتیف جیاوازە لەگەڵ پرۆژەی حزبی چەپدا، لەدەرئەنجامی ئەوە کە دەتوانێت گۆڕانکاری لەوڵاتدادروست بکات دەستورنییە بەڵکوجەماوەرە،جەماوەرە کەبڕیاردەدات کێ و چ حزبێك تەمەنی سیاسی درێژ بێت و کێ و چ حزبێکی تر تەمەنی سیاسی کورت بێت، ئەمە جوانی سیستمی سیاسیی دیموکراسیمان بۆ دەخاتەڕوو، کە تەواو بە پێچەوانەی سیستمە سیاسییەکانی ترەوەیە..

***لەبەشێکی تری ئەو بابەتەی کە لەژمارە (٩ و ١٠)ی گۆڤاری (رەهەند)دا بڵاوتکردووەتەوە قسە لەسەر جیاوازیی دەسەڵاتداریێتیی**

**دیموکراسی و نادیموکراسی دەکەیت، ئەوە بەیان دەکەیت کە هەڵەی سیاسییەکان لەسیستمی دیموکراسیدا بەهەڵەی سیستمەکە ناژمێردرێت، بەڵام لەنادیموکراسیدا بەهەڵەی سیستمەکە دەژمێردرێت..**

**من دەپرسم: ئەمە بۆچی وایە، راستی ئەم مەسەلەیە چۆن دەسەلمێنیت؟**

–لەخستنەڕووی نموونەیەکی ساکاردا دەتوانین راستی ئەم مەسەلەیە بسەلمێنین.. بۆ نموونە لەسیستمی دیموکراسیدا کاتێك کە سیاسییەك هەڵەیەك دەکات، ئەوکەسە بەرپرس دەبێت لەبەرامبەر هەڵەکەیدا، تووشی لێپرسینەوەو لێپێچینەوە دەبێت، دەبێت داوای لێبووردن لەجەماوەر، لەحزبەکەی، لەحکومەتەکەی بکات، ئەگەر هەڵەکەی گەورەبێت، دەشێت پۆستەکەی لێبسەندرێتەوەو سزای یاسایی بدرێت.. دواجاریش دەبێت بەکەسێکی ئاسایی و وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵگە ژیان بەسەر دەبات.

لەخستنەڕووی ئەم نموونەیەدا ئەو دەرەنجامە بەدی دەکەین کە ئەو هەڵەیەی ئەو سیاسەتمەدارە کردویەتی، هەڵەی سیستم نەبووە، بەڵکو هەڵەی سیاسەتمەدارێك، واتا تاکە کەسێك بووە کە لەناو سیستمەکەدا کاردەکات، بۆیە هەموو گەندەڵی و خراپەکارییەکی تاکەکەسی (جا ئەو کەسە لەچ پلەوپایەو بەپرسیاریەتێکی حزبی و حکومیدا بێت گرنگ نییە) نابێتە لەکەو تانە بەسەر سیستمەکەوە..

بەڵام لەسیستمە نادیموکراسییەکاندا تەواو پێچەوانەی ئەمە بەدیدەکەین، کە دەسەڵاتی کوردیش هاوشێوەی ئەم سیستمەیە، لێرەدا کاتێك بەرپرسێك هەڵەیەك دەکات، یان گەندەڵییەکی ئیداری و سیاسیی ئەنجام دەدات، تەنانەت هەندێك هەیە خیانەتیش دەکەن، کەچی نەك لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت، نەك هەر سزانادرێن، بەڵکو جار لەگەڵ جاردا پلەو پایەی حزبی و حکومیان بەرزدەکرێتەوە ! ئەم هەڵەکارانە نەك هەر داوای لێبووردن لەجەماوەرو حزب و حکومەت ناکەن، بەڵکوهەمیشەپاساو بۆ هەڵەو تاوان و گەندەڵییەکانیان دەهێننەوە !

خاڵێکی لەمجۆرە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئیدی جەماوەر هیچ متمانەیەکی بەو سیستمە سیاسییە نەمێنێت، چیدی خەڵکی خەون بەگۆڕانەوە نەبینن، بروایان بەوە نامێنێت کە دەتوانن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە سیستمی سیاسی دیارییبکەن..

لێرەوە کێشەی مەترسیدار لەنێوان کۆمەڵگەو سیستمی سیاسیدا دروست دەبێت.

بۆیە هەڵەی سیاسەتمەدار، یان بەرپرسێك دەبێت بەهەڵەی سیستم، کاتێکیش هەڵەی بەرپرسێك دەبێت بەهەڵەی سیستم، شەڕی کۆمەڵگەش لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ بەرپرسەکە بێت، لەگەڵ سیستمەکە دەبێت.. گۆڕینی سیستمیش یان بەشۆڕش، یان بەکودەتا دێتە ئاراوە..!

***هەر لەو نووسینەدا قسە لەسەر کێشەی بەکۆمەڵگەبوون و دەسەڵاتداریێتی لەناو مۆدێرنەدا دەکەیت.. ئاماژە بەوە دەکەیت کە زەبری مۆدێرنە زەبرو زەنگێکی بینراو نییە کە پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەیەکتر نامۆ بکات، بەڵکو زەبرێکی کلتووری و سایکۆلۆژییە..**

**تکایە ئەم دەستەواژەیە زیاتر روونبکەرەوە؟**

–ئەگەر سەدەکانی ناوەڕاست وەك نموونە بهێنینەوە، دەبینی سزای مرۆڤ، سزایەکی جەستەیی بووە، سیستمی سیاسی ئەو سەردەمەو هەموو سیستمە سیاسییەکانی ولاتانی رۆژهەلات و ولاتە دیکتاتۆرەکانی تری دنیا لەئێستاشدا سزای مرۆڤ سزایەکی جەستەییە، بۆیە جەستە ئەو ناوەندەیە کە دەسەلاتی سیاسی پێی دەوێرێت و کاری تێدا دەکات، ئەمە(فۆکۆ) وادەڵێت.. بەلام لەمۆدێرنەدا سزادانی مرۆڤ لەئاستی ئابووری و سایکۆلۆژیی و کۆمەلایەتییدا بەدیدەکرێت.

ئەگەر کەسێك لەئاستی ئابووریدا سزا دراو تێکشکێندرا، لەئاستی کۆمەلایەتیشدا وێران دەبێت، دواجاریش لەئاستی سایکۆلۆژیی و رۆشنبیریش تێکدەشکێت..

ئێستاو چەندین ساڵە لەزیندانەکانی ولاتانی رۆژئاوادا سزای جەستەیی نەماوە.. ئەگەر زەبرو زەنگێکیش هەبێت، زەبروزەنگێکی نەبینراوە، ئەمە بەپێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە زەبروزەنگێکی جەستەیی بینراو هەبوو..

لەمۆدێرنەدا، دەشێت لەرێگەی نیشاندانی فیلمێکەوە زەبروزەنگ نیشان بدەیت و بیگەیەنێت و کەلتووری زەبروزەنگ بلاوبکەیتەوەو بچێتە ناو سایکۆلۆژیای تاکەکان و سیستمی پەروەردەیی کۆمەڵگەوە..

***لەبەشێکی تری ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەڵێیت: چیرۆکێکی تری کۆمەڵگەی مۆدێرنە بریتییە لەپیشەسازیی بەرهەمهێنانی درۆ..**

**مەبەستت لەم دەستەواژەیە چییە؟**

–بەخستنەڕووی نموونەیەك دەتوانم مەبەستی ئەو دەستەواژەیە روونبکەمەوە. بۆ نموونە سینەما، کە پیشەسازییەکی دیارو پڕبەرهەم و پڕدەستکەوتی مۆدێرنەیە،

دەتوانرێت لەڕێگەی نیشاندانی فیلمێکەوە، خەڵکانێك بەختەوەر بکرێت،دەتوانرێت ئینسجامێکی تەواو لەنێوان بینەرو فیلمەکەدا دروستبکرێت هەندێکجار ئەم ئینسیجامە دەگاتە ئەو رادەیەی کە بینەر بەمردنی پاڵەوانی فیلمەکە، مردنی خۆی دەبینێت و بە بەختەوەریشی بەختەوەردەبێت.. بەڵام ئەمانە جگە لەدرۆیەك، هیچیتر نییە، بۆیە دەگوترێت: بەرهەمەکانی (هۆلیۆد) بریتییە لەپیشەسازیی بەرهەمهێنانی درۆ..

***مەبەستت لەکۆمەڵگەی (ناکاو-گواری) چییە کە لەبەشێکی وتاری (دەسەڵاتداریێتی و پرۆسەی بەکۆمەڵگەبوون)دا قسەت لەسەرکردووە؟**

–بۆئەوەی لەسەر چەمکی کۆمەڵگەی ناکاو مەبەستەکەم ئاشکرابکەم، پێمخۆشە بڵێم: سیستمی بەعس کۆمەڵگەی ناکاوی دروستکرد، چونکە کۆمەڵگەی ناکاو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە هەمیشە دەستکاری دەکرێت و هیچ جێگیرییەك بەخۆیەوە نابینێت، بۆ نموونە کەسێك فەرمانبەرێکی ئاساییە لەفەرمانگەیەکی حکومیدا، دەشێت بەبۆنەی هەڵوێستێکی سیاسییەوە ئەو فەرمانبەرە بکرێت بەکرێکار! دەشێ بەڕێوەبەرێك بەهۆی دۆخێکی سیاسیی تایبەتەوە بکرێت بەفەرمانبەرێکی ئاسایی، واتە لەکۆمەڵگەی ناکاودا کە کەس هەست بەجێگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووریی ناکات.

روونتر بڵێم: کۆمەڵگەی ناکاو کۆمەڵگەیەکە کە سیستمێکی سیاسی بەڕێوەی دەبات و ئیدارەی دەکات کە هەمیشە لەحاڵەتی جەنگدا خۆی دەبینێتەوە.

هەروەها کۆمەڵگەیەکە کە هیچ دڵنیایی و ئەمانێکی تێدانییە، تاکەکەس هەستناکات کە دەوڵەت پارێزگاریی لێدەکات.

کۆمەڵگەی ناکاو کۆمەڵگەیەکە کە هیچ هاوکاری و تەباییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تێدا نییە، لەبری ئەمانە هەمیشە ترس تێیدا ئیشدەکات، هیچ حیسابێك بۆ تواناو لێهاتوویی زانستی و شارەزایی تاکەکەس ناکرێت، بۆیە دەشێت لەساتێکدا کەینونەو شوناس و تەنانەت بیرکردنەوەش گۆڕانی بەسەردا بێت! ئیدی لێرەوە ئینتما بۆ کۆمەڵگەو بۆ نەتەوەو بۆ دەسەڵات و بۆ حزب کەم دەبێتەوە، کە دەشێ هەر نەشمێنێت!

***ئینتەرنێت گۆڕانی کۆمەڵگە، بابەتێکی ترە کە تۆ لە (١٤-١٥)ی گۆڤاری (رەهەند)دا بڵاوتکردووەتەوە، لەوێدا باس لەئەندامبوون لەکۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا دەکەیت..**

**من دەپرسم: ئێمەی کورد وەک بەشێک لەجیهانی سێ، چۆن دەتوانین لەکۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا ببین بەئەندام؟**

–بوون بەئەندام لەکۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا ئاسانە، دەچیت لەلای سێرڤەرێك ناوی خۆت دەنووسیت، ئەوانیش دۆمێنی جیاواز جیاوازیان هەیە، سایتێك بۆ خۆت بەدەستدەهێنیت و مانگانە پارە دەدەیت، بۆ نموونە ئێمە سایتی رەهەندمان هەیە، سایتی رەهەند دۆمێنێکەو لەلای سرڤەرێك کرپومانە.. ئیدی ئەو سایتە وەکو وڵاتێکی نەبینراو وایە، مرۆ دەتوانێت لەو وڵاتەدا جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروستبکات، ئیتر ئایا گۆڤار بێت، حکومەت بێت، گروپێکی سیاسی بێت، وەرزشی بێت.. هتد، بەداخەوە ئێمەی کورد وەکو سیستمێکی سیاسی لەکۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا نەبووین بەئەندام، چونکە لاپەڕە کوردییەکانی ئینتەرنێت، تەنها بریتین لەلاپەڕەی حزبەکان، ئەگەر بتەوێت رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەئینتەرنێتدا بخوێنیتەوە، دەبێت لەسایتی حزبەکاندا بۆی بگەڕێیت..

بەڵام ئێمەی کورد وەکو تاك و وەکو گروپ دەتوانین و توانیومانە لەکۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا ببین بەئەندام، ئێستا لەناو سایتە کوردییەکاندا چەندین شوناس و دیدی جیاواز جیاواز بەدیدەکرێت، کە لەڕووی سیاسییەوە کاریگەری زۆری هەیە، چونکە لەئێستادا سیاسەت چەندە لەواقیعدا دەکرێت، ئەوەندەش لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەکرێت..

ئەوەی زۆر جێگای سەرنج و هەروەها نیگەرانیشە ئەوەیە کە سیاسییەکانی ئێمە زۆر پەییان بەگرنگی و کاریگەریی ئینتەرنێت نەبردووە، بەڵام تیرۆریزم زۆر لێزانانە پەیان بەگرنگی و کاریگەریی ئینتەرنێت بردووە، رەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین: کەم کاری تیرۆریستی هەیە کە تیرۆریستان ئینتەرنێتی تیا بەکارنەهێنن..

بەداخەوە سیاسییەکانی ئێمە ئەوەندەی تیرۆریستان نەیانتوانیوە سوود لەئینتەرنێت ببینن!



# دیدار لەگەڵ
# کاروان عومەر کاکەسور

دیداری: نەورۆز جەمال

**کاروان کاکە سوور:**

## زۆرجار نووسەری داهێنەر هەوڵدەدات پێش مێژوو بکەوێت

*** دەبینین ستایلی نووسینتان گەڕانەوەیەکی ئەبەدی و بەردەوامە بۆ منداڵیی. دەتوانین پرسیاری ئەوە بکەین بۆ بەوشێوە چڕو بەردەوامە منداڵیی لای ئێوە بەردەوامە؟**

– زۆر ئاسوودەم، کە دەڵێن گەڕانەوە بۆ منداڵیی و ناڵێن بۆ رابردوو، چونکە پێموایە هەڵەیەکی گەورەیە کاتێ وادەزانین منداڵیی یەکسانە بەڕابردوو. ئەگەرچی من گومانم لەو گەڕانەوەیەش هەیە. من دوو باوەڕی تەواو پێچەوانەی یەکترم هەیە. یەکێکیان ئەوەیە، کە منداڵیی تاکە قۆناغی تەمەنی ئێمەیە، واتە قۆناغێکی ئینفینیتییەو کۆتایی نایەت. ئەمەش مانای ئەوەیە قۆناغەکانی دیکە تەنها وەهمن. باوەڕی دووەمم ئەوەیە، کە منداڵیی خۆی وەهمێکەو کەسمان پێیدا تێناپەڕین. راستییەکەی ئاسان نییە منداڵیی بخەینە ناو کاتێکی دیاریکراوەوە. منداڵیی لەدەرەوەی بازنەی زەمەنە، بۆیە ناتوانین پێی بگەین. هەر ئەمەشە چێژو خولیای ئەو گەشتە رۆحییە بەئەبەدی دەهێڵێتەوەو ناهێڵێت کۆتایی پێبێت. دەشێ ئەگەر سەد جار لێم بپرسن منداڵیی چییە، هەر سەد وەڵامەکەم لەیەکتر جیاواز بن، چونکە هیچ پێناسەیەك بۆ منداڵیی راست نییە، مەگەر بڵێین منداڵیی

ئەو شتەیە، کە پێناسە ناکرێت، ئینجا پێناسەکەمان تەواو بێت. بیرتان نەچێت نووسین پرۆسەیەکی رواری (عفوی)یانەیە، بۆیە رەنگە نووسەر خۆی نەزانێت بۆچی بایەخ بەهەندێك شت دەدات و بەهەندێکی دیکەی نادات. ئەمە زیاتر کاری رەخنەو لێکۆڵینەوەیە، بەڵام دەزانم منداڵیی لای من لەهەر شتێکی دیکە زیاتر ئامادەیە. ئەوەش دەزانم، کە من منداڵییەکی ئاسوودەم نەبووە. من بەئەزموونی خۆشم ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کە منداڵیی دنیایەکی قووڵ و جەنجاڵە. تێڕوانینی منداڵ بۆ شتەکان هەرگیز تێڕوانینێکی رووکەشانەو یەکلایەنانە نییە. نەخێر، منداڵ بەپێچەوانەی گەورە بۆ هەر شتێك کۆمەڵێك لێکدانەوەی هەیە، چونکە منداڵ بەسروشتی خۆی گومان لەهەموو شتێك دەکات. لای ئەو تێکەڵاوییەکی سەیر لەنێوان دنیای خەیاڵ و دنیای فاکتوالدا هەیە. بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم هەر کاتێك ویستبێتم لەچاوی منداڵێکەوە لەشتەکان بڕوانم، ئەوا دوور لەویستی خۆم زیاتر لەلێکدانەوەیەکم بۆ ئەو شتانە کردووەو ئاڵۆزتر، ئەگەر نەڵێم قووڵتر ئەو خەیاڵانەم تێکستکردووە. رەنگە ئەمە وای لەمن کردبێت پەنا بۆ چیرۆك و رۆمان ببەم، نەك بۆ شیعر، چونکە بەباوەڕی خۆم ئەو حاڵەتە زیاتر لەئەدەبی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، نەك لەشیعر. لێرەوە بەلامانەوە سەیر نابێت، کاتێك دەبینین رۆمان ئەوەندە لەبیۆگرافیا نزیکە، بەرادەیەك کەم رۆماننووس هەیە بەشێك لەمنداڵیی خۆی نەگێڕابێتەوە، ئەوە باسی ئەوەش ناکەین، کە منداڵیی چەند کاریگەریی لەسەر سەرجەمی رۆماننووسان هەبووە. لێرە خاڵێکی گرینگ هەیە، کە ناکرێت بەسەریدا تێپەڕین، ئەویش ئەوەیە، کاتێ دەڵێین منداڵ مەبەستمان ئەو ئێنتییتە نییە، کە تەمەنی لەنێوان (٠ –١٢) ساڵان دایە. نەخێر، لەئەدەبدا منداڵ و منداڵیی هیچ پەیوەندییەکیان بەتەمەنەوە نییە. شتێك هەیە بەناوی گیانی منداڵیی، ئینجا ئەو گیانە دەشێت لەدە ساڵییەکدا نەبێت و لەهەشتا ساڵییەکدا هەبێت. هەر لێرە دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە من هەست دەکەم کرداری گەڕانەوە (مەبەستم گەڕانەوەیە بۆ منداڵیی) ئەگەر لەگراماتیکش راست بێت، ئەوە لەناو فەنتازیادا پرۆسێسەکە بەشێوەیەکی دیکەیە. مەبەستم ئەوەیە گەڕانەوە نییە، بەڵکو داهێنانە، چونکە وەکو پێشتر گوتمان منداڵیی کاتێکی دیاریکراو نییە. ئینجا لەبەرئەوەی تاکە رێگا بۆ گەیشتن بەمنداڵیی، تەنها فەنتازیایە، بۆیە خۆمان

لەبەردەم کۆمەڵێك پرۆبلەماتیکدا دەبینینەوە، چونکە چەمکی فەنتازیا هەر خۆی هەڵگری کۆمەڵێك پرۆبلەماتیکی دیکەیە. ئایا منداڵیی زەمەنە یان شوێن؟ یاخود هەردووکیان پێکەوە؟ ئایا ئێمە هەموو جارێك وەکو یەك بۆی دەگەڕێینەوە؟ ئایا گەڕانەوەمان بۆ منداڵیی وەکو گەڕانەوەمانە بۆ شارەکانمان؟ بۆیە پێموایە داهێنان راستترە، چونکە هەموو جارێك دەبێت بەشێوەیەکی دیکە دایبهێنیت. من دوای چاپکردنی کتێبی منداڵییم بەشێك لەو سەرنجانەم لا دروست بوو. زانیم، کە ئەو منداڵییەی من نە لەناو ئەو گەڕەکانە جێگیر دەبێت، کە ئەوسا تێیاندا ژیابووم و نە لەناو ئەو ساڵانەش، کە گوایە پێیاندا تێپەڕیوم. مەبەستمە بڵێم منداڵیی نەك هەر سنووری کات و شوێن دەبڕێت، بەڵکو تێکەڵی یادەوەریی کەسانی دیکەش دەبێت. وەکو ئەوەی هەمووومان منداڵییەکی هاوبەشمان هەبێت. ئەگەر رێگام بدەن چەند نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. جارێکیان (ئیسماعیل حەمەئەمین) پێی وتم، کە دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی من، وا هەست دەکات منداڵیی خۆی لەهەولێر بەسەربردووە، بەڵام ئەو هەولێرەش هیچی لەو شارە ناچێت، کە ئەو لەراستییدا بینیویەتی. (هیوا قادر)ی هاوڕێم لەدوا نامەیدا بۆی نووسیوم، کاروان تۆ بیروەریی کەسانێك دەزانیت، کە ئەوان نە خۆیان دەیزانن و نە ئەوەندەش بەلایانەوە گرنگە. بۆ راستیی قسەکەی (هیوا قادر)ی شاعیر، جارێکیان لەهەولێر پیاوێك پێی وتم: (بمزانیبوایە ژیانی من بەو شێوەیە گرنگە و دەبێتە ئەو چیرۆکانەی، کە تۆ دەیانگێڕیتەوە، رازیی نەدەبووم کەس بەچاوی سووك سەیرم بکات). بۆ زانینتان ئەو پیاوە لەکتێبی منداڵییمدا بەچاکە ناوی نەهاتووە. (رزگار شێخانی)ی وەرگێڕ دوای ئەوەی کتێبی منداڵییمی خوێندۆتەوە، ماوەیەك هیچ ئاگای لەم دنیایەی ئێستا نەماوەو بەڕاستی بۆ هەولێر و بۆ منداڵیی گەڕاوەتەوە. ماڵی کچێکی چواردە پانزە ساڵان بەخوشکێکمیان وتبوو ژمارەی تەلەفۆنەکەی منیان بدەنێ، بۆئەوەی تەلەفۆنم بۆ بکەن، چونکە ئەو کچەیان بەشێوەیەك چووەتە ناو ئەو دنیایەوە، کە وایزانیوە راستییە، بۆیە دەیەوێت بزانێت ئاخۆ من گەورەم، یان هەر منداڵەکەی جارانم. ئایا جێگای سەرنج نییە، کە کچێك بیست ساڵ زیاتر لەمن بچووکترە، ئەو منداڵییە بەهی خۆی دەزانێت؟

*** چیرۆک و رۆمان چۆن و لەچ ئاستێک دەتوانن بەمەبەستی گێڕانەوە ئـیش لـەناو مێـژوودا بکـەن. ئایـا ئـەدەبی ئێمـە توانیویـەتی لەئاسـتی دەستەڵاتی مێژوودا جۆرێک پرسیاری جیاوازی هەبێت؟**

– ئەوەنـدە نابێـت وەڵامـی پرسـیارێکی نزیـك لەمـەم داوەتـەوە. دەتـوانم بڵـێم پرسیارەکەتان تەواوکەری ئەو پرسیارەیە، بۆیە دەبێت وەڵامەکەی منیش تەواوکەری ئەو وەڵامەم بێت. پرسیار لەبارەی پێوەندیی نێـوان گێڕانـەوەو مێـژوو تـەواو نابێـت، چـونکە مێژوو گرنگترین ماددەی چیرۆك و رۆمانە. لێرە دەبێت جیاوازی لەنێوان مێـژوو و زانـستی مێژوودا بکەین. واتە جیاوازی لەنێوان مێژوو وەکو ماددەیـەکی خـاو لەگـەڵ مێـژوو وەکـو ئەوەی زانست سنووریداری کردووە. بەڕای من نووسەری ئەدەبی، بەتایبەتی چـیرۆکنووس و رۆمـاننووس ئـیش لەسـەر ئـەوەی یەکـەمیان دەکـات. بەداخـەوە نووسـەری ئێمـە، کـە بەسرووشـتی خـۆی حـەزی لەپاڵەوانبازێتییـە، زیـاتر ئـیشی بـەدووەمیان کـردووە. (پـۆل ریکۆر) جیاوازیی لەنێوان زمانـە سرووشـتییەکان و زمانـە دەسـتکردەکاندا دەکـات. واتـە زمانە سرووشتییەکان هێشتا زانست دەستی بەسەردا نەگرتوون و فرەڕەهەنـدن، هەرچـی زمانـە دەسـتکردەکانن زانـست ئـەو رەهەندانـەی لێسەندوون و یـەك مانـای دیـاریکراوی پێبەخشیون. بەمەش هەر وشەیەك لەفرەدەنگییەوە بـۆ تاکـدەنگی دەگۆڕێت. مەبەسـتی (ریکۆر) لەزمان، زمانی ناشیۆنە جیاوازەکان نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو ئاخافتنانەن، کـە کەسەکان لەناو چوارچێوەی یـەك کولتـوردا بەکاریانـدەهێنن. لێـرەدا جۆرێـك پێـشبڕکێ، یاخود با بڵێین جۆرێك کێشمەکێش لەنێوان داهێنانی ئەدەبی و داهێنـانی زانـستییدا دێتـە کایەوە، بەوەی هەر یەکەیان دەیەوێت بەشێوازی خـۆی ئـەو مـاددە خـاوە بـەکاربهێنێت، بگرە زۆر جار نووسەری داهێنەر هەوڵ دەدات پێش مێژووش بکەوێت. واتـە هـەوڵ دەدات هەر خۆی مـاددە خاوەکـەش لەعەدەمـەوە، یـان لەهیـچی نـەبووەوە خـەڵق بکـات. ئەمـە یـەکێك بـووە لـەخولیای سـیریالییەکان. گەڕانـەوەی ئێمـە بـۆ نـاو مێـژوو زۆر جـار گەڕانەوەیەکی نۆسـتالۆژییانەیە، گەرانەوەیەکـە پـڕە لەسـۆزو میهرەبـانی، بۆیـە نـاتوانین

مێژوویەکی جیاواز لەو مێژووە رەسمییە بخوڵقێنین. ئەو گەرانەوەیە هەڵگری چاوێکە، کە هەموو رابردوو بەپیرۆز دەبینێت، بگرە زۆر جار ئەو نووسەرە هەر خودی نووسین بەشتێکی گڵاو دەزانێت و رێگای نادات بەبێ پاککردنەوە لەگومان و پرسیارە بەدەکان بچێتە ناو هەندێك زۆنەوە، کە لای ئەو پیرۆزن و بەتابوو دادەنرێن. ئەو تەماهیکردنە لەگەڵ مێژوو ئەدەبی نووسراوی ئێمەی کردۆتە پاشکۆی ئەدەبی زارەکی. ئەمەش بەردەوام رێگر بووە لەبەردەم تێکشکاندنی شێوازە ستاندارەکان و نوێکردنەوەی زمان و فراوانکردنی رووبەرەکانی فانتازیا. لێرەدا نموونە هێنانەوە زۆر ئاسانە. ئێوە بڕوانن ئەو چیرۆکانەی خەڵك لەبارەی ئەنفالەوە دەیانگێڕنەوە هەمان ئەو چیرۆك و رۆمانانەن، کە نووسەرانی ئێمە نووسیویانە. باشتریش وایە بڵێین نووسیویانەتەوە. دەکرێت میتۆدی چیرۆکنووس و رۆماننووس، کە کەرەستەی سەرەکییان گێڕانەوەیە لەهەندێ کاتدا لەمیتۆدی مێژوونووس نزیك بێتەوە، بەڵام هێشتا جیاوازییەکی گەورە لەئارادا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە رۆماننووس و چیرۆکنووس لەو وردەکارییانە دەگەڕێن، کە مێژوونووس بەهۆی سرووشتی کارەکەی ئیشی پێیان نابێت. ئەگەر رێگام بدەن من نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. زۆربەمان دەزانین ئەو ئاگرە بەناوبانگەی نیوەی لەندەنی سووتاند، ساڵی ١٦٦٦ بوو و دوای پێنج رۆژ ئینجا توانیان بیکوژێننەوە، بەڵام کەم کەس دەزانێت هۆی ئەو ئاگرە نانەوایەکی بێناوو دەنگ بوو. بیری چووبوو تەندوورەکەی بکوژێنێتەوە. مێژوونووس باسی سەردەمی ئەو ئاگرە دەکات، بەڵام لای چیرۆکنووس و رۆماننووس ئەو نانەوایە دەبێتە جێگای بایەخ، کە مێژوونووس خستوویەتییە پەراوێزەوە. ئینجا لەبەر ئەوەی هیچ لەبارەی ژیانییەوە نازانێت، ئەوا دەبێت لەڕێگای خەیاڵ و فەنتازیاوە دروستی بکاتەوە. هەمان شت بۆ کارەساتەکانی لای خۆمان راستە. بەڕای من ئەدەبی گێڕانەوە کار بەلۆژیکی ئایۆنی دەکات، نەك بەلۆژیکی کرۆنۆلۆژی، چونکە ئەوەی دووەمیان ناچارمان دەکات مێژوو وەکو زنجیرەیەك رووداوی یەك بەدوای یەك بخوێنینەوە، بەڵام لەیەکەمیاندا سەربەستین چۆن کارەکتەرەکانمان لەناو کاتە

جیاوازەکاندا هەڵسووڕێنین. بەلامانەوە سەیر نییـە، کاتێـك دەبیـنین ئـەو چیرۆکنووسـەی مێژووی وەکو خۆی نووسیوەتەوە، هەر ئەویشە نەیتوانیوە هیچ شێوازێکی هونەریی نـوێ دابهێنێـت. بـەکورتی کاتێـك ئـیش بـەلۆژیکی کرۆنۆلـۆژی دەکـەین، هـەمان زمـانی مێـژوو بەکاردەهێنینەوە، ئەوە لەکاتێکدا هونەری نووسین بەسـەرماندا دەسـەپەنێت زمانێـك بـۆ ئەو زمانە دابهێنین. بەبێ ئەوەش پرۆسیسی نووسین ناتوانێت بەردەوام بێت. من پێموایە نووسەری ئەدەبی لەپێش هـەر کەسێکی دیکـە دەزانێـت، کـە مێـژوو لەگـەڵ ئـەو هـەموو زۆربلێییەی خۆی، گیانەوەرێکی لاڵە.

*** چۆن ناوی کارەکتەر و چیرۆک و رۆمانەکانتان هەڵدەبـژێرن؟ بـەرای ئێـوە نـاو دەتوانێـت ئاقـاری کۆتـایی چـیرۆکەکە بگۆڕێـت، یـان پرۆسـەی ناونـان پەیوەنـدیی دیـالێکتیکی لەگـەڵ رووداو و بابـەت و دواجـار کـۆی چیرۆکەکەدا دروست دەکات؟**

– دیارە ناو و ناونیشان کۆمەڵێك ئەرکیان هەیە، کە دەتوانم بڵێم گـرینگترین ئـەرکیان ئەوەیە جۆرێك لەبـەراوردکردن و جیاکـاری لـەنێوان دنیـای ریـال و دنیـای خـەیاڵدا بێننـە گـۆڕێ. نـاو لەکارەکتـەر دادەنـدرێت و ناونیـشانیش بـۆ بابـەت دادەنـدرێت. بمانـەوێت و نەمانەوێت جیاوازییەك لەنێوان ئەو دوانەدا هەیە. ئەگـەر لـەڕووی زەمـەنی خوێندنـەوەوە لێیان بڕوانین، نەك لەڕووی زەمەنی نووسینەوە، ئەوا دەبینین ناونیـشانی تێکـست زووتـر لەناوی کارەکتەر کۆنتاکت لەگەڵ خوێنەردا دەکات، بەڵام هەمیشە تێکست و ناونیشانمان لـەڕێگای نـاوی کارەکتەرەکانـەوە بـیر دەکەوێتـەوە. چ نـاو و چ ناونیـشانیش دەتـوانن سەربەخۆیی تێکست لەئاشکرابوون و روونبوونەوە بپارێزن، کە ئەمـەیان دەکرێـت وەکـو ئاستێکی جوانکارییش سەیری بکـەین. لەکاتێکدا تەکنـەلۆژیا لەهـەوڵی ئەوەدایـە هـەموو لوغزو نهێنییەکانی ژیـان ئاشـکرا بکـات، نووسـەر ناچـارە ئـەو دەروازە گرنگـە، کـە پێـی دەوترێـت ناونیـشان بەهەنـد هـەڵبگرێت. ئـەمڕۆ Titrologie واتـە زانـستی ناونیـشان، یـاخود ناونیـشانناسی لـەبواری ئـەدەب و هونـەری شـێوەکاری و بگـرە لەهونـەری

فۆتۆگرافیـشدا بایـەخێکی گرنگـی هەیـە. چـەمکی تیترۆلـۆگی لای (لۆسـیان گۆڵـدمان) و (جیرار جێنێت) وەکو بەشێکی گرنگ لەبواری سـیمۆتیکاو زانستی گێڕانـەوەدا دەکەوێتـە بەرچاو. (جیرار جێنێت) کۆمـەڵێك ئـەرکی وەکـو ئامـاژەو وەسـف و راڤـە بـۆ ناونیـشان دیارییدەکات. ناونیشان ئەوەندەی پەیوەندیی بەدنیای بیستنەوە هەیە، دوو ئەوەنـدەش بـەدنیای بینینـەوە. ناونیـشانی رۆمانـەکانی (بـەختیار عـەلی) لـەپێش خوێندنـەوەی تێکستەکان کۆمەڵێك ساینفێکشنی وەك زمان و سیمبۆلمان بەدەستەوە دەدەن. (کەوتنە خوارەوەی گورگێـك)ی (ئـسماعیل حەمەئـەمین) تێکـەڵکردنێکی جوانـە لـەنێوان فیزیکـاو میتافیزیکـادا. ئەمـە پـێش ئـەوەی لاپەڕەیـەك لەڕۆمانەکـە بخوێنیتـەوە. مـن خـۆم تـا تێکـستەکە تـەواو دەکـەم، چـەند جارێـك ناونیـشان دەگـۆڕم. زۆر پـێم خۆشـە ساینفێکشنەکانی ناونیـشان لەکونوکەلەبەرەکانـدا بشارمەوە. دەمێنێتـەوە قسە لەسـەر ناوی کارەکتەر بکەین، کە بەبڕوای من هێندەی ناونیشان گرنگیی خۆی هەیە. هەتا چـەند ساڵێك لەمەوبەر دەبووایە ناوی پاڵەوان و ماناکەی پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبێت. بۆ نموونە (شۆڕش) دەبووایە شۆڕشگێڕ بێت. (نەبـەز) خـۆڕاگر بێت. (بـەختیار) ئاسـوودە بێت. لەلایەکی دیکە ئەو کارەکتەرەی رۆڵی خراپـی پێدەدرا، هاوکـات نـاوێکی نـاخۆش و رەزاگرانیشی لێدەنرا. دەتوانم بڵـێم ئـەو تێگەیـشتنە ئەگـەر ئێـستا بەتـەواوییش کۆتـایی پێنەهاتبێت، ئەوا زۆر کەمبووەتەوە. ساڵی ١٩٩٢ لەکـەمپ منـداڵێکی کـوردم بـینی نـاوی ئەنفال بوو. هەر رێك لەسەردەمی ئەنفالەکانیش لەدایك بووبوو. کـچی یـەکێك لـەو خێزانـە کوردانـە بـوو، کـە رژێمەکـەی (سـەدام حـسێن) لەسـەرەتای شـەڕی قادسـیە لەبەغـدا دەریکردن و لەودیوی سنوور فڕێیدان. نەدەکرا نەپرسم بۆچی دایك و بـاوکێکی کـورد نـاو لەکـچەکەی خۆیـان دەنـێن ئـەنفال؟ باوکەکـە زۆر بەشـانازییەوە وتـی نـاوی سـورەتێکی قورئـانی پـیرۆزەو لەگـەڵ (ئـەنعام)ی خوشـکی رێکیخـستووە، کـە ئـەویش هـەر نـاوی سوورەتێکی دیکەی قورئانە. هەندێك لەکوردەکان بەچاوی رقەوە لەو منداڵەیان دەڕوانی. مـن لـەو کاتـەوە زیـاتر لـەجارێك نـاوم لەکارەکتـەرەکانم نـاوە ئـەنفال، بـەڵام نـەك بـەو

مەبەستەی مادام کەسەکە هەلگری ئەو ناوەیە، دەبێت خراپ بێت، نەخێر تەنها وەکو نیشاندانی جۆرێك لەپارادۆکس. هەر خوێنەرێك ئەو ناوەی بکەوێتە بەرچاو، خێرا کۆمەڵێك شت بەخەیاڵیدا دێت، لەکاتێکدا تۆ هیچ یەکێك لەو شتانەت مەبەست نییە. ئەمەش گەمەیەکە، کە هەموو نووسەرێکی هۆشیار دەیەوێت لەگەڵ خوێنەری بکات. لەدواناوەندیی رزگاریی کوڕان کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی (سەدام حسێن مەجید) بوو. لەیەکێك لەخۆپیشاندانەکاندا گیرا. شاعیری فەرەنسی (بەرنار نوێل) لەشیعرێکیدا دەڵێت: (ئەگەر لەناوی خۆمدا بوونم هەبووایە، ناوم مانای نەدەبەخشی). بەهەر حاڵ من پێموایە دەبێت ناویش وەکو زۆر رەگەزی دیکەی چیرۆك و رۆمان، هەندێك پرسیار بوروژێنێت، نەك بەشداریی لەئاسانکردنەوەو روونکردنەوەی تێکستەکەدا بکات. زیاترین وشە، کە لەهەر چیرۆکێکدا بەکاربێت، ناوی کارەکتەرە، بۆیە ئەگەر وەکو قەوارەش لێی بڕوانین، ئەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئەو وشانە، ئەگەر ئەرکیان نەبێت، وەکو بۆشاییەکی پاسیڤ لەناو تێکستەکە دەردەکەون. هەندێکجار نووسەر بەمەبەستی دەمامك ناو هەڵدەبژێریت، بۆئەوەی لەڕێگای ئەو ناوەوە ئازادییەکی زیاتر بەدەستبهێنێت و کۆنترۆڵەکان لەسەر خۆی لابەرێت. بۆئەوەی ئارەزووە نێرگزییەکانی تێر بکات. رێك وەکو هونەری نواندن. (هێنری فۆندا)ی ئەکتەری جیهانی گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە. ئەو دەڵێت: (منێکی لاو کاتێ بوومە ئەکتەر، هەستمکرد دەتوانم خۆم لەو شەرمە دەرباز بکەم و وابزانم کەسێکی دیکەم).

*** ئێستا کۆمەڵێک چیرۆکنووسی گەنج لێرەو لەوێ دەرکەوتوون. پێتان وایە ئەوانە دەتوانن چیرۆکی کوردی لەو قەیرانە دەربهێنن، کە لەڕابردوو و ئێستادا تێیدا ژیاوە؟ مەبەستمان قەیرانی لاوازیی زمان و نەبوونی بابەت و تەکنیکی سواو و رووداوی بێهێزە.**

– نازانم بۆچی زۆر لەو جۆرە پرسیارانە دەترسم. راستییەکەی هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمی هاوپیشەکانی خۆت لەلایەك قورسەو لەلایەکی دیکە بتەوێت و نەتەوێت لای

خوێنــەر وا دەکەوێتــەوە، کــە مەبەســتتە پێیــان بڵێیــت مــن لەســەرووی هــەموو کەموکوڕییەکانم. لەناوەندێکدا، کە رەخنـە نـەبێت، یـاخود لاواز بێـت، ئـەوە زۆر پرسـیار بەناچاری رووبەڕووی نووسەر و هونەرمەند دەکرێنەوە، کە بەشـێوەیەك لەشـێوەکان هـی خۆیـان نـین. سـەرەتا دەمـەوێت مـن پێتـان بڵـێم، کـە خـودی نووسـین خـۆی قـەیرانێکی گەورەیە. هەموو جووڵەیەکی داهێنان هاوکاتە لەگەڵ خولقاندنی کۆمـەڵێك قـەیران، بگـرە هــەتا ریـسکەکانی نووسـین گـەورەترین، قەیرانـەکانیش گـەورەتر دەبـن، هــەر ئەمەشـە دەهێڵێت پرۆسێسی نووسین لای نووسەر بەردەوام بێت. من هەست ناکـەم کێـشەی ئێمـە بوونی قەیرانەو باوەڕیش ناکەم ئیشی نووسەر چارەسەرکردنی قەیران بێت. لەڕەخنەشـدا میتۆدێك هەیە ئیش لەسەر خوێندنـەوەی پرۆبلەماتیکـەکان دەکـات، ئـەویش بەمەبەسـتی دۆزینەوەی نهێنییەکان و جیاکردنەوەی ئاستەکان، نەك بـۆ سـنووربەندکردنی کێـشەکان. لەگـەڵتان دام، ئـەمڕۆ تـا چـیرۆکێکی باشـت دەسـتدەکەوێت، سـەدی لاواز بەڕێدەکـەیت. ئەگەر وەکو مەسەلەیەکی ماتماتیکی لێی بڕوانین، ئەوە دەبینین لـەڕابردوو چیرۆکنووسـی باشترمان زیاتر هەبوو. بـۆ نموونـە هـەتا کۆتـاییی هەشـتاکانیش ژمـارەی چیرۆکنووسـان نەدەگەیشتە بیست کەس، بەڵام دەتوانم بڵێم حەوت تا دە چیرۆکنووسی باشمان هـەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەکە دە جـار بەقـەدەر ئـەو کاتەیـەو ژمـارەی چیرۆکنووسـە باشـەکانیش ناگاتە دە چیرۆکنووس. کەواتە رێژەکە لەهەشتاکان گەورەتر بووە لـەوەی ئێـستا. بـەڵام نابێت ئەو هەموو گۆڕانکارییە خێرایەمان لەبیر بچێت، کە ئەم حەڤدە ساڵەی دوایی لەسەر ئاستی کوردستان و دنیادا دەرکەوتوون. هـەتا کۆتـاییی هەشـتاکانیش واقیعێکـی مەیلـەو چەسپاوت هەبوو، نووسەر وێنەیەکی نزیکی کۆمەڵگاکەی خۆی لەخەیاڵدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ کۆمەڵگا سیمایەکی ئەلیکترۆنیی بەخۆیەوە گرتووەو ئاسـان نییـە وەکـو جـاران بیهێنیتـە بەرچاو. دەتـوانم بڵـێم هـەتا هەشـتاکانیش کـات و شـوێن کاریگەرییـەکی زۆر گـەورەیان لەسەر ئێمە نەبوو، بەڵام لەنەوەدەوە هەموو سـیماکان گـۆڕان و بـەردەوامیش دەگـۆڕێن. دیارە وەکو (ماکس ڤیبەر) راڤەی دەکات، هەر ئەو گۆرانکارییانەشن سنوورەکانی ژیـان و

مـەرگ دیـاری دەکـەن. ئـەو دوانـەش گـرنگترین مـاددەی نووسـینن. ئێـستا نووسـەر ئەسوسیەیشنی بۆ کات و شوێن نەماوە، بۆیە ئاسان نییە تەعبیر لـەگیانی سـەردەمەکەی بکات. ئایا ماوەی نێوان ساڵی حەفتا هەتا ساڵی هەشتا ئەوەنـدەی مـاوەی نێـوان سـاڵی نەوەد هەتا ساڵی دووهەزارە؟ هەر کەسێك لەنەوەی مـن وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بداتـەوە، دەڵێت یەکەمیان چوار ئەوەندەی دووەمیانە. هەر بەهەمان شێوەش ماوەی نێوان نـەوەد هەتا دووهەزار لایەنی کەم شەش ئەوەندەی مـاوەی نێـوان دووهـەزار تـا دووهـەزار و دە دەبێت. ئەو خێراییە تەنها دنیای واقیع ناگۆڕێت، بەڵکو ئەو دنیایەش دەشێوێنێت، کە تۆ لەڕێگای خەیاڵ و فەنتازیاوە دروسـتی دەکـەیت. ئـەرکی نووسـەری ئـەمڕۆ زۆر قورسـترە لـەوەی دوێـنێ، چـونکە ناچـارە واقیعێکـی ئەوەنـدە گـەورە و ئـاڵۆز دروسـت بکـات، کـە گۆڕانەکان بەئاسانی تێکینەشکێنن. ئەمە تەنها پەیوەندیی بەکوردسـتانەوە نییـە، بـەڵکو دەرەوەی ئێمەشی گرتۆتەوە. نابینن زوو زوو گلەیی لەئەکادیمیای سوێد دەکرێت، گوایـە ئەو چەند ساڵەی دوایی خەڵات دەداتە نووسەری زۆر ئاسایی؟ بەڵام هەموو ئەمانە ناتوانن ببنە بەهانە بۆ کزیی داهێنان. راسـتییەکەی شـتێك نییـە بـەناوی رووداوی لاوازو رووداوی تۆکمـە وەکـو لەبەشـێکی پرسـیارەکەتاندا هـاتووە، بـەڵکو ئـەوە بینـینی نووسـەرە ئـەو رووداوە ئاوا نیشان دەدات. هەر لێرەشەوە زمان دەخوڵقێت. واتە کاتێك بینینمـان نییـە، زمانیشمان نییە، رووداوی سەرسوڕهێنەریشمان نییە، جوانکـاریی و تەکنیکیـشمان نییـە. بۆیە من پێموایـە هـەموو لاوازییـەکانی رووداو و بابـەت و رووداو و تـەکنیك بـۆ مەسـەلەی نەبوونی بینین و زمان دەگەڕێنەوە. ئاسان نییـە لـەبواری داهێنـانی ئـەدەبی و هونەرییـدا پێشبینی بکەیت. ئەمە بۆیە دەڵێم، چونکە ئێوە دەپرسـن، ئـاخۆ چیرۆکنووسـانی ئـەمڕۆ دەتـوانن ئـەم دۆخـەی ئێـستا بگـۆڕن. ئێـوە بـڕوانن لەهـەموو بوارەکانـدا هەنـدێك یاسـاو پێوەری جێگیر هەن، بـەڵام پێـوەری ئـەدەب و هونـەر تـەنها خەیاڵـە. بـڕۆن بـۆ پـۆلێکی قوتابخانـەو بپرسـن، ئـاخۆ کـێ لەئاینـدە دەبێتـە نووسـەر، ئـەوە خێـرا نـاوی قوتابییـە زیرەکـەکانت پێـدەڵێن، کەچـی واقیـع ئـەوەی دەرخـستووە، کـە بـەزۆری تەمبەڵـەکانی

قوتابخانەن لەبواری ئەدەب و هونەردا بوونەتە داهێنەر. زۆر جار نووسینی ئەکادیمی، کە سەرچاوەکەی قوتابخانەیە، ناتوانێت نووسەری داهێنەر و نووسەری ئاسایی لەیەکتر جیا بکاتەوە. بەوە باشە من ئەکادیمی نییم و باوەڕم وایە بەشێك لەو دەنگانەی ئەمڕۆ و بەشێکی دیکەش لەو دەنگانەی تا ئێستا دەرنەکەوتوون، داهێنانی لەوەی ئەمڕۆ گەورەتر بکەن.

*** دواجار ئەگەر بکرێت لەبارەی نوێترین بەرهەمی خۆتان زانیارییەک بەئێمەو خوێنەران رابگەیەنن.**

– ساڵی پار لەگەڵ (دوارۆژ)ی کوڕم رۆمانێکمان بەهاوبەشی نووسیوەو تا ئێستا چەند هاوڕێیەکی نووسەر و ئەدەبدۆستم خوێندویانەتەوە. لەپاڵ ئەم رۆمانەدا کۆمەڵە چیرۆکێکم بۆ چاپ ئامادەیە، کە رۆمانێکی کورتیشی لەگەڵدایە. هەروەها کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەم هەیە، بەڵام دەبێت جارێکی دیکە پاکنووسی بکەمەوە. بیست کتێبی منداڵانم لەئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە. ئەمەیان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزییە. تێکستە ئینگلیزییەکەم لەبەرامبەر تێکستە کوردییەکەدا نووسیوەتەوە، بۆئەوەی منداڵ بەئاسانی فێری ئینگلیزی ببێت. دەتوانم بڵێم وەرگێڕان و ئامادەکردنە. راستییەکەی بیست چیرۆکی هەتا بڵێی جوانن. منداڵ، بگرە گەورەش نەك هەر فێری ئینگلیزی دەکەن، بەڵکو زۆر چێژیشی پێدەبەخشن. چاوەڕێ دەکەم مافی چاپکردن لەنووسەرەکە وەربگرم و لەکوردستان بڵاویان بکەمەوە. هەروەها فەرهەنگێکی (ئینگلیزی–کوردی)شم هەر بۆ منداڵان ئامادە کردووە، کە لەڕێگای وێنەوە منداڵ فێری ئینگلیزی دەکات. ئەمەیان بۆ منداڵی دانیمارکی ئامادە کراوەو من لەشوێنی وشە دانیمارکییەکە وشەی کوردییم داناوە. هەروەها چەند چیرۆکێکی منداڵانیشم هەر بەهاوبەشی لەگەڵ (دوارۆژ)دا کردۆتە کوردی. هەندێك وتار و لێکۆڵینەوەشم هەیە. ئەگەرچی من نامەوێ بێجگە لەبواری چیرۆك و رۆمان و بیۆگرافیا، لەهیچ بوارێکی دیکە چالاك بم. باوەڕتان بێت زۆر لەگفتوگۆکانیش دەترسم.


**فەیلەسووفە مەزنەکان شاعیریشن**
وەرگێڕانی: هەندرێن


**ئەدەبیاتی عیبری**
وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف


**میشێل فۆکۆ، بەزێنەری سنووری فەلسەفە**
وەرگێڕانی: دلێر محەمەد

**نامە بۆ نیگارکێشێک**
و/ کوردەوان محەممەد سەعید


**ئەفسوونبازەکەی "پۆرتۆ بیللۆ"**
**دیمانە لەگەڵ پاولۆ کۆیلۆ**
و/عەبدوللا مەحمود زەنگنە

**ڕێگایەک بۆ هەمووان**
کەریم مەلا

# وەرگێڕان

# فەیلەسووفە مەزنەکان شاعیریشن

وتوێژی:

نینا بیۆرک/Nina Böjrk – لەگەڵ:

هێلێنا سیکسۆسیێ –Hêlène Cixouse

وەرگێڕانی: هەندرێن



هێلێنا سیکسۆسیێ

سەرچـاوەکانی خـۆتم نیـشانبدەو منـیش پێـت دەڵـێم دەتەوێت ببییە چ کەسێك. کاتێك من نزیکەی دە ساڵ پـێش لەئێـستا چـوومە زانـستگا بـۆ ئـەوەی ببمـە رووناکبیر. هاوکاتیش من ژن بووم. حلکردنـی ئـەو هاوکێـشەیە سـەخت بوو، لـەو رۆژگـارەدا پـسوولەی وەرگرتن بـۆ ئـەو ئـارەزووە پایەدارە وەك رووناکبیر پۆست ستراکچالیزم بوو. رووناکبیرە پۆست ستراکچالیستەکانیش بریتی بوون لـە: ژاك دێریـدا،ژان فرانسوا لیۆتار و ژان بۆدلیار. ئەمەش بـەجۆرێك لـەجۆرەکان ترسناك بوو. من باش نەمدەزانی...؟

نا، من نەمدەزانی. لێ لەلیستی کتێبی کۆرسی خوێندنی ژن لەزانستگا (ئەو کتێبانەی لەخوێندنی زانستگادا تایبەتن بەفێمێنیزم، و. کوردی) ئەلتەرناتیڤێك دەرکەوت. سێ ژنـی پەنابەری فەرەنسی هەبوون کە رەنگە دەکرا وەك پۆست ستراکچالیست، بەڵێ بگـرە وەك رووناکبیریش سەیر بکرێن. مـن دەوێرام لەنووسـینەکانی ئەوانـەوە سەرچـاوەکانی خـۆم وەربگرم. هەروا من تەنیا نەبووم: لوسیێ ئیریگارای، هێلێنا سیکسۆسیێ و ژولیـا کریـستیڤا بۆ سەرتاپای نەوەیەکی خوێندکاری ژن بوونە هێما (کانون)ێکی رۆشنبیریی.

ئەوانە روحی بەرەنگارییان بەخشی، نەك هەر لەبەر ئەوەی ئەوانە پاشخانێکی قـووڵی دەروونشیکاریی و هەڵوەشانەوەگەرییان هەبوو، بـەڵکو رەنگـە بەتایبـەتی چـونکە ئەوانـە هەندێك گومانی فێمێنیستیان ورووژاند. واتا لـەکن ئەوانـەدا خولیایـەك هـەبوو کـە وشـەی پیاوانـە و ژنانـە بـەکار بهێـنن — بـەمجۆرە ئـەو دوو وشـەیە لەکۆمـەڵگای ئێمـەدا پیـادە

دەکرێت – ئەوان ئەو دوو وشەیەیان هەر تەنیا بەمەبەستی رەخنەیی بەکار نەدەهێنا، بەڵکو هاوکاتیش بەواتای باش یان کارا، بەشێوازێك کە لەخودی خۆیدا داهێنەرانە بوو ئەو دوو وشەیەیان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە هێلێنا سیکسۆسیۆ تیۆرییەکی لەسەر (ئێکریتور فێنیمیۆ/نووسینی ژنانە) هەبوو. من پێم وانەبوو کە هێلێنا سیکسۆسیۆ ئەو بیرۆکەی خۆی لەناوکۆییەکی کۆمەڵایەتیدا دارشتبێت، ئەو زیاتر لەسەر جەستەی ژن و توانای ئەوان لەبەخشینی ژیاندا دەئاخفی نەك لەسەر ئەو دۆخە ماتریالیانەی کە ژن لەژێر سایەیاندا دەینووسن چۆن دەبینرێت. ئاخۆ ئەو هزرڤانە ژنانە چەند جێگەی بڕوا بوون؟

هەڵبەت هەر یەکێك لەئێمە کاتێك پرسیاری لەخۆی دەکرد، کە چۆن ئێمە بەکۆمەکی ئەوانەوە دەتوانین ببینە رووناکبیر و فێمێنیستیش.

کاتێك من ئێستا دوای چەندان ساڵ بەدیداری یەکێك لەسەرچاوەکانی نەوەی خۆم دەگەم – ئەمیش هێلێنا سیکسۆسیێیە – پەشۆکاوی دامدەگرێت. من لەوە دوودڵ بووم کە ئەو دەیەوێت لەسەر ئەو دەقە زووانەی خۆی بپەیڤێ کە ئەوی لەجیهانی ئەنگلۆ-ئەمریکایەکاندا ناودار کرد، سویدیش لەپاڵ ئەو وڵاتانەوە دەژمێردرێت، ئەو دەقانەش بریتیبوون لە: (Le rire de le Mèduse) و (La jeune nèe)، کاتێك لەناوەڕستی حەفتاکانەوە نووسیبوونی. بۆ زانین ئەو بەرهەمانە لەهەموو بەرهەمەکانی دیکەی ئەو تیۆریتر بوون (هاوکاتیش دەکرێت ئەو دوو بەرهەمە وەك شیعر بخوێنرێنەوە) و ئەو ژنە لەساڵاکانی دواییدا گومانی لەتوانای تیۆری هەبوو کە بتوانێت بەرێگای چەمکەوە شتێکی بنەڕەتی لەژیاندا بەرجەستە بکاتەوە.

ئەو هەر زوو نیشانیدا کە نەك هەر نایەوێت لەسەر ئەو دوو بەرهەمانە بدوێت، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەو نەیدەخواست لەگەڵ مندا بئاخڤێت. ئەو ژنەی کە پەیوەندەی نێوانمان بوو وتی هێلێنا سیکسۆسیۆ وتوێژەکەی لەگەڵ مندا رەتکردۆتەوە، چونکە من گوێم لەو ئاخاوتنەی ئەو نەگرتووە کە (سیکۆس) پێشتر هەمان رۆژ لەشاری ئومیۆ (مەبەستی زانستگای شاری ئومیۆیە لەسوید) پێشکەشی کردبوو و هاوکاتیش چونکە من هەرگیز نمایشی شانۆکانی ئەوم لە(Thèatre du Soleil) پاریس نەبینیووە.

دوای ئەوەی من هەوڵی خۆمدا لەو سکاڵایە ئازادبم کە ببمە رۆژنامەنووسێکی نائامادە خۆم تووشی نووشستێکی خێرا بکەم (من لیستەیەك لەکتێبەکانی خودی هێلێنا

سیکسۆسیێ و ئەوانەی لەسەر ئەو نووسراون وەردەگرم) وێڕای ئەمەش دواجار ئەو (هێلێنا) بەتووڕەییەوە دەڕوا و لەسەر قەنەفەیەك دادەنیشێت، قاوەیەك لەگەڵ شیر دەخواتەوە و — راستییەكەی— لەگەڵ مندا دەئاخڤێت.

ئەوجا لەجێگەی خۆیدا نییە من دەستپێكی پرسیارەكەم بەوە دەستپێبكەم كە ئایا ئەوە لێكناكۆكی نییە ئەو زیاتر ئەو نووسینە دەنرخێنێت كە بە(ژنانە) ناودێری دەكات. بۆ زانین هێلێنا سیكسۆسیێ ئەو تەرزە نووسینە — دەكرێت بۆ پیاو و ژن پراوە بكرێت — وەك هەڵقوڵان، كە هێراركی/قوچەكی نییە، وەك شتێك كە لێكدژییەكانی بەتایبەتی لەنموونەی پیاوانەو ژنانە تێكدەشكێنێت وێنا دەكات.

— نووسینی ژنانە چەمكێكی گێلانەیە. هیچ مانایەكی نییە. من چیتر باسی ئەوە ناكەم. من لەسەر شیعرییەتی جیاوازیی رەگەز دەپەیڤم.

راستییەكەی من دەبێت زیاتر شت فێربم، لێ وێڕای ئەمەش من لێی دەپرسم كە ئەو مەبەستی لەوە چییە. ئەو هەناسەیەك هەڵدەمژێت و ئاماژە بەژاك دێریدا دەكات: لەو ساتەی كە چەمكێك فۆرمەلە دەكرێت ئەوا دەمرێت.

— تیۆرییەكان دەربڕینی بەكۆدكراون، مرۆ دەتوانێت لەگەڵیاندا شتەكان بفرۆشێت، ئەو تیۆرییانە سەر بەبازاڕن. ئەو تیۆرییانە چەشنە بیرۆكە —حەبێكن كە مرۆ دەتوانێت لەزانستگادا بەكارییان بهێنێت. من خۆم هەندێكجار ئەوە دەكەم، قسەی تیۆری دەكەم، هەرچەندە رقیشم لەوە دەبێتەوە. من ئێستا ئەوە دەكەم. وەلێ راستییەكەی ئەوە بێمانایيە، ئەگەر مرۆ هەوڵبدات شتێك روونبكاتەوە پێویستە لەدەقدا هەڵبقوڵێت، شتێك كە راستییەكەی لەنێوان مەودای ئەو نووسینەدایە كە دەنووسرێت. هەموو فەیلەسووفە مەزنەكان لەهەمان كاتیشدا شاعیریشن.

من لەهۆكاری خەمگینی هێلێنا سیكسۆسیێ تێدەگەم، چونكە ئەو ناتوانێت ببێتە شاعیر، كاتێك ئەو لەوكاتەی لەگەڵ مندا دانیشتووە، بۆیە ناچار دەبێت (شیعرییەتی جیاوازیی رەگەز) روونبكاتەوە، كە بریتییە لەوەی لەبەرهەمی هەموو نووسەرە مەزنەكاندا رووخسارێك لەدوو رەگەزییانە هەیە. نە بەو مانایەی كە دەقەكان رەگەزیان هەیە، لێ ئەو دەقانە بەجۆرە راڤەیەك هەڵگری رووخساری سێكسگەرایی و ئیرۆتیكین و ئەو رووخسارانەش، شتێكن كە تۆ بەچاوی سەری پەنجەكانتەوە هەستیان پێدەكەیت، هێلێنا

سیکسۆسیێ بەدەم بەراوردکردنی خوێندنەوەی نابینایی نووسینەوە وا دەڵێت. تۆ هەست بەبزوانێك، گۆڕانێك دەكەیت.

– من هەستم کرد لەو کاتەی کە دەنووسم ئەوە ژنێکە لەناو مندا دەنووسێت –لێ تەنیا لەنێوان کەسگەلێکی دیکەشدا. چەندان بەش لەو منەی مندا هەیە.

هێلێنا سیکسۆسیێ هەمیشە باسی ئەوەی کردووە کە ئەو بەرهەمە لەئەدەب و شانۆییانەی کە دەیانووسێت بریتین لەوەی کە خۆی بەرووی نامۆکاندا ئاوەڵا بکاتەوە، کە بوارێك بۆ ئەو کەسە ببەخشێت کە خۆدی خۆی نییە، ئەوەی کە تۆ ناتوانیت بیناسیتەوە یان تێیبگەیت. هێلێنا سیکسۆسیێ ئەوە بەڕێگەدان بەو ئەویترەی کە لەناو دەقدا شوێنێك وەردەگرێت ناودێر دەکات. ئەو هەندێکجار ئەو چەشنە توانستەی بەتوانای لەدایکبوونی منداڵ لەژناندا گرێدەداتەوە–توانستێك وادەکات ژنان ئاسانتر ئەو لەمپەرە لەخود (من)ە قبووڵ بکەن کە دیدارێك لەگەڵ ئەویتر دەگەیەنێت. ئاخۆ ئەو جۆرە ئاوەڵاییە بۆ خۆی – لەمپەر و بۆ بێگانە زیاتر لەدەقەکانی ژناندا روونترە تا لەدەقەکانی پیاواندا؟

– ئەوە پرسیارێکی ریالیستییە. من کەسێکی ریالیستی نیم –من کەسێکی مێتافۆریست/هاوردەییم. هاوکاتیش چونکە ژیان بەخشین لای ژن هاوردەیەکە کەواتە دەکرێت ئەوە لەگەڵ پیاودا دابەشبکرێت. هەرچەندە مرۆ دەکاریێ لەکن نووسەرە پیاوەکاندا ئەو هەستە تاقیبکاتەوە کە ئەوان تاقییانکردۆتەوە، لێ پیاویش دەتوانێت منداڵی ببێت/بزێت.

– لێ هاوکاتیش ئەزموونی جەستەیی لەمنداڵ لەدایکبوون هەیەو ئەمەش ئەزموونێکی دیکەیە. ئەمەش وەك ئەوە وایە کە مرۆ پەنجەی خۆی ببڕێت، یان چاوێکی خۆی لەدەستبدات، ئەزموونی جەستەیی کە مرۆ دەتوانێت بۆ ئەو شتەی کە دەینووسێت بیگوازێتەوە. هەرچەندە ئەمەش زۆر سەختە. دەشێ ئەوە ئاسانتربێت ئەگەر مرۆ لەجیاتی وشە موزیك ساز بکات.

لە بواری تیۆری فێمێنیستیدا هێلێنا سیکسۆسیێ، ئیریگارای و ژولیا کریستیڤا چەشنە وەرچەرخانێکن بەرووی زماندا. ئەگەرچی پێشتر توێژینەوەی ژن ئاکامگیری زانینی نووسەر بوو، کەچی ئێستا زۆرتر بۆتە تێگەیشتن لەدەق. بەلای کەمییەوە ئەو سێ رەگەزگەراییە فەرەنسییە (کە رەنگە راستییەکەی جۆرە سێ رەگەزییەك نەبێت،

سیکسۆسیێ قسەکردن لەسەر ئەو سێ رەگەزییەی کە دەبێتە تاکە رەگەزێك رەتدەکاتەوە – ئەو سێ رەگەزە مێینەیە، هەموویان یەکجار جیاوازن) بڕوابوونێکی تۆکمەی بەتوانستی ئاکامگیریی زمان –تەنانەت لەئاستی جڤاکیشدا دروستکرد. سیکسۆسیێ لەکتێبی (لە ریرێ دە لەمێدوس/جەستەی رەگەزەن)دا گۆڕانی نووسین و مێژوویی پێکەوە چڕ دەکاتەوە، نووسینی ژنانە لەناو خاکی نەزۆکی پیاوسالاریدا دەتەقێنێتەوە تاکو هەمیشە ئەوە بپشکنێتەوە. چونکە تیۆرییەکان لە(٧٠)کانی سیاسەتی فەرەنسادا شەکەت بوون، لێ دە سالْ دوای ئەوە هاتە ناو جیهانی ئەنگلۆ– ئەمریکییەوە، بڕوا کردن بەزمان بوو بەتوانایەکی شۆڕشگێڕیی و ئەوسا لێرەدا (فەرەنسا) کەمێك کپ بۆوە. ئەمڕۆ تەنانەت هێلێنا سیکسۆسیش گەشبین نییە:

– من کەسێکی زۆر ئیدیالی نیم کە پێم وابێت نووسین جیهان بگۆڕێت. بەلاّم نووسین بۆ ئازادی دیمۆکراسیترین ئامرازە، کە ئێمە لەسەر زەویدا هەمانە. ئێمەش بێئەوە (نووسین) ناژین.

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە ئەمڕۆ هێلێنا سیکسۆسیێ بێ بوونی هزرڤانە فێمێنیستە نوێیەکان هیچ گرفتێکی نییە. کاتێك من لێم پرسی کە ئەو سەیری (توریل مۆی، ژنە نووسەرێکی نەرویجییە و پرۆفیسۆرە لەئەدەبناسیدا، و. کوردی) دەکات ئەو لەوەلاّمدا وتی من نازانم کە (مۆی) باسی چی دەکات، ئەو هەموو نووسینەکان و نووسەرانی نەخوێندۆتەوە. بەهاتنی ناوی یودیت بۆلتەر (ژنە فێمێنیستێکی ناوداری ئێستای ئەمریکییە، و. کوردی) سەری دادەنەوێنێتەوە، ئەو بەهەموو شتەکان راناگات و خوێندنەوەی ئەدەب بەباشتر دەزانێت. هێلێنا سیکسۆسیێ لەوە دڵنیا نییە کە ئاخۆ تیۆرییەکانی خودی خۆی سەبارەت بەزمانی تایبەتی ژن کاریگەرییەکی باشی هەیە یان نا.

– ئەو چەشنە چەمکانە وەك گڕ وان. ئەو چەمکانە بریقەدارن بۆ سەرنجڕاکێشان، چەند کەسێك یەکسەر رووبەڕووی ئەو چەمکانە دەبنەوە، ئەوانیتر دەست بەبیرکردنەوە دەکەن. لێ کارەکەی من زۆر گەورەیە. بۆچی ئەو چەمکە بۆ دوو وشەی بچووك کورتدەکرێتەوە؟

بەڵێ، ئەو چەمکە تەنیا دەبێتە دوو وشەی بچووک، ئێستا وشەیەکی وەك سیکسۆسێ لەو چەمکە دوور دەکەوێتەوە. لێ ئەو چەشنە چەمکانە بەشێك بوون لەشەپۆڵی فێمێنیزم کە هێدی هێدی هاتنە ناو بەشێکی بچووکی زانستگا و — راستییەکەی — پاڵاوگەیەك لەدوا یەکەکانی کردەوە. (توێژینەوەی/خوێندنی ژن) بوو بە(تیۆری فێمێنیستی) و قوورساییەکی نوێی وەرگرت. ئێمە هەتا ئێستاش بەشوێنپێی ئەو شەپۆلەوە دەژین.

ئاخۆ هێلێنا سیکسۆسێ لای ئێمە تەنانەت وەك ئەدیبێکیش دەبێتە ناوێکی ناودار، ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، سیاسەتی وەرگێڕانی چاپخانە و ئاییندەیە.

— ستێنهال، یەکێك لەو نووسەرە مەزنانەیە، کە لە(١٨٣٠)یەکاندا بەئاگایەنە لەروانگەی پرسیارێکەوە نووسی: کێ دەیەوێت بێتە ئێرە و دوای پانزە ساڵ جارێکی تر بخوێنێتەوە؟ دوای سەت و پەنجا ساڵ؟ ئەو مەسەلەیە هەمیشە پەیوەندی بەو جۆرە لەمپەرانەی کاتەوە هەیە. کاتێك شتێك لەدایك دەبێت و کاتێکیش ئەوە دەگاتە ناو جەماوەر.

— ئەو کارە هەمیشە لەکاتی خۆیدا روو نادات.

***

ژێدەر: بەشی کەلتووری رۆژنامەی Dagens nyheter، ٢٠٠٠/٦/١

**تێبینی!**

دەکرێت وەرگێڕانی ئەو وتوێژەی نینا بیۆرکی ئەدەبناس و فێمێنستی نرخداری سویدی لەگەڵ هێلێنا سیکسۆسێ، ئەدیب و فێمێنیستە فەرەنسییە هێژایە، هەم دیاریی بێت بۆ ئەو ژن و پیاوە نووسەرانەی کە گوایە پییان وایە ناودێرکردنی (ئەدەبی ژن و پیاو) لەکەدار کردنی گەوهەری ئەدەب و ماف ژن و کەمکردنەوەیە لەپایەی ژن، هەمیش هاوکاتیش دەکرێت ئەو دەقە وەك میوانداریك بێت بۆ ئەو نووسەرە ژن و پیاوانەی کە خوویان بەڕوانینە باوو چەند نووسەری دیاریکراو گرتووە و لەبەر ترسی ناسینی خەم، رامان و ئاسۆ جیاوازەکان، زەندەقیان لەبەهای خودی جیاوازی دەچێت، ئەو تەرزە نووسەر، شاعیر، بەناو خەباتکارە ژن و پیاوە باونووسانەی کورد، کە دەرهاویشتەی رۆشنبیرییەکی باون، وەك ترسی جیابوونەوە لەنەریت، سەیری گۆڕینی سەرچاوەکانی

ڕۆشنبیریی خۆیان دەکەن. تاکو ڕۆشنتر بدوێین، کێشەی نووسەری کورد ئەوەیە کە بەنووسەرێك ئاوێزان بوو ئیتر ئاسان نییە دەستبەرداری بێت. بۆ نموونە، ئیستا وتارە کورتیلە و چاوپێکەتنەکانی، نەك کتێبەکانی نووسەرگەلێکی وەك هاشم سالح، ئەدۆنیس، فۆکۆیاما، بوونەتە سەرچاوەی ڕۆژنامەوان و نووسەرانی کورد، هەروەك تەنیا ئەو نووسەرانە خاوەنی ئەو راستیی و بەها ڕۆشنبیرییانەن کە کورد پێویستی پێیانە. هاوکاتیش هەتا هەنووکەش سەرچاوەی ڕۆشنبیریی فێمێنیزمی ژنی کورد بریتین لەوتارگەل و چەند کتێبێکی باوی ئەو ژن و پیاوە عارەب و فارسانەی کە باسی تیۆرییەکانی فێمێنیزم دەکەن، کەچی وێڕای ئەو هەموو ژن و کیژانەشمان لەرۆژئاوادا، کتێبێکی گرنگ و چەند وتاری بەهادارمان لەسەر تیۆرییەکانی فێمێنیزم بەکوردی نییە. ئەمەش یەکێکە لەو لەمپەرانەی کە وادەکات کایەکانی نوێگەریی و پرسی ژن لەپانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا شوێن پێیان لاواز بێت. لێرەدا ئەم وتارە مانای پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییانە نییە کە من ئاماژەیان پێدەکەم، بەڵکو تەنیا ئاماژەکردنێکە بۆ بەهای فرەکردنی سەرچاوەی ڕۆشنبیریمان.

ماوەتەوە بێژین، وێڕای کتێبە ناودارەکەی هێلێنا سیکسۆسی (کە مندالٚت بێ) خاوەن چەندان کتێبی تیۆری فێمێنیستی و ئەدەبییە. هاوکاتیش لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ژن لەزانستگاکانی رۆژئاوا و لەوانەش سویددا چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمە تیۆرییە فێمێنستگەراکانی کراوە. ئەمڕۆ خوێنەری کارا ئەگەر حەز بکات ئەو نووسەرە سەرنجکێشانە بناسێت، دەتوانێت بەرێگای ئاسانکاری ئینتەرنێتەوە نووسینەکانی هێلێنا سیکسۆس و نینا بیۆرك و نموونەگەلێکی لەو تەرزە نووسەرە سەرنجکێشانە بدۆزێتەوە.

شایەنی باسە هەتا ئەمڕۆش کتێبە تیۆرییە فێمێنیستییەکەی نینا بیۆرك (لە ژێر ئەو پەتۆ پەمەییەدا) کە لەنەوەدەکاندا نووسیویەتی، یەکێکە لەو کتێبە بەهادارانەی کە بەسویدی لەسەر پرسی فێمێنیزم نووسرابێت.




# ئەدەبیاتی عیبری

نووسینی: باکنر ب– تراویك

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: حەمە کەریم عارف

**پێشینەی مێژوویی:**

خەڵکی فەلەستینی کۆنی سامی نەژاد بوون و پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ عەرەب و ئاشوورییەکاندا هەبووە، بەگوێرەی کتێبی موقەدەس ئیبراهیم (باپیرە گەورەو دامەزرێنەری قەومی جولەکە) لەئەسڵدا کلدانی بووە، ئیدی قەومی بەنی ئیسرائیل بەهۆی قات و قڕی و وشکەساڵییەوە لەفەلەستینەوە بۆ میسر کۆچدەکەن و بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر لەوێ ئاکنجی دەبن، سەرەنجام بۆ فەلەستین دەگەڕێنەوەو دەکەونە ژێر رکێفی حکومەتی (داوەران)ەوە کە هەم رابەری سوپایی بوون و هەم رابەری ئایینی. بەبەردەوامی شەڕو شۆڕشی بچووك لەنێوان عبرانییەکان و قەبیلە نەیارەکاندا روو دەدات، تا لەئەنجامدا شاهان جێی داوەران دەگرنەوە، گەورەترین شاهانی ئەم قەومە داود

(دەورووبــەری ٩٩٠ پــێش زایــین)و ســلێمانی (٩٦٠ پــێش زایــین) کــوڕی داودن. کــە لەسەردەمی ئەواندا بەنی ئیسرائیل تواناو شان و شەوکەتێکی زۆر بەدەست دێنن.

لەدوای پاشایەتی سلێمان ئیدی قەڵەمڕەوی حکومەت تێکدەچێت و دابەش دەبێت – لەباکوور ئیسرائیل دروستدەبێت و لەباشـوور یەهودیـە دێتـە ئـاراوە– ئۆرشـەلیم دەبێت بەپایتەختی یەهودی. جەنگ لەگـەڵ دەرودراوسـێیاندا بـەردەوام دەبێت. لەسـاڵی ٧٢١ی پێش زایینـدا ئیسرائیلییەکان دەکەونە ژێر دەستی ئاشوورییەکان و دانیشتووانی دەوڵەتی باشووریش لەساڵی ٥٨٦ی پێش زاییندا دەکەونە ژێر دەستی بابلییەکان، لەسـاڵی ٥٣٨ی پـێش زاییـندا، بـەفرمانی کۆرشـی شـای پـارس لەئەسـارەت رەهـادەبن و بـۆ فەلەسـتین دەگەڕێنەوە، شارەکانیان ئاوەدان دەکەنـەوەو زنجـیرە سـەرکەوتنێکی بەرچـاو بەدەسـت دێنن.

لـەو سـەردەمانەی کـە یۆنانییـەکان و رۆمییـەکان بـەنۆرە بـوون بـەزلهێزی جیهـان، فەلەستینیان خستەژێر چنگی خۆیانەوە. سەرەنجام نیتوس–ی ئیمپراتـۆری رۆم لەسـاڵی حەفتای زایینید، ئۆرشەلیمی وێرانکردو هەموو هیواو ئومێدێکی خۆیبوونی سیاسیی بـەنی ئیسرائیلی بەبادا دا.

## نۆڕینێکی گشتی:

هەموو ئەدەبیاتی کۆنی عیبری لەڕاستیدا ئاوێتەی مەزەب و ئایینە. جولەکە لەکۆنەوە ئاشـقە مـەزەب و ئـایین بـوون و هـەردوو بەرهەمـە مەزنـە ئەدەبییەکـەیان، واتـە: کتـێبی موقەدەس و تەلمود، باسی ماهیـەتی پـەروەردگارو یاسـا خواییـەکان و حـوکم و پێـوەرە ئەخلاقییـەکان دەکـەن، قـەومی یـەهود (جولەکـە) کـە لەسـەرەتادا ئاینمیـست بـوون و باوەڕیـان بـەفرەخوایی هـەبوو، بەرەبـەرە پـەرەیان بەیـەکێك لەبـەرزترین چـەمکەکان خواناسی بەخشی. لەڕۆژگارانی سەرەتاو رابردوو باوەڕیان وابوو کە یەهڤە (خوای تـیرەی ئیسرائیل) رووگرژ، هەوەسبازو خوێنرێژە، ئەم چەمکە بەدرێژایی چەند سەدەیەك پـەرەی سەندو گۆڕا، ئیدی دادپەروەری، رەحمەت، پیرۆزی، پارێزگاری و گەورەیشی درایەپاڵ.

زۆربەی بەشەکانی (سەردەمی کۆن–old testament) لەسەرەتادا بەزمانی عیبری بووە، کە لقێکە لەبنەماڵەی زمانی سامی باکووری رۆژئاواو پەیوەندیی بەزمانانی ئارامی و فینیقییەوە هەیە، ئەم زمانە هەرچەندە لەڕووی رێزمان و بونیادی رستەوە سادەیە، بەڵام

توانای ئەوەی هەبووە کە بەڕوونی و ڕەوانی دەرەقەتی دەربڕینی (سەردەمی کۆن) واتە (تەورات) بێت، چەند بابێکی تەورات بەئارامی نووسراوە. (سەردەمی تازە) واتە ئینجیل پێدەچێت بۆ یەکەمجار بەیۆنانی نووسرا بێت.

ئەدەبیاتی عیبری کۆن هەرچەندە بەشێوەیەکی ناچاری ئاوێتەی مەزەب و ئایین بووە، بەڵام زۆر دەق و نووسینی دیکەی وەکو: مێژوو، سرود، ئەفسانەی میللی، حیکایەتی نمایشی، ژیاننامە، نامە، چیرۆکی کۆن و زۆر بابەتی دی لەخۆگرتووە.

## کتێبی موقەدەس Bible

ئەم کتێبە پتر لەهەر کتێبێکی تر لەجیهاندا دەخوێندرێتەوە، پتر لەهەموو کتێبێکی تر بۆ سەر زمانەکان و شێوە زارانی هەمەجۆر وەرگێڕدراوە. لەزمانی ئینگلیزیدا، ئەو وەرگێڕانەی کە بەوەرگێڕانی شاجیمز (١٦١١)[1] ناسراوە، وێڕای ئەو هەڵانەی کە تێیدایە، بە ڕەسەنترین وەرگێڕانی ئەدەبی کتێبی موقەدەس لەقەڵەمدراوە، ئەم کتێبە لەڕاستیدا بریتییە لە (٦٦) کتێب (بەکتێبە دەستکردەکانەوە دەگاتە (٨٠) کتێب)، کە مێژووی هەر یەکێکیان (بەگوێرەی ئەو شێوەیەی ئێستای) دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی ٧٥٠ی پێش زایین و دەورووبەری سەدـــی زاینی، کتێبی موقەدەس بریتییە لەسێ بەش: تەورات، ئینجیل و ئاپوکریف (سفرە دەستکردەکان)، کە ئەم بەشەش لەوەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی شاجیمزدا فەرامۆش نەکراوە.

## سەردەمی کۆن (تەورات):

ئەمە کۆنترین بەشی کتێبی موقەدەسەو بریتییە لەشەریعەتی موساو هەندێك نووسینی جوولەکانی دیکە، تەورات لەسی و نۆ سفر، واتە کتێب پێکهاتووە کە دابەش دەبێت بەسەر شەش دەستەدا: مێژووی ڕۆژگاران، کتێبی پەیامبەران، هۆزانین لیریکی، چیرۆکی نمایشی، ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاری و چیرۆکان، هەڵبەتە هەندێك تەقسیمبەندی دیکەش هەیە، لەوانە دابەشکردنی کتێبی موقەدەس بەسەر قانوون، مێژوو، شیعر، پەیامبەرانی ئولول عەزم (واتە پەیامبەرامی خاوەن کتێب) و پەیامبەرانی نەئولول عەزم، هەڵبەتە ئەم دابەشکردنە نە لەباری ڕیزبەندی لوجیکییەوە دروستەو نەلەڕووی ڕیزبەندیی مێژووییەوە.

## مێژووی ڕۆژگاران:

ئـەم کتێبانــە باســی مێــژووی جولــەکان (وێــڕای چــەند بۆشــاییەك) لەســەرەتای دروستبوونی جیهانەوە تا تۆژەنکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ئۆرشەلیم پـاش گەڕانـەوەیان لەتاراوگەو ئەسارەت بەدەستی بابلییەکان، دەکات.

شەش کتێبەکەی مێژووی رۆژگاران، واتە سفری پەیدابوون، سفری دەرچـوون، سـفری لاویان، سفری ژماران، سفری دوانی و سەحیفەی (کتێبی) یوشع، کە بەکۆی شەش کتێبان ناسراون، یەکەمین تەورات پێکدێنن، لەم شەش کتێبە، پێنج کتێبی یەکەمیان (تەورات یـا شەرعییەتی موسا) تا سالآنێکی زۆر بەهەڵە دەدرانـە پـاڵ موسـا، مێـژووی شـەش کتـێبی یەکەمین تەورات بەم شێوەیەی ئێستا دەگەڕێتـەوە بـۆ دەورووبـەری سـاڵی (٣٥٠ی پـێش زایین)، لەوەیە هەندێك بەش لەسەرەتاکانی ساڵی (٩٥٠ی پێش زایین) نووسرا بێت.

## کتێبی پەیدابوون (دروستبوون):

یەکەمین یازدە بابی کتێبی پەیدابوونی شرۆڤەیەکە دەربـارەی خوڵقاندن: خوڵقانـدنی جیهان و مرۆڤ (١–٢)، دابەزینی ئادەم و حەوا (٣) کوشتنی هابیل بەدەسـتی قابیـل (٤)، تۆفانی نوح (٥–١٠)، بورجی بابل (١١). بابەکانی دیکە بریتین لەچوار چـیرۆك دەربـارەی ئیبراهیم (١٢–٢٣)، ئیسحاق (٢٤–٢٦)، یەعقوب (٢٦–٣٦) و یوسف (٣٧–٥٠).

لەبابەکانی دیکەدا زۆر چیرۆکی بەناوبانگ تۆمارکراوە لەوانە: چۆنییەتی بەنمـەکبوونی ژنەکەی لوت (١٩)، قوربانی بوونی ئیسحاق بەدەستی ئیبراهیم (٢٢). زەماوەنـدی یـاقوب لەگـەڵ لییــەو راحیـل (٢٩)، پەیـژەی یـاقوب (٢٨)، فرۆشـتنی یوسـف لەمیـسر (٣٧)، سەبووری ژنەکەی فوتیفارو یوسف (٣٩)، خەونی فیرعـەون (٤١)، و سـەفەری یـاقوب بـۆ میسر (٤٥).

## کتێبی دەر چوون:

ئەم سفرە (کتێب) باسـی هیجـرەت و کۆچـی ئیـسرائیلیان لەمیـسرەوە بـۆ فەلەسـتین بەڕابەرایەتی موسا دەکات، هەندێك لەڕووداوە گرنگەکانی دیکـەی نـاو ئـەم کتێبـە بـریتین لـە: دۆزینـەوەی موسـا لەسـەبەتەی حەسـیردا (٢١)، بـەڵاکانی میـسر (٧–١١)، بناغـەی دروسـتبوونی جـەژنی نـانی فـەقیر (١٢)، سـرودی موسـا (١٥)، دە فرمـان (٢٠). بەشـی دووەمی ئەم کتێبە زیاتر تەرخانە بۆ یاساو راڤەو شرۆڤەو سرووت و رێوڕەسمان.

## کتێبی لاویان:

ئەم کتێبە سیستەمی حقوقی و ئایینی دەگرێتەخۆو ئەو دابو نەریتانە دەردەبڕێت کە پەیوەستن بەعیبادەت، قوربانی، پاکبوونەوەو رەفتارو هەڵسوکەوتی ئادەمیزاد، سەرچاوەی یاساو حوکمەکانی بەشێك لەم کتێبە (حوکمە پیرۆزەکان، بابی ١٧-٢٦) بریتییە لەسەردەمی بندەستی و ئەسارەتی جولەکە (٧٢١-٥٣٨ی پێش زایین)، لەم بابانەدا زیاتر تەئکیدلەسەر دروستکاری و نیازچاکی کراوە تا رەچاوکردنی وردەکاری سروت و رێورەسمی پەرەستنکاری.

## کتێبی ژماران:

لەم کتێبەدا باسی سەرژمێری ئیسرائیلیان و یاساو فەرمانانی ئایینی و کۆمەڵێك حیکایەت دەربارەی موسا کراوە، دیارترین حیکایەتی ناو ئەم کتێبە بریتییە لەدەرهاتنی ئاو لەو تاوێرەی کە موسا دارعاساکەی پێدا کێشا[٢] (٢٠). هەروەها هاتنە زمانی کەرەکەی بەلعام-ی پەیامبەری سەرزەمینی دۆڵی دوو رووبار[٣].

## کتێبی دووانی:

هەوێنی ئەم کتێبە نووسراوێکە بەنێوی (کتێبی قانوون) کە لەساڵی (٦٢١ی پێش زایین)، لەپەرستگەی ئورشەلیم دۆزراوەتەوە، کتێبی دووانی زیاتر دووبارەکردنەوەی کتێبی لاویان-ە، بەڵام کۆمەڵێك حیکایەتی تازەشی تێدایە کە تایبەتە بەسەرگەردانی عیبرانیان لەساراو بیاباندا. ئەم کتێبە بەمردنی موسا (بابی ٣٤) کۆتایی دێت.

## کتێبی یوشع:

کتێبێکی مێژووییە، بریتییە لەسەربهوردی یوشع کە لەپاش مەرگی موسا، رێبەرایەتی عیبرانیان لەئەستۆ دەگرێت، لەم کتێبەدا چیرۆکی چوونە کەنعان و جەنگ لەگەڵ تیرەو قەبیلە نەیارەکاندا بەجۆرێك باسکراوە، پێدەچێت مەبەست لەوە دروستکردنی قارەمانێکی جەنگاوەری میللی بووبێت، هەندێك لەفەسڵە بەرجەستەکانی کتێبی یوشع بریتین لە: کەوتنی ئابلۆقەی شاری ئەریحا (٦) و کوژانەوەو ئاوابوونی مانگ و هەتاو.

## کتێبی داوەران:

کۆنترین شێوەی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی (٨٥٠)ی پێش زایین.. ئەم شێوەیەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ (٥٥٠ی پێش زایین).

لەم کتێبەدا مێژووی بەنی ئیسرائیل لەدوای مەرگی یوشع-ەوە دەگێڕدرێتەوەو ژیان و جەنگەکانی جولەکان لەسایەی ڕێبەرایەتی داوەراندا باسدەکرێت، بەشە گرنگەکانی ئەم کتێبە بریتین لە: سەرکەوتن و سروودی دەبوورە (٤-٥) کە لەگینە لەساڵی ١١٠٠ی پێش زایین نووسرابێت، جەنگەکانی جیدعون (٦-٨)، حیکایەتی ئابیملك (٩)، چیرۆکی کیژی یەفتاح (١١)و چیرۆکی ئەمشون (١٢-١٦).

## کتێبی یەکەمی سموئیل (دەورووبەری ٥٥٠ی پێش زایین):

درێژەی مێژووی ئیسرائیلیان لەسەردەمی داوەران و شائول-ی یەکەمین پاشای ئیسرائیل، لەم کتێبەدا تۆمارو شەرحکراوە، لەنێو جوانترین حیکایەتی ئەم کتێبەدا، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەمانەیان بکرێت: بانگکردنی سموئیل (٣)، پیرۆزاندن و چەورکردنی شائول (٩-١٠)، جەنگی داود لەگەڵ جولیاتدا (١٧)، پەیمانی داود لەگەڵ یۆناتاندا (١٨-١٩)، قەستی گیانی داود لەلایەن شائول-ەوە (٢٠-٢٧).

## کتێبی دووەمی سموئیل (دەورووبەری ٥٥٠ی پێش زایین):

ئەم کتێبە زیاتر باسی دەسەڵات و پاشایەتی داود دەکات، زەماوەندی داود لەگەڵ بتشبعدا (١١-١٢)ی هەرای ئابشالوم (١٣-١٨) لەفەسڵە جوانەکانی ئەم کتێبەن.

## کتێبی یەکەمی پاشایان (دەورووبەری ٥٥٠ی پێش زایین):

ئەم کتێبە باسی مێژووی سەردەمێك دەگێڕێتەوە کە لەمەرگی داودەوە تا هاتنەسەر تەختی ئەحازیا (تەختی پاشایەتی ئیسرائیل) لەخۆدەگرێت. مەبەست و ئامانجی ئەم کتێبە سەلماندنی ئەم خاڵەیە کە خوا دۆستانی خۆی ڕزگار دەکات و دوژمنان بەسزای خۆیان دەگەیەنێت.

گرنگترین بەشی ئەم کتێبە دەربارەی: بینای پەرستگەی سلێمان (٦)، سەردانی شابانۆی سەبەء بۆ ئۆرشەلیم (١٠)، دابەشکردنی قەڵەمڕەوی حکومەت (١٢)، پێشبینی و موجیزاتەکانی ئیلیا-یە (١٧-٢٢).

## کتێبی دووەمی پاشایان (دەورووبەری ٥٥٠ی پێش زایین):

لەم کتێبەدا باسی ڕووخانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسرائیل (٧٢١ی پێش زایین) و مەملەکەتی یەهودا (٥٨٦ی پێش زایین) بەدوورو درێژی دەگێڕرێتەو مەبەست لەنووسینی ئەم کتێبە هەمان مەبەست و ئارمانجی کتێبی یەکەمی پاشایانە. بەناوبانگترین بابەتەکانی

ئەم کتێبە دەربارەی موجیزاتی ئەلیەشع (بابی ١–٨)، رووخانی ئیسرائیل (١٧)، هێرشی سەنحاریب (١٨–١٩)، ریفۆرمەکانی یوشیا (٢٢–٢٣)و رووخانی مەملەکەتی یەهودایە (٢٥).

## نەحمیا (دەوروبەری ٣٠٠ی پێش زایین):

ئەم کتێبە بریتییە لەبیرەوەرییە شەخسییەکانی نەحیمای رابەرو پێشەوای سیاسیی جولەکان، لەسەردەمی گەڕانەوەیان لەئەسارەتی بابل، کتێبەکە باسی نۆژەنکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی قەڵات و شوراکانی ئۆرشەلیم و ریفۆرمە ئایینییەکانی نەحمیا دەکات.

## کتێبی پەیامبەران:

پەیامبەری سەردەمی کۆن کاری بەکەهانەت و پێشگۆییەوە نەبوو، بەڵکو بەپێشەوایی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و مەزەبی دەژمێردرا، قسەکانی خوای دەگوتەوە، خەڵکی لەکردارە ناپەسندو نابەجێییەکانیان هوشیاردەکردەوەو هەڕەشەی فەوتان و بەڵایانی لەوانە دەکرد کە لەکاری خۆیان ژێوان نەدەبوونەوە. ئیلیاو ئەلیەشع بەیەکەمین دوو پەیامبەر دێنە ژماردن، بەڵام هیچ نووسراوێکیان نەدراوەتەپاڵ. واتە هیچ نووسینێکیان لەپاش بەجێنەماوە. گۆڕانکارییەکی زۆر لەڕێبازو گۆشەنیگای جێگرانی ئەوان هاتە ئاراوە– عاموس هەڕەشەکانی بەدەنگی زۆر بەرز دەکردو هوشع بەدەنگی ئارام و هێمن داوای لەخەڵکی دەکرد کە ڕێگەی خوا بگرنەبەر، ئیرمیا خەمبارو رەشبین بوو و پەیامبەری گومناو (ئەشعیای دووەم) زۆر گەشبین و یەزدان پەنابوو، وێڕای ئەمەش، هەموویان خەڵکیان بۆ دروستکاریی هاندەداو هەندێکجار ئەوەندە پڕ خەیاڵ و زمانپاراو بوون کە شیعری زۆر درێژیان دەهۆنیەوە، لێرەدا کورتەیەك لەمەڕ مەنشورترین کتێبی پەیامبەران باسدەکەین، کتێبەکانی دیکە (کە تەنیا ناویان دەبرێت) بریتیین لە: سەفەنیا، ناحوم، عوبەیدیا، زەکەریان، یوئیل و ملاکی.

## عاموس:

(دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری نێوان ساڵانی (٧٦٥–٧٥٠ی پێش زایین)، کۆنترین کتێبی تەواوە لە کتێبی موقەدەسدا).

عاموس بەزمانێکی توندو بنجبڕ حکومەتی ئیسرائیل هوشیار دەکاتەوەو ئاگاداریان دەکاتەوە، کە ئەگەر بەپەلەو بێدواکەوتن نەکەونە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، ئەوا دەوڵەت

بەتــەواوی لــەنێو دەچــێت. عــاموس زیــاتر وەکــو یەکــەمین پەیامبــەرێك کــە پــشتیوانی لەدادپەروەریی خوا دەکات، ڕێزی لێدەگیرێت.

**هوشع (دەوروبەری ٧٤٠ی پێش زایین):**

زمانی ئەم کتێبە زۆر لەزمانی کتـێبی عـاموش نـەرمترە. هوشـع تەئکیدلەسـەر عـەفوو بەخششی خوا دەکات نـەك لەسـەر دادپـەروەریی خـوا، قسەکانی پاڕانـەوە ئـامێزن نـەك هەڕەشەئامێز. عەشقی خوا بەگەورە دەزانێت و چاوی لەعەفوی خوایە.

**میکاو (دەوروبەری ٧٢٠ی پێش زایین):**

ئەم کتێبە بۆچوونەکانی عاموس و هوشع–ی ئاوێتەی یەکدی کردووە: میکاء نەك هەر سزادانی بەدکاران، بەڵکو هاتنی سـەردەمی ئـازادیی و شـادمانیش پێـشبینی و پێـشگۆیی دەکات. ڕەنگە یەکەمین دانراوێك بێت کە هیوای ئاشتیی گشتی دەربڕیبێت.

**ئەشعیاء (٧٤٠–٧٠١ی پێش زایین):**

ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە (٣٩ بـاب). ئەشـعیاء کـە بەشـێوەیەکی گشتی بەگـەورەترین پەیامبــەری دەزانــن، جگــە لــەوەی پێــشەوایەکی ئایینییــە، بەئــەهلی سیاســەتیش لەقەڵەمدەدرا. یەکێکبوو لەهەوادارانی هاوکاریی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، دەگێڕنەوە دەڵێن کـە لەسـەردەمی پاشـایەتی مەنەسـادا شـای تاوانکـاریی یـەهود، ئەشـعیاءیـان بەهـەڕە دوولەتکردووە. ئەشعیاء ڕۆشنبینییەکی ئەوتۆی دەربارەی پەروەردەی تەواوی ئـەخلاقی خـەڵکی نـەبوو. بـەڵام ئومێـدی بەفریادڕەسـێك هـەبوو کـە بتوانێـت برایـەتی و ئاشـتی لەسەرانسەری جیهاندا بەرپابکات و پەرەی پێبدات.

**حەبەقوق (دەوروبەری ٦٠٠ی پێش زایین):**

ڕەنگـە کـۆنترین باسـی عیـبری دەربـارەی مەسـەلەی خراپـە لـەم کتێبـەدا هاتبێـت، حەبەقوق بەپێشبینی ئەمـەی کـە لـەدوای زوڵمـی ئاشـوور، زوڵـم و سـتەمی بابیـل دێـت، لەبیری ئەوەدایە کە ئایا ڕۆژێ دێت بەدکاران بەڕاستی بەسـزای خـۆ بگـەن و دروسـتکاران پاداشـت وەرگـبرن، بـەڵام زۆر زوو و بەدڵنیاییـەوە وەڵامـی ئـەرێ دەداتـەوە: هەرچـەندە لەوەیە ئەنجامدانی عەدالەت و دادوەریی تا ماوەیەکی زۆر دوا بکەوێت و کۆسپی بێتـەڕێ. حەبەقوق بـەزمانێکی ڕاسـتگۆیانەو نەتوند، خراپـە کۆمەڵایـەتی و ئایینییـەکان مـەحکوم دەکات و هێرشیان دەکاتەسەر.

## ئیرمیاء (٦٠٠-٥٨٦ی پێش زایین):

کتێبەکە دەربارەی پێشبینی و پێشگۆییە خەمهێنەکان، ئیرمیاء، دژی راپەڕینی خەڵکی بابلیەکان وەستاو پاشان لەکاتی رووخانی ئۆرشەلیمدا لەساڵی ٥٨٦ی پێش زایین ئەسیر بوو، بەخسیری کۆمەڵە پەناهەندەیەك کە بۆ وڵاتی میسر هەڵاتن، هیچ ئومێدێکی بەبووژانەوەو تازەبوونەوەی ژیانی قەومەکەی خۆی نەبوو، بەڵام پشتی بەدروستکاری و راستگۆیی خۆی قایم بوو.

## شینامە (دەورووبەری ٥٨٦ی پێش زایین):

بەهەڵە ئەم بەرهەمە دراوەتە پاڵ ئیرمیای پەیامبەر، ئەم بەیتە کە تەنیا لەڕووی روحی پەیڤەوە پەیامبەرانەیە، بۆ رووخانی ئۆرشەلیم دەلاوێنێتەوە. لەڕووی فۆرمەوە یەجگار هونەرمەندانەیە، بەعیبری رەسەن نووسراوەو شیعرێکە کە هەر بەیتێکی بەپیتێکی جیاواز دەستپێدەکات. بەیتەکانی بەشێوەی سێ برگەیی یا دوو برگەیی هۆنراونەتەوەو رێکخراون و کۆی قەسیدەکە بەجۆرێك دابەشکراوە کە یەك زنجیرە لاوانەوە لەناو یەك شینامەدا پێکدێنێت.

## حزقیال (٥٨٥ی پێش زایین):

ئەمە کتێبەکە کە لەبابلداو بەدەستی خاخامێکی دوورخراوە نووسراوە.. ئەم کتێبە زۆر تەئکیدلەسەر بایەخی ئەنجامدانی رێوڕەسمی ئایینی دەکات و ئەمەش بووەتە مایەی بەرزکردنەوەو بەهێزکردنی ورەی قەومی جولەکە. بەرهەحاڵ ئەم دانراوە ئەو باوەڕە رەتدەکاتەوە کە کوڕ گوناح و خەتای باوك هەڵدەگرێت. مرۆڤ تەنیا لەخودی خۆی بەرپرسەو خوا دەرهەق بەرهەکەسێك بەگوێرەی کردارو رەفتاری ئەو کەسە داوەری دەکات، کتێبی حزقیال کارێکی فرەیی کردووەتەسەر سموئیل دانیال، دانقە، میلتن، ولیان بلیك و زۆر کەسی دی.

## پەیامبەرانی نەناسراو (بابەکانی ٤٠-٦٦ کتێبی ئەشعیا، بەو شێوەیەی کە لەوەرگێڕانەکەی شاجیمزدا باسکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی ٥٤٠ی پێش زایین):

ئەم کتێبە کە دەدرێتە پاڵ دانەرێکی یەخسیر، بەرهەمێکی پڕ جەزبەو وەجدە، نووسەر تەفسیرێکی تازە بۆ مێژووی جولەکە دەکات، دەردو رەنجی مرۆڤ سزایەکی

خوایی گوناح و تاوانەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ فێربوون و رزگاری تیرەی بەشەرو نموونەی مەسیحی ئاشتی –نموونەی قەومی تیرەی ئیسرائیلیان– دێنێتەوە کە بەدەردو ئازارەکانی خۆی کەفارەی هەموو مرۆڤان دەدات، واتە لەجیاتی هەموو تیرەی بەشەر رەنجدەداو ئازار دەکێشێت، بیتس، نووسەری ئەم کتێبە بە(یەکەمین مەسیحی، پێنج سەدەی پێش عیسا) دەژمێرێت، ئەو باوەڕی بەخوا هەیەو قدوسیەتی خوا دووپاتدەکاتەوە، نووسەر لەنووسینەکەیدا وێنەی سەردەمێکی زێڕینی تازە دەگرێت.

## هۆزانێن لیریکی:

شیعری عیبری کۆن، هەندێك لەهەمان ئەو فۆرم و شێوانە بەکاردێنێت کە لەشیعری ئەڵمانیدا بەرچاو دەکەوێت، وەکو هاوئاهەنگی بونیادو خەیاڵ، دووبارەکردنەوە، هاوسەنگی شیعرەکان نەقافیەو سەروایان هەیەو نەکێشی تەواو، بەڵام ریتمی دیارو تایبەتییان هەیە.

هەڵبەتە هەندێك پارچەو کۆپلە شیعری لیریکی، بەپەرشوبڵاوی لەناو زۆربەی کتێبانی پەخشاندا دەبینرێت، وەکو: ئاوازی دەبورە، هەروەها لەکتێبی داوەران و هەندێك کتێبی پەیامبەرانیشدا وێنەی شیعری تەواو هەیە، بەڵام کتێبی مزمارەکان خۆی لەخۆیدا بریتییە لەکۆشیعرێکی گەورەی شیعری لیریکی.

## مەزامیر (مزمارەکان):

ئەمە کەشکۆڵێکە سەدو پەنجا سرودێکی لەخۆگرتووەو لەدەورووبەری ساڵی ١٥٠ی پێش زایین نووسراوە. لەگینە چەند سرودێك لەو سروودانە هی داوودبن (دەورووبەری ساڵی هەزاری پێش زایین)، هەندێکیان لەسەردەمی حکومەتی شاهان و لەکاتی ئەسارەتدا نووسراون، و ئەوانی دیکە هەر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش یەخسیری و ئەسارەت، مزمارەکان لەڕووی تۆن و ناوەرۆك و شێوازەوە هەمەجۆرن، هەندێك لەو شیعرانە لایەنی شەخسی تێدا زاڵە (٢٣–١٢١)و برێك لەسرودەکان دەربارەی دەستوورو یاسای نوێژە (٢٤)، هەندێکیان توندو رەخنەئامێزە (١٣٧)، ژمارەیەکیشیان درێژن (١٩–٤٢)، بێگومان تا ئێستا هیچ کەشکۆڵێك بەو راستگۆیی و بێگەردی و جۆشوخرۆش و گەرم و گوڕییەی مزمارەکان نەهاتووەتە ئاراوە.

**شانۆنامە:**

ئەگەرچی لەفەلەستیندا هیچ شانۆیەك نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو نموونە لەبەرهەمی شانۆیی ماوەتەوە:

**کتێبی ئەیوب (دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی ٣٥٠ی پێش زایین):**

ئەم کتێبە شانۆنامەیەکی فەلسەفی و مەیلەو شیعرییە کە پێدەچێت لەڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لەژێر کاریگەری تراژیدیای یۆنانیدا بووبێت. ئەم کتێبە بەمەبەستی نواندن و نمایش نەنووسراوە، بەڵکو تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی بەدو بەدکاری. شەیتان (ئەهریمەن) مۆڵەت لەخوا وەردەگرێت کە ئەیوبی دورستکارو شادمان، بەگەڕی و گولی، بەمەرگی منداڵەکانی، بەنەهێشتنی سەروەت و سامانەکەی تاقیبکاتەوە، سێ دۆستی ئەیوب، واتە سوفر، ئیلفاز،و بلدەد (کە بەتەوسەوە تەسەلاکارانی ئەیوبیان پێگوتراوە) لەو باوەڕەدان کە ئەم بەڵاو میسیبەتانە یاسزای تاوانکارییە یاخود ویستوویەتی ئەشق و ئەمەکی ئەیوب تاقیبکاتەوە، ئەیوب ئیعتراز دەگرێت و دەڵێ کە راستگۆو دروستکارە، ئەشق و مەحەبەتی بۆ خوای پەروەردگار پایەدارو بەرقەرارە، بەڵام لەچۆنیەتی سزای خوایی دوو دڵەو سەر لەوە دەرناکات کە بۆچی بێگوناحان ئازار دەدات، ئەنجامی فەلسەفی ئەم کتێبە بەوە دەشکێتەوە کە دەنگێك لەنێو گەردەلوولەوە هاوار دەکات (٣٨-٤١): چۆنیەتی سزای خوایی لەسنووری تێگەیشتنی ئادەمیزاد بەدەرەو مرۆڤی خۆپەرست ناتوانێت پەی بەمەبەستەکانی خوا ببات، ئیدی ئەیوب سەری تەسلیم بوون و ملکەچی دادەنەوێنێت.

هەڵبەتە دوو بەش بۆ ئەم شانۆنامەیە زیادکراوە. بەشی یەکەم (٣٢-٣٧) گوتاری تاقەتبەری ئیلیەهۆ-ی چوارەمین تەسەلاکار، لەخۆدەگەێت کە نەك هیچ بابەتێکی تازە ناخاتە سەر باسی فەلسەفی کتێبەکە، بەڵکو لایەنی دراماتیکی شانۆنامەکەش لەنگدەکات. بەشی دووەم (٤٢) لەگەڵ ئەو ئەنجامگیرییەی کە لەئایەتانی (٣٨-٤١)ەوە هەڵدەهێنجرێت ناکۆکە: ئەیوب چاك دەبێتەوەو سەروەت و سامان و شادمانی خۆی بەدەست دێنێتەوە.

**غەزەلی غەزەلان یا غەزەلەکانی سلێمان (٣٥٠ی پێش زایین):**

بریتییە لەکۆمەڵە شیعرێکی ئاشقانە و نیمچە شانۆیی، کە بۆ ئەوە دانراوە تا لەئاهەنگەکانی شایی و زەماوەندا بەگۆرانی بگوترێنەوە، پێدەچێت ئەم شیعرە جوان و

پرسۆزو ئەشقامێزانە بەزمانی زاوا (لەدەورووبەری سلێماندا)و بووك (لەدەوری شمولیتدا) لەلایەن شایەرو ئاشقانەوە گوترابنەوە، هەتا ئەمڕۆکەش هەندێك لەتوێژەران وەکو پێشینان پێیان وایە کە ئەم کتێبە نموونەیەکە لەئەشقی مەسیح بۆ کلێسا، شیعرەکان هی سلێمان خۆین و ئەو ئەشقەی کەباسکراوە ئەشقی مەعنەوییە.

## ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاری:

ئەم کتێبە لەدورووبەری سالّی ٣٠٠ی پێش زایین دانراوەو پڕە لەپەندو ئامۆژگاری بەنرخ و بەهەڵە دراوەتەپاڵ سلێمان، هەندێك لەم پەندانە لایەنی ئەخلاقییان هەیە، بەڵام زۆربەیان شەرح و شرۆڤەی کاروباری شەخسین.

## کتێبی کۆمەڵگە (دەورووبەری سالّی ١٥٠ی پێش زایین):

ئەم کتێبە کە بەهەڵە بەهی سلێمان زانراوە، کۆمەڵە وتارێکە پڕ لەنائومێدی، جەبرو ئیختیار و گومان و دوودڵی (جگە لەهەندێك پەند سەبارەت بەستایشی حیکمەت کە دواتر خراوەتەسەر کتێبی ناوبراو) زمان و تۆنی کتێبەکە زمانی پیرەمێردێکی رەشبینە کە بوون بەشتێکی بێهودەو بێمانا دەزانێت (هەموو شتێك رەوتەنی و بێهودەیە).

## حیکایەت و چیرۆکان:

چەندین چیرۆك (کە رۆژگارێك بەچیرۆکی واقیعی زانراون و ئەمێستا بەگشتی دەستکرد دەژمێردرێن) لەتەوراتدا هاتوون کە هەریەکێکیان ئامانج، یاپەیامی تایبەتی خۆی هەیە.

## کتێبی روت (دەورووبەری ٣٥٠ی پێش زایین)

چیرۆکێکی کورتە، لەڕووی ناوەرۆکەوە نارەزاییەکی زیرەکانەیە سەبارەت بەحەرامکردنی زەوجین لەنێوان ئەندامانی یەك خێزاندا.

شۆرەتی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە روت ئاشقێنی لەگەڵ زڕدایکی خۆیدا دەکات. (داوام لێبکە، کە تۆ بەجێنەهێڵم).

## کتێبی یونس (دەورووبەری ٢٧٥ی پێش زایین):

ئەم کتێبە کە لێکدانەوەی نادروستی زۆری بۆ کراوە. دەربارەی حەزرەتی یونسە کە خوا رایدەسپێرێت بچێت بۆ نەینەواو پەیامی خۆی لەوێ رابگەیەنێت و ئەنجامی بدات، یونس سەرپێچی دەکات، بەڵام پاشان ژێوان دەبینێتەوەو پەیامی خۆی ئەنجامدەدات.

یونس بۆ جاری دووەم، کاتێك کە خوا لەنەینەوا خۆش دەبێت و دەیبەخشێت، سەرپێچی لەئەنجامدانی فەرمانی خوا دەکات. زۆربەی خاڵە ئەخلاقی و مەزەبییەکانی وەکو: ناشیرینی یاخیبوون و خۆسەری و خۆپەرستی یونس، ئامادەیی خواو رەحمەتی خوا لەهەموو جیهاندا، چاکی تۆبە، و زەروورەتی سەبری مەزەبی و نەژادی، لەچاو ئەم باسە بێکۆتاییەدا کە چۆن دەشێت ئادەمیزادێك بۆ ماوەی سێ رۆژ لەناو سکی ماسییەکدا هەڵبکات، ناکەنە هیچ و نایەنە بەر تەسەور.

## کتێبی دانیال (لەدەوروبەری ساڵی ١٥٠ی پێش زایین دانراوە):

ئەمە چیرۆکێکی رەمزییە کە لەسەر بناغەی حیکایەت و ئەفسانانی کۆن رۆنراوەو دەربارەی یەخسیری دانیالە. مەبەست لەم کتێبە هاندان و دنەدانی جولەکان بووە لەماوەی جەنگی مەکابیوونەکانداو کتێبەکە بەپێشبینیکردنی ئایندە کۆتایی دێت، بەناوبانگترین پاژەکانی ئەم کتێبە بریتییە لە: چیرۆکی خستنەناو گۆڵخەنی شدرك، میشك و عەبدنعو[٤] (٣)، میواندارییی بەشسەر (٥) و تورەدانی دانیال بۆ ناو بیری شێران [٦].

## کتێبی ئیستیر (دەگەرێتەوە بۆ دەوروبەری ١٥٠ی پێش زایین):

ئەم کتێبە زۆر دوای کتێبەکانی دیکەی تەورات هاتووەو لەرووی ئەخلاقییەوە لەهەموویان لاوازترە. مەبەستی ئەم کتێبە خۆشکردنی زەمینەی مێژوویی بووە بۆ جەژنی فوزیم-ی جولەکان[٥].

راستە ئەم چیرۆکە شەقڵێکی خوێنرێژی و کینەجۆیی هەیە، بەڵام هونەرمەندانەو دڵگیرانە نووسراوە، ئیستیر، شابانۆی ئاخشوروش (خەشایار شا) بەکەشفکردن و لەقاودانی پلانێك کە هامان-ی تاوانکار بۆ قەتڵ و عامی جولەکەکان نابووەوە، موردەخای مامی و جولەکەکان رزگار دەکات.

## سەردەمی نوێ (ئینجیل):

بریتییە لەچیرۆکی سەرهەڵدان و پێشکەوتنەکانی سەرەتای مەسیحیەت، ئەم کتێبە چوار ژیاننامەی عیسا (چوار ئینجیلەکە)، کاری پەیامبەران، بیست و یەك نامەی ئایین و موکاشەفەی یوحەننای لەخۆگرتووە کە هەموویان بەسەریەکەوە دەکەنە (٢٧) کتێب. زۆربەی ئەم کتێبانە یا هەموویان لەبنەرەتدا بەیۆنانی دانراون، بەڵام رەنگە چوار

ئینجیلەکە لەسەرەتادا بەئارامی بووبن. هەموو ئـەم کتێبانـە لەسـاڵانی (٤٠–١٢٥ زایـین ) نووسراون.

## ئینجیلەکان

یەکەم چوار کتێبی سەردەمی تازە (ئینجیلی مورقس، ئینجیلی مەتی، ئینجیلـی لوقـا، و ئینجیلی یوحەننا) ژیان و مـەرگ و رابوونـەوەی عیـسا مەسـیح دەگێڕنـەوە. ئـەم چـوار ئینجیلە لەڕووی پرەنـسیپ و ناوەرۆکـەوە وەکـو یـەکن، بـەڵام لـەوردەکاریی و پاژەکانـدا جیاوازن.

## ئینجیلی مورقس:

وەرگێڕانــە یونانییەکــە دەگەڕێتــەوە بــۆ دەورووبــەری ســاڵانی (٧٠–١٠٠ زایــین)و وەرگێڕانی نوسخە گومبووە ئارامییەکەی رەنگە بۆ دەورووبەری ساڵانی (٤٠–٧٠ی زایین) بگەڕێتەوە.

ئەم ئینجیلە لەهەموو ئینجیلەکانی دیکە کۆنترو کورت ترەو لەوەیە لەهەمووشـیان پـڕ ئیعتبارتر بێت. مـورقس بەسەرچـاوەی ئینجیلـەکانی مـەتی و لوقـا دەژمێردرێـت، و ئـەم ستانە بەئینجیلانی هاوتا ناسراون، خەڵکی کتێبی مورقس بەهی یوحنـا مـورقس دەزانـن، کە یەکێك بووە لەهاوڕێیان پوترسی یاوەر لە رۆم. ئەم ئینجیلە تـەنیا سـێ سـاڵی کۆتـایی ژیانی عیسا –پەندو ئامۆژگکارییـەکان و هەسـتانەوەی لـەدوای مـەرگ– لـەخۆ دەگرێـت، نووسەر ئەم چیرۆکەی، کـە زۆر زوو بەهـەموو شـوێنێکدا بڵاوبـووەوە، لەبەرئـەو لـەزەت و دڵگـیری و موجیزاتـەی کـە چـیرۆکەکە پێـی بەخـشیوە، دانـاوە. نووسـەر هـیچ کاتێـك دەربەسـتی جـوانی پـەیڤ نـەبووە، سـرینەوەو دووبـارە بوونـەوەو پەلەپروزێیـەکی زۆر بەکارەکەیەوە دیـارە، بۆچـوونی گـشتیی لەسـەر ئـەم کتێبـە ئەمەیـە کـە بەشـی کۆتـایی کتێبەکە (بابی ١٦: ئایەتەکانی ٩–٢٠) دواتر نووسراوەو خراوەتە سەری.

## ئینجیلی مەتی (وەرگێڕانە یۆنانییەکەی بۆ ساڵی ٨٠ی زایین)

(دەگەڕێتەوە، نوسخەی ئارامییەکەشی لەوەیە بۆ ساڵی ٥٥ی زایین بگەڕێتەوە)

ئەم ئینجیلە دەردرێتە پاڵ مەتی یاوەری مەسیح و تاڕادەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئینجیلەکەی مورقسدا نووسراوەتەوە، لەم کتێبەدا رووی دەم لەبەنی ئیسرائیلەو دوو مەبەستی سەرەکی لەبەرچاو گیرا:

١–سەلماندنی ئەم خاڵە بۆ جولەکان کە عیسا ئامانجی هەموو پێشبینییەکانی پەیامبەرانی کۆنە، واتە مەسیح حەقیقییە.

٢–تۆمارکردنی ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکانی عیسا. ئەم کتێبە بەسەر جەلەنامەی یوسف، مێردی دایکی عیسا دەستپێدەکات، و چیرۆکی لەدایکبوون، ژیان، لەخاچدان، رابوونەوەو هەڵکشانی عیسا بۆ ئاسمانان دەگێڕێتەوە. هەروەها سەربهوردی پیاوانی زاناو کۆچی یوسف و مریەم و عیسا بۆ میسر لەم ئینجیلەدا باسکراوە، ئینجیلی مەتی ئینجیلی مورقسدا بەشێوەیەکی زۆر وردتر هاتووەتە دانان و نووسین.

**<u>ئینجیلی لوقا</u> (وەرگێڕانە یۆنانییەکەی دەگەڕێتەوەبۆ دەورووبەری ساڵی ٩٥ی زایین، وەرگێڕانی نوسخە ئارامییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی ٦٥ی زایین):**

ئەم ئینجیلە لەلایەن لوقاوە نووسراوە، لوقا پزیشك و هاوڕێی پۆڵس بووە لەسەفەرە بانگەشەییەکاندا، لوقا ئەم کتێبەی بۆ یۆنانی و رۆمییەکان نوسیوەو سەرچاوەی ئەم کارەش هەردوو ئینجیلی مورقس و مەتی بووە، لەم ئینجیلەدا لایەنی بەشەریی عیسا دووپاتکراوەتەوە، لوقا کەسێکی شیعر دۆستە، تۆن و زمانی ئینجیلەکەی لۆقا هێمن و بەشەر دۆستانەیە، لەم کتێبەدا باسی ژیانی عیساو ئیریقاتی لەدایکبوونەکەی دەکات (بابی دووەم: ئایەتی ١–٢٠).

ئینجیلی یوحەنا (ئەم شێوەیەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٠٠–١٢٥ی زایین):

رەنگە بەهەڵە ئەم ئینجیلە درابێتە پاڵ یوحەنای یاوەر، چونکە وەکو دیارە دەبێت بەماوەیەکی زۆر، پاش ئەو دانرابێت، کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانی و ئەسکەندەرانی، بەتایبەتی لەباسی پەیڤدا، لەم کتێبەدا دیارو ئاشکرایە، ئەم کتێبە ئولوهیەت و خوایەتی عیسا دووپاتدەکاتەوە، عیسا بەنیشاندەرو رەمزی پەیڤ دەزانێت، هەروەها باسی ئیمان و باوەڕ، بەرجەستەبوونی عەشقی خوا لەئەشقی ئادەمیزاددا، یەکێتیی سۆفیانە لەگەڵ هەقدا دەکات. ئەم کتێبە دوای پێشەکییەك، بەیەحیای تەعمیدکار دەستپێدەکات کە

عیسا دەشواو تەعمیدی دەکات، ئەوجا دێتەسەر باسی پەیام و مەرگ و رابوونەوەی پاش مەرگ، بەڵام هیچ باسێکی چوونە ئاسمانی عیساى تێدا نییە.

**میژووی کلێسا:**

نامەی کرداری پەیامبەران (دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٦٠–٩٠ی زایین)

ئـەم کتێبـە لەلایـەن لۆقـای دانـەری سـێیەمین ئینجیلـەوە نووسـراوەو بریتییـە لەگێڕانەوەیـەکی مێـژوویی زینـدوی پەرەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی مەسـیحیەت لەئاسـیای بـچووك، دورگـەکانی میدیترانـە، یونـان و رۆم. بابەتـەکانی بـریتین لـە: بـەردبارانکردنی ئیستیفانوسی یەکەمین شەهیدی مەسیحی، گـەلێك پـەرچووی کۆن، هەوڵـەکانی کلێسای لاو، بەمەسیحیبوونی پۆڵس و سەفەرە تەبلیغییـەکانی، هـەروەها هاتنـەخوارەوەی روحـل قودس و جەژنی پەنجامین.

**نامــەکانی پۆلیـــسی پەیامبـــەر (مێـــژووی دانـــانی ئـــەم نامەیـــە دەگەڕێتەوەبۆ نێوان ساڵانی ٥٠–٦٥ی زایین):**

لەناو ئەو سەیازدە نامەیەی کە دراونەتـەپاڵ پـۆڵس، شـەش دانـەیان بایـەخ و بـەهای تایبەتییان هەیە. ئەم نامانە هەرچەند گـروپ یاخـەڵکانێکی تایبـەتی دەدوێـنێ و لـەڕووی جوگرافییـەوە سـنووردارن، بـەڵام بەشـاکاری ئـەدەبیاتی جیهـان دەژمێـردرێن و لـەڕیزی هەرەپێـشەوەی ئـەو نامانـەن کـە تائێـستا نووسـراون. ئـەم نامانـەی سەرچـاوەی گـەلێك لـەباوەڕو ئامۆژگارییـەکانی دواتـری مەسـیحیەتن. تـۆن و زمـان و شـێوازی ئـەم نامانـە بـەگوێرەی پێگـەو هەسـتی دانـەر لـەدەمی جۆراوجـۆردا دەگۆڕێت، هەنـدێکیان وشـك و راستەوخۆو بەڵگە ئامێزە، و برێکی تریان توندو دڵگیرو تەنانـەت پرۆسـۆزو گـودازە. ئـەو باسە لـۆجیکی و وردانـەی کـە هەنـدێجار لـەم نامانـەدا هـاتووە، تێگەیـشتنیانی قـورس و زەحمەت کردووە.

**دوونامە بۆ تسالونیکیان:**

ئەم دوو نامەیە پۆڵسی یاوەر لەئەسینا بۆ کلێسای لاوی تـسالونیکیان–ی نووسـیوە. پۆڵس لەم نامانەدا باوەڕی خۆی سەبارەت بەهاتنەوەی سەرلەنوێی مەسیح دەردەبڕێت و خەڵکی رادەسپێرێت و هاندەدا کە تا زووە روو بکەینەوە دینداری و پارێزکـاری تـا بـەڵکو بتوانن هاوڕێ لەگەڵ مەسیحدا رابن و ژیانی ئەبەدی بەدەست بێنن.

**نامە بۆ غەلازیان:**

ناونیشیانی نامەیەکە کە پۆڵس لەڕۆم، بۆ مەسیحیانی ئاسیای بچووکی نووسیوە، لەم نامەیەدا کە بەبەیاننامەی ئازادی مەزەب دادەنرێت و ناودەبرێت، تەئکیدو ئارەزووی کڵێسای غەلازیان لەسەر پەیڕەویکردنی شەریعەتی موساو توندڕەویٚ لەواری ڕەچاوکردنی و جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئاییندا مەحکوم دەکات، نامەی غەلازیان نیشاندەری باوەڕی پۆڵس بەو ئازادی و چەمکەیە کە ئەو مەسیحیەت بەئاییینێکی جیهانی دەزانێت نەك ئاییینێکی ناوچەیی.

**نامەی یەکەمی پۆڵس بۆ قرنتیان (لەفیلپی دانراوە):**

پۆڵس لەم نامەیەدا وەڵامی گەلێك لەو پرسیارانە دەداتەوە کە کڵێسای کورنت–یان هێنا بووە گیروگاز، لەو نامەیەدا بەتوندی ڕەخنە لەخۆپەسندی و مەقام و پایەخوازی دەگرێت و هەر چاکەو فەزڵ و بەخششێك–ش ئەگەر هەڵقوڵاوی (مەحەبەت) نەبێت بەبێهودە دەزانێت (بابی ١٣–فەسڵی مەحەبەت). پۆڵس باوەڕی بتەوی بەزیندووبوونەوەی مەسیح هەیە، بۆیە پێشنیاز دەکات کە خەڵکی بەسەڵتی بمێننەوە تا بتوانن بایەخێکی زۆرتر بەکاروباری ئاییینی بدەن. پۆڵسی پەیامبەر لەم نامەیەدا کە یەکێکە لەدرێژترین نامەکانی سەردەمی نویٚ و لەدەورووبەری ساڵی (٥٥ زایینی) نووسراوە، جۆری هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مەسیحیان ڕووندەکاتەوەو ئاگاداری دەکاتەوە کە زینا لەگەڵ مەحرەماندا نەکەن و باوەڕی پتەوی خۆی بەهەستانەوەی عیسا دووپاتدەکاتەوە (بابی ١٥)و باوەڕی خۆی بەفەنانەبوونی ئادەمیزاد نیشاندەدات: (ئەی مەرگ جزی تۆ لەکویٚ و ئەی گۆڕ نینۆکی تۆ لەکویٚ؟) (بابی ١٥: ٥٥):

**نامەی دووەمی پۆڵس بۆ قرنتیان:**

ئەم نامەیەش وەکو نامەکەی یەکەمی پۆڵس، لەفیلیپی و بەیۆنانی نووسراوە، ئەم نامەیە لەڕووی بەرەڤانی مەیلەوتاڵی دانەر لەخۆی، مایەی سەرنجە (بابی ١٠–١٣) ئەو بەرەڤانییەی کە زاهیری ئەنجامی یاخیبوونی گروپی هەوادارانی کڵێسای قرنتیان بووە دژی ڕێبەرایەتی پۆڵس، ئەم بەرەڤانی نامەیە سەرکەوتوو بووەو نۆ بابی یەکەمی نامەکە دەربارەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەیە.

**نامەی پۆڵس بۆ رومیان:**

پـۆڵس ئـەم نامەیـەی پـێش دوا سـەفەری خـۆی بـۆ ئۆرشـەلیم، لـەکورنت-دا بـۆ مەسیحیانی رۆم نووسیوە. لەم نامەیەدا پۆڵس بەتەواوەتی راوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە، پێیوایە گەر ئیمان و باوەڕ مایەو هەوێنی رزگارییـە. بەمپێیـە خـوا پـشتیوانی لەکەسـانێك دەکات کە باوەڕی تەواویان بـەو خوایـە هـەبێت کـە مەسـیح بانگـەوازی بـۆ دەکـات، ئـەم باوەڕە لەڕاستیدا تەواوکەری ئەو راو بۆچوونانەیە کە لەمەڕ مەحەبەت، لەنامـەی یەکـەمی پۆڵسدا بۆ قرنتیان پیشاندراوون، ئەم نامەیە درێژترین و قووڵترین و تیۆریترین نووسـراوی پۆڵسە، بەشێوەیەکی گشتیی، ئەم نامەیە رۆح و جەوهـەری پەیڤـە دەربـارەی حیکمـەتی خوایی (هەموو رێگاکان دەچنەوە رۆم).

## نامەێن نووسەرانی دی:

جگـە لەنامـەکانی پـۆڵس، هەشـت نامـەی دیکـەی لەئینجیلـدا تۆمـارکراون، کـە تـەنیا سیانیان بایەخی تایبەتییان هەیە (پێنج نامەکەی دی بریتین لە: نامەی یەکەم و دووەمـی پتروس، نامەی دووەم و سێیەمی یوحەناو نامەی یەهودا).

## نامە بۆ عیبرانیان (ساڵانی ٧٠-٨٠ زایین):

ئەم نووسـراوە پەنـد نامەیەکـە کـە دانەرەکـەی نادیـارە، سـەردەمانێك بەهەڵـە بـەهی پۆڵس لەقەڵەم دەدرا، ئەم نامەیـە لەسـەر شـێوەو شـێوازی نامـەکانی پـۆڵس نووسـراوە، بـەڵام زۆر سـوارترو رەوانـترو خۆشـترە، رووی ئـەم نامەیـە لەمەسـیحیانی عیبرانـی (جولەکە)یە. باسەکانی ئەم نامەیە بریتییە لە: فەزڵی عیسەوییەت بەسـەر یەهودییەتـداو دووپاتکردنـەوەی بۆچـوونەکەی پـۆڵس سـەبارەت بەپاکبوونـەوە لەڕێگـەی ئیمـان و باوەڕەوە.

## نامەی یەعقوب (ساڵانی ٤٠-٩٠ی زایین):

ئەمە دراوتەپاڵ یاقوبی برای عیسا (رەنگە بەهەڵەش درابێتە پاڵ ئەو). ئەم نووسراوە نامەیەکی کراوەیە یا پەندنامەیەکە بۆ دوانزە قەبیلـە پەڕاگەندەکـەی بـەنی ئیسرائیل. وا پێدەچێت ئەم نامەیە زادەی کاردانەوەی یاقوب بێت بەرامبـەر بـەو بـاوەڕەی پـۆڵس کـە باوەڕو ئیمانی بەمایەو هەوێنی رزگـاری دەزانـی، یـاقوب تەئکیدلەسـەر ئـەوە دەکـات کـە کاروکردەوەی چاك مایەی رزگاری مرۆڤە: (کار بەقـسان بکـەن نـەك هـەر گـوێی لێبگـرن) (بـابی یەکـەم، ئایـەتی ٢٣)، هـەروەها یـەعقوب بـەڕوونی و راشـکاوی رەخنـە لەبێـدادی کۆمەڵایەتی دەگرێت.

## نامەی یەکەمی یوحەننا (ساڵانی ١٠٠-١٢٥) زایینی:

ئەم نووسراوە دراوەتەپاڵ قەشە یوحەنا، کە (بۆ خاتوونێکی دیندار) نووسراوە، لەم نامەیەدا وەڵامی بیدعەتەکانی مەزەبی غنوس(٦) دەربارەی ماهییەتی عیسا دراوەتەوە. یوحەنا بێدوودڵی لەبوونی مەسیحدا، یەکێتیی عارفانەی مرۆڤ و خوا دەبینێت.

## موکاشەفەی یوحەننای پەیامبەر (دەورووبەری ساڵی ٩٠ی زایین):

ئەم کتێبە کە بەهەڵە دراوەتە پاڵ یوحەننا، بەئەگەری نزیک لەیەقین، لەلایەن سۆفیەکی گومناوی ئیفیسوسییەوە دانراوە، ئەم کتێبە نامە ئاسایە، پتر رووی دەمی کە حەوت کڵێساکەی ئاسیای بچووکە، وێڕای ئەوەی کە ئەم نامەیە بەڕواڵەت موکاشەفەی عیسای مەسیحە، بەڵام لەڕووی فۆرمی پەیڤ و زمانەوە پتر عیبرییە تا مەسیحی، رەنگدانەوەی ئارەزووی هەمیشەیی یەهودییانە بۆ رزگاربوون لەکۆتوبەندی ستەمو زۆرداری. ئەو حەزو ئارەزووەی کە لەگەڵێك لەکتێبانی پەیامبەرانی سەردەمی کۆن و لەکتێبەکەی دانیال-یشدا باسکراوە. موکاشەفەکەی یوحەنا یەکسەر لەپاش توندبوونی چاوسانەوەو ئازاردانی مەسیحییان کە بەفەرمانی دومیتیان(٧) دەستیپێکرد، دانراوە. ئەم موکاشەفەیە پێشبینی رووخانی رۆم، هەستانەوەی عیسا، رابوونی پەیامبەران یەخسیرکردنی ئیبلیس، حوکمڕانی هەزار ساڵەی مەسیح، شەڕی کۆتایی نێوان هێزی خودایی و ئیبلیس (بەسەرکەوتنی هێزێن خوایی)، رۆژی پەسلان و بونیادنانەوەی تازەی ئۆرشەلیم، دەکات.

هەرچەندە موکاشەفەکەی یوحەنا، لەباری سەرنجی ئەخلاقییاتەوە لەهەموو کتێبەکانی دیکەی سەردەمی نوێ (ئینجیل) نزمترە، بەڵام بەشاکارێکی ئەدەبی گەورەو گران دەژمێردرێت. رەمزییەتی عارفانەو وەسفی گەش و زیندووی نەبەردی نێوان خێروشەڕو وێنەی سامناکی کۆتایی دنیا بابەتی زاڵی ئەم بەرهەمەن و کردوویانەتە کارێك کە بەگەورەترین بەرهەمی وەسفی بژمێردرێت.

## ئاپوکریف (کتێبە دەستکردەکان):

ئەمە ناونیشانی پاشکۆکانی هەموو کتێبەکانی هەردوو سەردەمی کۆن و نوێیە (تەورات و ئینجیل).

ئاپوکریف-ی سەردەمی کۆن بریتییە لەچواردە کتێب کە لەهەردووك وەرگێڕانی حەفتا(٨) کەسەو ڤولگات(٩)دا ناویان هاتووە، بەڵام جولەکانی فەلەستین ئەم کتێبانە

بـەوەحی و سروشـی تـەواو نـازانن. لەدەقـە ئەسـڵییە عیبرییەکەشـدا داخـڵ نـەکراون. پروتـستانەکان لــەقۆناغی ریفـۆرمی ئایینیــدا ئــاپوکریف-یــان لــەکتێبی موقــەدەس دەرهاویشتووەو ئیعترافیـان پێنـەکردووە، بـەڵام بەریوایـەتێکی بەناوبانگدا دراوەتـە پـاڵ شاجیمرو خراوەتە نێوان هەردوو سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێـوە. کاتولیکـەکان جگـە لـەدوعای منـسی و ئیـسدرای یەکـەم و دووەم، (هــەموو کتێبــەکانی دیکـەی ئـاپوکریف بەقانوونی دەزانن.

کتێبەکانی ئاپوکریف بریتییە لەچوار کتێبی مێژوویی، پێنج چیرۆك، دوو کتێبی پەنـد، یەك نامە، یەك کتێبی قەولان و یەك کتێبی دوعاونزا. کتێبەکانی دی بریتین لە: پاشماوەی فەسڵەکانی ئیستیر، باروخ (لەگەڵ نامەکەی ئێرمیا)، هاوڕێیانی دانیـل، بـەعل و ئـەژدیهاو دوعای مەنسی[١٠].

**میژوو**

**ئیسداری یەکەم (دەوروبەری ٣٩٠ زاییندا):**

شەرحی چۆنییەتی گەڕانەوەی جولەکەکانە لەئەسارەتی بابلییەکانەوە بۆ فەلەستین، ئەم کتێبـە لەبنەڕەتـدا نووسـینەوەو داڕشـتنەوەی کتێبـانی دووەمـی مێـژووی ڕۆژگـاران، عەزرا، و نەحمیا.

لەبەرئەمـە لەڕوانگـەی رەسـەنایەتی ئەدەبییـەوە بایـەخێکی ئـەوتۆی نییـە. لەگـەڵ ئەمەشـدا چـیرۆکە شـیرینەکەی زوربابـل[١١] دەگێڕێتـەوە کـە بەیارمـەتی داریـوش (٥٥٠-٤٨٦ی پـێش زایـین) پاشـای ئێـران، دەکەوێتـە نوێکردنـەوەی پەرسـتگەکەی بـەیتول موقـەدەس، هاوکـاری و پـشتیوانییەکەی داریـوش کاتێـك دەبێـت بەڕاسـتی کـە زوربابـل لەمونازەرەیەکدا دەربـارەی (زانـینی بـەهێزترین دەسـەڵاتی جیهـان) سـەردەکەوێت، لـەم مونازەرەیەدا رەقیبەکانی ئەو یەك لەدوای یـەك نـاوی شـەراب و شـا دەبـەن، زوربابـل ژن لەشەراب و شا بەدەسەڵاتتر دەزانێت، بەڵام لەهەمان کاتـدا رایدەگەیـەنێت کـە حەقیقـەت لەهەموو ئەوانە بەهێزترو بەدەسەڵاتترە.

**ئیسدراسی دووەم** (دەوروبەری ٣٨٠ی پێش زایین):

ئـەم بەرهەمـە کـە بەدرێـژەی ئیـسدراسی یەکـەم دەژمێردرێـت، لـەڕووی مێژووییـەوە لاوازەو لەبارەی ئەدەبییەوە یەجگار بـەرزە. گـرنگترین فەسـڵێن ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە:

خەونەکان، موکاشەفە ئاسمانییەکان و پێشبینیانی پەیوەست بەکەوتنی تاوانباران و رزگاری دروستکاران.

**مەکابیانی یەکەم و دووەم** (دەورووبەری ساڵی ٣٨٠ی پێش زایین):

ئەم دوو کتێبە، مێژووی جولەکانی فەلەستین لەساڵانی ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زاییندا لەخۆدەگرن، کتێبی دووەم ساڵانی (١٨٥تا١٦٨ )ی پێش زایین دەگرێتەوە، واتە سەردەمی پێش یاخیبوونی جولەکان دژی ئانیتوخوس ئەپیفانسی (١٦٣ی پێش زایین) شاسلوکی سورییە، کە هەوڵی دەدا یەهودییەت لەناوبەرێت و ئەمەش بووە هۆی یاخیبوونی مەکابیان، کتێبی یەکەم خودی یاخیبوونەکەی (١٦٨–١٣٥ی پێش زایین) شەرح و شرۆڤە دەکات، یەهودای مەکابیی رابەری یەهودییان، لەم یاخیبوون و راپەڕینەدا سەردەکەوێت، جولەکەکان ئازادیی ئایینی و سیاسیی خۆیان وەدەستدێننەوەو لەساڵی (١٤٢)ی پێش زایین ماڵباتی کاهینانی جولەکە دادەمەزرێنن کە تاساڵی (٤٠)ی پێش زایین بەردەوام دەبێت.

هەرچەندە ئەم مێژووە لەکاریگەری توندی خەیاڵات و ئارەزووە ئایینییەکانی نووسەر بەدەرنییە، بەڵام لێوانلێویشە لەڕووداوی سەیرو وێنەی دڵبزوێن، یەهودای مەکابی بەقارەمانێك لەقەڵەم دەدرێت کە سەرکەوتن، نەك لەسایەی هێزو بوێری زاتی، بەڵکو لەبەر رۆشنایی ستایشی پڕ بەدڵی یەهودا بەدەست دێنێت.

**چیرۆکان**

**یەهودییەت (دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی ١٥٠ی پێش زایین):**

چیرۆکێکی خەیاڵییە دەربارەی ژنێکی جولەکەی خواناس، کە کاتی بتولیای زێدی لەلایەن هێزەکانی بەختنەسرەوە گەمارۆ دەدرێت (بەزەبری جوانی و زانایی و زیرەکی خۆی) خۆی دەگەیەنێتە ناو چادرەکەی هالوفرەنسی فەرماندەی هێزی هێرشکەری ئاسورییەکان، بەڕواڵەت واخۆی دەنوێنێت کە تەسلیمی هەواو هەوەسی فەرماندەکە دەبێت و متمانەی ئەو بەدەست دێنێت و ئەنجام دەتوانێت لەغورابی خەوی مەستیدا سەری لەلاشە جیابکاتەوە.

یەهودییەت، بەقارەمانی خۆشەویستی جولەکەکان لەقەڵەم دەدرێت و سەربهوردەی ئەو بووە بەهەوێن و ناوەرۆکی زۆر شیعری دڵگیرو تابلۆو نیگاری جوان.

**شوشناو پیران (دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ١٣٠ی پێش زایین):**

چیرۆکێکی کورتی دڵگیرە دەربارەی شوشنا، کە ژنێکی جوان و داوێنپاکەو دوو پیری تاوانباری سەر بەتیرەکەی خۆی دەچنە بنکڵێشەی تافریوی بدەن و لەڕێ دەریبکەن، پیرەکان کە دەبینن شوشنا زۆر سەرسەختەو بۆیان نایەتە ڕەدا، بوختانی داوێن پیسی بۆ هەڵدەبەستن. شوشنا لەسەرەتادا حوکمی مەرگ دەدرێت، بەڵام دانیال کە پیرەکان دەدوێنێت بۆی دەردەکەوێت کە بوختان دەکەن، ئیدی شوشنا تەبرێ دەبێت و پیرەکان بەمەرگ مەحکوم دەکات، ئەم چیرۆکە لەڕووی زمانەوە هەوڵی داوە کەمترین وشە بەکاربهێنێت و تەژییە لەڕەگەزی چاوەڕوانی.

**توبیت (مێژووی ئەم چیرۆکە دیار نییە، بەمەزەندە دەگەڕێتەوە بۆ نێوانی ساڵانی ٣٥٠ی پێش زایین-٧٥ زایین):**

ئەم چیرۆکە خەیاڵئەنگیزە، کە نیشاندەری دەسەڵات و ئیعتوباری میسرییان و پارسییانە، باسی جولەکەیەکی ئیمانداری دوورخراوە بەناوی توبیت و کوڕە لاوەکەی بەناوی توبیاس دەکات. توبیت کە بینایی و دارایی خۆی لەدەستداوە، توبیاس بۆ وڵاتی ماد دەنێرێت تا ئەو زیوانەی بۆ بهێنێتەوە کە لەوێندەر هەیەتی، بەدرێژایی سەفەرەکە روفائیلی فریشتە لەشێوەی هاووڵاتییەکی توبیاسدا دەردەکەوێت و ڕێنوێنی توبیاس دەکات، ئەم دووە تووشی سارا دەبن، سارا کیژێکی جولەکەیەو جنۆکان دەستیان لێوەشاندووەو لەڕۆژی زەماوەندەکەیدا هەر حەوت شووەکەیان کوشتووە، توبیایس بەڕێنوێنی رۆفائیل جنۆکەکان لەلەشی سارا وەدەردەنێت و زەماوەندی لەگەڵدا دەکات، توبیاس و سارا بەنیوەی دارایی بابی ساراوە بۆ لای توبیت دەگەڕێنەوەو بەزەرداوی (زراو)ی ماسی چاری نابینابیەکەی دەکەن. روفائیل-یش پاش هێنانەوەی زیوەکان لەوڵاتی ماد، خۆی ئاشکرا دەکات و کاراکتەرەکانی دیکەی ناو چیرۆکەکە هاندەدات کە سوپاسگوزارو شوکرانەبژێری چاکییەکانی خودا بن.

**ئەدەبیاتی پەندو حیکمەت:**

**حیکمەتی یەسوع (١٥٠ای پێش زایین)**

(کۆمەڵە کتێبێکی ئاپوکریفە لەمەر سوپاس و ستایشی حیکمەتی خوا):

ئەم کتێبە بریتییە لەکۆمەڵێك پەندی شاعیرانەی کورت. بنەمای حیکمەت و ئامۆژگاری ئەم کتێبە وەکو کتێبی (پەندان) لەقانوونی موقەدەسدا زیاتر سادەو سەرەتاییە تا قوولْ و مەنگ بێت، ئەمە دووپاتدەکاتەوە کە تاعەتی خوا مایەی شادی و کامەرانییە، واتە هەمان ئامۆژگارییەکانی تەوراتە. هەڵبەتە ئەم کتێبە هەندێك پەندی بەرزو باڵاشی تێدایە.

**حیکمەتی سلێمان (ساڵی ٥٠ی پێش زایین، شوێن: ئەسکەندەرییە):**

کۆمەڵە پەندو ئامۆژگارییەکی دیکەیە زمان و تۆنی ئەخلاقی ئەم کتێبە بەهۆی کاریگەری رۆشنبیرانی یۆنانییەوە، تا ئەندازەیەك لەکتێبی پەندان یا کتێبی کۆمەڵگە باڵاترەو لەباری پراکتیکییەوە لەڕەسەنایەتی ئەخلاقی مەسیحییەت نزیك دەبێتەوە.

**تەلمود**

تەلمود تۆماری کۆی یاسا مەدەنی و شەرعییەکانی جولەکەیە، ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا بەو بەشە دەگوترا کە بەگمارا بەناوبانگ بوو.

تەلمود، چوار بەشە:

١–میشناء (لەدەورووبەری ساڵی ٢٠٠ی زایین نووسراوە):

کۆمەڵە پەندو ئامۆژگارییەکی رەبەنیانی جولەکەیە بەزمانی عیبری کە زیاتر لەتەوراتەوە وەرگیراون.

٢–گمارا:

ئەمە بەزمانی ئارامییە، کە شرۆڤەو تەفسیرو پەراوێزو پاشکۆی مینشایە.

٣–هەلاخا:

کۆمەڵە یاساو رێساو سروتێکە کە پڕە لەوردەکاری.

٤–هەگادا:

گەلێك چیرۆك، پەند، نوکتە، و نەقلْ و حیکایەتی لەخۆگرتووە کە بەدەم روونکردنەوەی هەندێك خاڵی قانوونییەوە وەکو نموونە هێنراونەتەوە. (ئەم کتێبە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رۆمانی تازەی ئەوروپاو سەدەکانی ناڤین هەبووە).

دوو دەقــی چــاککراوی تــەلمود هەیــە، یەکــەمیان تــەلمودی فەلەســتینییە، کــە لەدەورووبــەری ســاڵی(٤٠٨) زایــین لەلایــەن هەنــدێك زانــای فەلەســتینییەوە ئامــادەو کۆکراوەتەوە، دووەمیان تەلموید بابلییە، کە لەساڵی (٥٠٠) زانین نووسراوەتەوە.

## کاریگەری ئەدەبیاتی عیبری

هەر جۆرە هەوڵێك بۆ نیشاندان و دەستنیشانکردنی کاریگەری گەورەی ئەدەبیاتی عیــبری (بەتایبــەتی کتــێبی موقــەدەس)و تەنانــەت ســووکە ئاشــناییش لەگــەڵ ئــەو کاریگەرییەدا، بەداخەوە لەکەموکوڕی و کێماسی بەدەرنابێت. ئەگەر بمانەوێت لیستێك بەناوی ئەو نووسەرانە بکەین کە بەتەواوی کاریگەریی ئەدەبیاتی عیبرییان بەسەرەوە بووە، ئەوا دەبێت لیستێك بەناوی هەموو نووسەرانی ئەوروپاییەوە، لەسەردەمی ئۆگۆستینوسەوە[١٢] تا ئەمڕۆ دروستبکەیت. کاریگەری گەورەی کتێبی موقەدەس بەسەر بواروکایە بەربڵاوەکانی ئەدەبیاتی ئەوروپاییەوە وەکو وارێن فەلسەفە، ئایین، فۆرم، بابەت و ناوەرۆك و رەوانبێژیی بەزەقی و ئاشکرا دیارە، بۆ نموونە لەبواری رەخنەی ئەدەبی ئینگلیزیدا، دەتوانرێت ناوی زۆر بەرهەم ببرێت کە لەسایەی کاریگەری و ئیلهامی کتێبی موقەدەسدا نووسراون و دانراون، کاریگەری کتێبی موقەدەس لەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیز ئەوەندە زۆرو قووڵ و سەیرە کە بەتاقی تەنیا هاوتایی کاریگکەری هەر هەموو فاکتەرەکانی دیکە دەکاتەوە. لەئەدەبیاتی ئینگلیزیدا، کتێبی موقەدەس سەرچاوەی ئیلهام و سەرۆی زۆر کتێبی دیکەیە، وەرگێڕانی کتێبی موقەدەس بۆ سەر زمانی ئینگلیزی داوێکی قاییمە کە لقە جۆراوجۆرەکانی نەژادی ئینگلیزی پێکەوە گرێدەدات. بەکورتی کتێبی، موقەدەس بەمایەی یەکێتی و بەردەوامیی ئەدەبیات و شارستانییەتی ئینگلیز دەژمێردرێت، چونکە پرتەو پرشنگی ئەم کتێبە ئاسمانییە سەرانسەری قۆناغەکانی ئەدەب و رۆشنبیریی ئینگلستان رووناکدەکاتەوە، شارەزابوون لەکتێبی موقەدەس باشترین شێوەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەدەبیاتی ئینگلیزییە.

## پەراوێزەکان:

(١)شاجیمز (١٥٦٦-١٦٢٥) لەسالآنی (١٦٠٣-١٦٢٥) شای ئینگلستان بووە، گەورەترین وەرگێڕانی ئینگلیزی کتێبی موقەدەس لەزەمانی ئەودا، بەدەستی تاقمێك لەئەهلی کڵێسا ئەنجام دراوە کە بەدەقی شاجیمز ناسراوە.

(٢)دارعاساکەی موسا: موسا دەستی هەڵبڕی و دووکەڕەت دارعاساکەی بەتاوێرەکەدا کێشاو ئاوێکی زۆری لێهاتە دەرێ، کە جەماعەت و ئاژەڵەکانیان لێیان خواردەوە.

(٣)کەرەکەی بەلعام: ئەوسا خوا زمانی کەرەکەی بەلعامی پژاند، بە بەلعامی گوت: ئەرێ من چیم لەتۆ کردووە کە سێ جاران لێتدام.

(٤)شدرك و میشك و عبدنعو، سێ ناوی بابلین، بەعیبری عەزریاو خنیاو میشائیل-یان پێ دەڵێن، ئەمانە هاوڕێی دانیال بوون.

(٥)فوریم یاپوریم: یەکێکە لەجەژنەکانی جولەکە کە ڕێکەوتی ڕۆژانی چواردەو پازدەی ئازار دەکات (مانگی شەشەمی تەقویمی ئایینی جولەکەیە)و بەو پەڕی خۆشی و شادییەوە بەرپا دەکرێت، بەڕیوایەتی کتێبی ئیستیر ئەم جەژنە یادکردنەوەی ڕزگاریی یەهودیانی ئێرانە لەقەتڵ و عام.

(٦)غنوس: ناوی کۆمەڵێك گروپی ئایینی پێش مەسیحییەت و سەدەکانی هەوەڵی زایینییە، لەناو ئەم گروپانەدا جۆرە مەعریفەتێکی رووحانی بەمایەی ڕزگاریی مرۆڤ هاتۆتە ژماردن، یەکێك لەپرەنسیپە گرنگەکانیان باوەڕبوون بەدوالیزمە، واتە جووتە پرەنسیپی خێرو شەڕ.

(٧)دوومیتیان (٥١-٩٦ی زایین): ئیمپراتۆری ڕۆم بوو کە بەدەسیسەی ژنەکەی کوژرا.

(٨)وەرگێڕانی حەفتا کەسە: کۆنترین وەگێڕانی یۆنانی تەوراتە، ئەم وەرگێڕانە لەزەمانی بەتلیموسی دووەمی پاشای میسر (٢٨٥-٢٤٦ی پێش زایین) بەهیمەتی (٧٢) کەس ناو (١٢) تیرەکەی جولەکە، لەئەسکەندەرییە ئەنجامدراوە.

(٩)ڤولگات: وەرگێڕانی لاتینی کتێبی موقەدەسە لەسەدەی چوارەمی زایینیدا کە بەدەستی قەشە هیرونو موس (٣٤٠-٤٢١ی زایین) ئەنجامدراوە.

(١٠)ئاپوکریف: دوانزە کتێبی ئاپوکریف-ش ڕۆژگارێك لەخانەی کتێبەکانی ئینجیلدا دانراون، کە بریتیین لە: کتێبی یەعقوب، ئینجیلی نیقودیموس، بەرزبوونەوەی یەعقوب، کارەکانی پۆڵس و توکلا، نامەکانی ئابگار بۆ مەسیح، نامەکانی پۆڵس بۆ خەڵکی لائودکیەو ئەسکەندەرییە، نامەی سێیەمی پۆڵس بۆ قرنتیان، ئامۆژگاریی پەیامبەران، سێ کتێبی هرماس شوان و گوتەکانی عیسای مەسیح.

(١١)زوربابیل (لەساڵی ٥٢٠ی پێش زایین ژیاوە): شازادەیەکی خانەدانی داودی، حاکمی ئورشەلیمە.

(١٢)ئوگوستینوس (٣٥٤-٤٢٠ی زایین): ئیجتیهادکاری کڵێساو نووسەر بوو، خەڵکی تاگاشتەیە (لەئەفریقای باکوور).

سەرچاوە:

تأريخ ادبيات جهانباكنر ب-تراويك، ت:عربعلى رضائي چاپ: اول، ١٣٧٣.



# میشێل فۆکۆ، بەزێنەری سنووری فەلسەفە

چاوپێکەوتنی: رۆجیە پۆل دروا

و. لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد

*بەرایی: ئەمەی بەردەستمان دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە (رۆجیە پۆل دروا) رێکەوتی ٢٠/٦/١٩٧٥، لەگەڵ میشێل فۆکۆی بیرمەندی فەرەنسیدا، سازیداوەو سێ ساڵ پاش مەرگی ئەم بیرمەندە، لەرۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسیداو لەبەرواری ٣/٩/١٩٨٦ بڵاویکردووەتەوە. دیارە سازدانی چاوپێکەوتنەکە، راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ رۆگاری دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (چاودێری سزا)ی فۆکۆ، کە تێیدا ئەم بیرمەندە ژمارەیەك بۆچوون و تێڕوانینی خۆی لەمەڕ ئەدەب و دەربارەی ئەو شێوازانە دەخاتەڕوو، کە دەبنە مایەی رزگاربوونی فەلسەفە لەداخران بەسەر خودی خۆیدا. لێرەوە لەبەر گرنگی ناوەرۆکی چاوپێکەوتنەکەو هەروەها لەبەر ئاشنابوون بەژمارەیەك لەبۆچوونەکانی ئەم بیرمەندە دەربارەی ئەدەب، بەپێویستمانزانی دەقی چاوپێکەوتنەکە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی..

وەرگێڕی کوردی..

***تێکستە ئەدەبییەکان، چ شوێنگەو سیستمێکیان هەیە، لەچوار چێوەی توێژینەوەکانی تۆدا؟**

—لەهەردوو کتێبی (مێژووی دێوانەیی) و (وشەکان و شتەکان)دا، تەنیا تیشك دەخەمەسەر ئەم تێکستانەو بەشێوەیەکی راگوزەر ئاماژەیان پێدەدەم، لەوێدا من ئەو کەسە راگوزەرەم کە دەڵێت: کەواتە لێرەدا وەك دەبینین، ناکرێت کە قسە لەسەر ئەم

بەرهەمەی دیدرۆ (Leneveude Rameau) نەکەین، بەڵام من لەفەرمانڕەوایەتیکردنی چوارچێوەی بابەتەکەدا، هیچ ڕۆڵێکی نادەمێ، بەلای منەوە بەردەوام ئەدەب بابەتی گرنگپێدان بووە، نەوەك بابەتی شیکردنەوە، یاخود کورتکردنەوە، یاخود بابەتی کۆلاژکردن لەهەمان کایەی شیکردنەوەکەدا، هەربۆیە پێشتر ئەدەب شوێنی پشوودان و وێستگەو دروشم و ئاڵا بووە.

***ئایا ناتەوێت تێکستە ئەدەبییەکان بخەیتەژێر رکێفی رۆڵی دەربڕین، یاخود رەنگدانەوەی ڕێڕەوە مێژووییەکانەوە؟**

—نەخێر.. (بێدەنگی و بیرکردنەوە)، لەوانەیە واپێویست بکات ئەم مەسەلەیە، لەسەر ئاستێکی دیکە باسبکەین، لەڕاستیدا هەرگیز ئەوەمان شینەکردووەتەوە، کە هەر لەسەرەتای بارستایی شتە گوتراوەکانەوە، یاخود لەکۆی ئەو گوتارانەی لەسەر پراکتیك دامەزراون، چۆن ژمارەیەکی دیاریکراوی گوتارەکان (گوتاری ئەدەبی، گوتاری فەلسەفی) پیرۆزکراون و ئەرکێکی تایبەتیان دراوەتێ، وادیارە ئێمە بەشێوەیەکی سوننەتی، گوتارە ئەدەبی و فەلسەفییەکانمان، والێکردووە، کە وەك ئەلتەرناتیڤ، یاخود وەك رووپۆشێکی گشتی، لەبری هەموو گوتارەکانی تر سەرقاڵی کارکردن بن، بۆیە پێویستە لەسەر ئەدەب کە بەر لەگۆتارەکانی دیکە بگرێت کە دەمێننەوە، هەندێ کەس سەبارەت بەوەی کە لەسەردەمی هەژدەیەمدا گوتراوە، زیادەڕەوییان کردووە، هەڵبەت بەتێپەڕبوون بەفۆنتینال و ڤۆڵتێرو، دیدرۆو تەنانەت سەبارەت بەم بەرهەمەی رۆسۆ: ( Lanouvelle Hêloise).. هتد، یاخود ئەم تێکستانە وا دانراون کە گوزارشت لەشکێك دەکەن، کە دواجار ناکرێ بەو شێوەیە فۆرمەلە بکرێت، کە لەشتە رۆژانەییەکان زیاترە. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی پێشبینیکردنی ئەدەبدا (واتە لەبەرامبەر هەڵوێستی ئاماژەدان بەئەدەب وەك ئەوەی کە هەر شوێنکاتێکدا بوونی هەیە، بەبێ دیاریکردنی پەیوەندییەکانی بەو گوتارانەوە کە دەمێننەوە)، بەڕاشکاوی گواستمەوە بۆ هەڵوێستێکی نێگەتیڤ، تاکو سەرلەنوێ بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ هەوڵی دەرخستنی هەموو ئەو گوتارە نائەدەبی و نیمچە ئەدەبیانە (Paralêyaires) بدەم، کە لەسەردەمێکی دیاریکراودا، بەشێوەیەکی پراکتیکی توانیویانە پێکبێن و لەکایەی ئەدەب کەم بکەنەوە، چونکە لەکتێبی (چاودێری و سزا)دا، کارەکەم هەر بەتەنیا پەیوەندیی بەئەدەبی خراپەوە (الادب الردئ) هەیە..

*** چۆن ئەدەبی خراپ لەگەڵ ئەدەبی چاک جیابکرێتەوە؟**

–بەڕاستی، هەرئەمەیە کە پێویستە ڕۆژێك لەڕۆژان باسیبکەم، لەلایەکەوە پێویستە بپرسین، ئایا بەتەواوەتی ئەو چالاکییە چییە، خۆی بۆ بانگەشەکردن و خستنەڕووی، فەنتازیاو قەسیدەکان و نووسینەکانی گێڕانەوە (الکتاب السردیة)، نمایش دەکات.. لەهەرکۆمەڵگەیەکدا؟، هەروەها پێویستە پرۆسەی دووەمیش شیبکەینەوە: ئایا چ شتێك وادەکات کە ژمارەیەکی دیاریکراو لەنێوتێکڕای نووسینەکانی گێڕانەوەدا پیرۆز (مقدس) بن؟ و ئیدی هەر ئەم ژمارە دیاریکراوەش وەك (ئەدەب) دەستبەکارکردن بکەن، لەهەمانکاتیشدا بگەڕێنەوە ناو دەزگایەك، کە لەبنەڕەتدا زۆر جیاوازە: کە بریتییە لەدەزگای زانکۆ، کە لەئێستادا دەستی بەشوناسگۆڕکێ (تماهی) کردووە لەگەڵ دەزگای ئەدەبیدا.

ئەوەتا هێڵێکی لادانی زۆر روون و ئاشکرا لەکەلتوورەکەماندا هەیە، چونکە لەسەردەی نۆزدەهەمدا، زانکۆ ئەو رەگەزەیە کە تێیدا ئەوەی بەئەدەبی کلاسیکی ناودەبرێت دروستدەبێت، ئەدەبێك کە بەپێی پێناسەکردنی ناکرێت ئەدبێکی هاوچەرخ بێت و لەهەمانکاتیشدا بەتاکە بنەمای ئەدەبی هاوچەرخ و رەخنەگرتن لەم ئەدەبە دادەنرێت، هەر لەم گەمە سەرسوڕهێنەرەی سەدەی نۆزدەهەمی نێوان ئەدەب و زانکۆو نێوان نووسەرو کەسی ئەکادیمی (زانکۆیی)ەوە، پاشان بەرەبەرە هەردوو لایەنی دوو دەزگا تێکەڵاوەکە، سەرەڕای دژایەتیکردنیان، بەتەواوەتی لەناویەکتریدا توانەوەو یەکیانگرت، ئەمڕۆ باش دەزانین کە ئەوەی بەئەدەبی پێشڕەو ناودەبرێت، جگە لەکەسانی ئەکادیمی، هیچ کەسی تر نایخوێنێتەوە. هەروەها دەشزانین ئەو نووسەرەی کە دەچێتە سەروو تەمەنی سی ساڵییەوە، بەخوێندکاران دەوردەدرێت و بڕوانامەکانیان دەربارەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە ئامادە دەکەن، دواتریش ئاگادارین کە ئەم نووسەرانە، بەو سیفەتەی کە ئاکادیمین، زۆرجار لەسەرکاری وانە وتنەوە دەژین، کە واتە لەڕاستیدا شتێکمان لا گەڵاڵەبوو، ئەویش ئەو شتەیە کە ئەدەب بەیارمەتیی گەمەی هەڵبژاردن و پیرۆزکردن و هەڵسەنگاندنی دەزگاییەوە، وەك ئەدەب کاردەکات و لەهەموو ئەمانەشدا زانکۆ بزوێنەرو قبووڵکەرە.

***ئایا ئەو پێوەرانەی کە پەیوەستن بەناوەوەی تێکستە ئەدەبییەکانەوە بوونیان هەیە، یاخود ئەم کارە ناکرێت هەر پرۆسەی پیرۆزکردن بێت، کە دەزگای ئەکادیمی پێی هەڵدەستێت؟**

–هیچ شتێك نازانم و تەنیا دەمەوێت ئەمە بڵێم: بۆئەوەی لەژمارەیەکی دیاریکراوی ئەفسانەکان دابڕێین، لەناویشیاندا مۆرکی گوزارشتگەرا بۆ ئەدەب، ئەوەی گرنگی خۆی هەیە کە ئەم پرەنسیپە بایەخدارە لەبەرچاوبگرین، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەدەب جگە لەخۆی پەیوەندیی بەهیچ شتێکی ترەوە نییە، گەر ئەدەب پەیوەندیی بەنووسەرەکەشیەوە هەبێت ئەوا دەکرێت ئەمە وابەستەبێت بەمردن و بێدەنگی و هەتا بەلەناوچوونی ئەو کەسەوە کە بەرهەمە ئەدەبییەکە دەنووسێت، لێرەدا بەلامانەوە گرنگ نییە، کە بگەڕێینەوە بۆ (بلانشۆ) یاخود بۆ (بارت)، ئەوەی گرنگە بریتییە لەبەهای ئەم پرەنسیپە، واتە پێداویستی و جەبری ئەدەب (intransitivitê)، هەر ئەمەیە کە بەشێوەیەکی پراکتیکی، بریتییە لەماوەی سەرەتایی، کە بەیارمەتی ئەو توانیمان رزگارمان بێت لەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: ئەدەب بریتییە لەشوێنی هەموو پەڕینەوەیەك (lieudetouslestransits) یاخود ئەو خاڵەیە کە هەموو پەڕینەوەیەکی لێوە دەردەچێت، یاخود ئەدەب گوزارشتکردنە لەشتەگشتگیرەکان ( expression destotalitês). بەڵام وادیارە بەلای منەوە ئەوەی سەرەوە هیچ نییە جگە لەهەنگاوێك، یاخود ماوەیەك، چونکە بەکورتکردنەوەی شیکردنەوەکە بۆسەر ئەو ئاستە، هەرگیز ناگەینە ئاستی تێکشکاندنی کۆی ئەو پیرۆزکراوانەی کە بەئەدەبەوە لکاون، بەڵکو بەپێچەوانەوە قودسییەتێکی زیاتری دەخەینەسەر، هەر ئەمەشە کە بەشێوەیەکی پراکتیکی تاکو ساڵی ١٩٧٠ روویداوە. چونکە سەرنجی بەکارهێنانی ژمارەیەك لەبابەتەکانی هەریەك لەبلابشۆ، یاخود بارت–م داوە، وەك جۆرێك لەشکۆدارکردنی بەرزی لیریکییانەو هزرییانەی ئەدەب، وەك بنەمایەکی زمانەوانی کە ناکرێت شیبکرێتەوە، تەنیا بۆ خودی خۆی نەبێت، هەروەها دەستپێکی شیکردنەوەکەش هەر لەخودی خۆیەوە دەستپێدەکات.

هەرگیز تێوەگلانی سیاسی نائامادەنییە لەناو ئەم شکۆدارکردنەدا، کە بەیارمەتیی ئەو گوتەزایە دەستەبەردەبێت، کە پێی وایە نووسین لەخودی خۆیدا، تا ئەو رادەیە

ئازادبووە، کە ئاستێك بۆ هەموو دەستنیشانکردنەکان دابنێت، هەروەها بەو پێیەی کە پرۆسەی نووسین لەخودی خۆیدا، بریتییە لەتێکشکاندن و بۆ ئەوەی نووسەریش لەمومارەسەکردنی خودی ئەم پرۆسەیەدا مافی لەتێکشکاندنەکەدا قابیلی هیچ خستنەڕوویەك نەبێت و دواتریش دەکرێت نووسەر شۆڕشگێڕ بێت و بەقەدەر ئەوەی کە دەکرێت نووسین نووسین بێت، پێویستە نووسەریش بەناو جەبرو پێداویستییەکانیدا رۆچێت و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەرهەم بهێنێت، وەك دەزانی ئەمانە شتگەلێکن کە بەداخەوە گوتراون..

بەشێوەیەکی پراکتیکی میتۆدی بلانسۆو میتۆدی بارت روویان کردووەتە دامالینی سیفەتی پیرۆزی لەئەدەب، ئەویش بەهەڵوەشاندنەوەو لێکترازاندنی ئەو وابەستەییانەی کە ئەدەب دەخەنە شوێنگەیەك، لەشوێنگەکانی گوزارشتی رەهاوە، ئەم دابڕانە مانای ئەوەیە کە بزووتنەوە هاوپەیمانەکە بریتییە لەدامالینی سیفەتی پیرۆزیی لەئەدەب بەتەواوەتی، هەروەها هەولدەدەین کە لەڕێگای بارستایی رەوتە گشتییەکەوە ئەوە بزانین کە دەلێت چۆن لەسەردەمێکداو بەشێوەیەکی دیاریکراو، بۆ ئەم ناوچە تایبەتمەندەی زمان ئەوە فەراهەم بوو بەدیهات، کە ئەو ناوچەیە دروستبکات کە پێویست بەوە ناکات داوای لێبکەین، کە بڕیارەکانی کەلتوورێك لەکەلتوورەکان هەلگرێت، بەلام پێویستە لەسەرمان پرسیاری لێبکەین: چۆن دەکرێت کەلتوورێك لەکەلتوورەکان بڕیاری پێدان و بەخشینی ئەم پێگە بێهاوتاو غەریبەی لەسەر بدرێت؟.

## *بۆچی غەریب و نامۆ؟

-بەمانایەك لەماناکان، کەلتوورەکەمان چارەنووسێکی دیاریکراو دەبەخشێت بەئەدەب، بەشێوەیەك کە مایەی نامۆبوونە: لەبەرئەوە ژمارەی ئەو کەسانە چەندە کە ئەدەب دەخوێننەوە؟ هەروەها ئەو پێگەیە چییە کە ئەدەب بەشێوەیەکی پراکتیکی لەچوارچێوەی درێژبوونەوەی گشتیی گوتارەکاندا داگیری دەکات؟ بەلام هەر خودی ئەم کەلتوورە، لەڕووکردنە رووناکبیریداو لەکاتی خوێندنیاندا ئەوە بەسەر هەموو رۆلەکانیدا دەسەپێنێت، کە دەبێت بەناو ئایدۆلۆژیای تەواوو کامڵ، بەناو ئایدۆلۆژیای ئەدەبدا تێپەڕن، گەرچی لەوێدا جۆرێك لەئایرۆنی و پارادۆکسیش بوونی هەیە، هەروەها ناکرێت ئەوە لەو گوتەیە جیابکەینەوە، کەوا نووسین پرۆسەیەکی تێکشکێنەرانەیە، هیچ گرنگی و

رووداوێکیش لەوەدا نییە، کە کەسێك لەم گۆڤار، یاخود لەویتردا بانگەشە بۆ ئەمە بکات، بەڵام گەر لەهەمانکاتدا هەموو ئوستادەکان، ئیدی لەمامۆستاکانەوە بیگرە، تاکو دەگاتە ئوستادەکانی زانکۆ، پێیان گوتی، کە گەورەترین بڕیارەکانی هەر کەلتوورێك و ئەو خاڵانەی کە بەتەنیشتیانەوە دەچەمێتەوە. پێویستە بەدوایاندا بگەڕێی لەلای دیدرۆ، یاخود ساد، یان هیگڵ، یاخود لەلای رابلێ Rabelai، ئەوا باش دەبینیت، کە دواجار ئەم کارەش پەیوەستە بەهەمان شتەوە. هەمووان دەیانەوێت کە ئەدەب سەرقاڵی وێنە هاوشێوەکان بێت، کاریگەرییەکانی یارمەتیدانیش، لەسەر ئەم ئاستە کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەکانن، چونکە گروپە پێشڕەوەکان و جەماوەری زانکۆش هاوڕاو گونجاون و ئەم کارەش بووەتە مایەی پەیدابوونی گەمارۆیەکی سیاسی توند..

***تۆ چۆن لەم گەمارۆیە رزگارت بوو؟**

–شێوازی من لەباسکردنی ئەم گرفتەدا یەکەمجار لەکتێبەکەمدا دەربارەی (ریمۆن رۆسیل) نمایشدەکرێت و دواتریش لەکتێبەکەمدا دەربارەی (پیر ریڤێر) بەتایبەتی دەخرێتەڕوو، لەنێوان هەردوو کتێبەکەشدا هەمان پرسیار بوونی هەیە، سەرەتا لەچ ئاست و سنوورێکەوە هەرگوتارێك، (جا گەر ئەو گوتارە، گوتارێکی نەخۆش، یان تاوانبارو.. هتد بێت) دەست بەکارکردنی دەکات لەچوارچێوەی کایەیەکدا، کە بەکایەی ئەدەبی ناودەبرێت؟.

بۆ زانینی ئەوەی کە ئەدەب چییە؟ نامەوێت توێژینەوە لەسەر بوونیادی ناوەکی ئەدەب بکەم، بەڵکو دەمەوێت دەست بەو بزاوتەوە بەو رێڕەوە وردەوە بگرم کە لەڕێگایەوە جۆرێك لەگوتاری نائەدەبی و فەرامۆشکراوو لەبیرکراو دەچێتە ناوەوە، کاتێك کە فۆرمەلە بکرێت لەکایەی ئەدەبیدا لێرەدا چی رووەدات؟ چ شتێك دەست بەکارکردن دەکات؟ چۆن هەوڵەکانی راستدەکرێنەوە، لەڕێگای دانپێدانانی وەك گوتارێکی ئەدەبی.

***بەدڵنیایی هەندێک تێکستت تایبەتکردووە بەبەرهەمە ئەدەبییەکان، کە ئەو پرسیارە ناخەنەڕوو، بەتایبەتی لێرەدا مەبەستم وتارە بڵاوکراوەکانتە لەسەر رەخنە دەربارەی بلانشۆ، کلۆسۆفسکی، باتای، کە گەر هەموو ئەو وتارانە لەبەشێکدا کۆبکەینەوە، ئەوا وێنەیەکی نائاسایی دەبەخشنە رێڕەوی کارکردنت لەم بوارەدا؟**

–بـەڵێ، بـەڵام.. (بێـدەنگی)، بـەدڵنیایی ئەسـتەمە قـسە لەسـەر ئـەم کـارە بکـەین لەڕاستیدا، لەبەرئەوەی هەریەك لەبلانشۆو کلۆسۆفسکی و باتـای، ئەوسـێ کەسـەن، کـە دواجار من لەشەستەکاندا گرنگی و بایەخم پێـداون بـەلای منـەوە بەرهەمـەکانیان زیـاترن لـەکاری ئـەدەبی، یـاخود لـەو گوتارانـە پـترن کـە لـەناو ئەدەبدا، بەرهەمـەکانیان گوتـار گەلێکن لەدەرەوەی فەلسەفەدا.

## *ئەمە مانای چییە؟

–گەر بتەوێت با لەم بارەیەوە (نیچە) وەرگرین، ئـەم بیرمەنـدە سـەبارەت بـەگوتاری فەلـسەفەی زانکـۆیی (ئـەکادیمی)، نوێنەرایـەتی کەسـێك دەکـات، کـە هـەرگیز واز لەگێڕانەوەی لایەنی دەرەکی ناهێنی، بۆ ناوخودی خۆی، چـونکە بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەکرێت چوارچـێوەی کـامڵی فەلـسەفەی خۆرئـاوا، لای (نیـچە) خـۆی بناسـێت، هەریـەك لەئەفلاتون، سپینۆزا، فەیلەسوفانی سەدەی هەژدەهـەم و هـیگڵ.. هـەر هـەموویان بـەناو (نیچە)دا، تێپـەڕ دەبـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا (نیـچە) لـەوەدا، کـە پەیوەنـدی بەفەلـسەفەوە هەیە، فەلسەفەکەی توندو بەشێوەیەکی ئاسان زبرو کێوییە، جۆرە لادێیـیەکی شـاخاوییە کە رێگەی پێدەدات بەناو شانیدا بکێشێت، بەبێئـەوەی بکرێـت کـە ئەمـە هـەرگیز بێمانـا بێت، بەوەی کە بەتوندی بڵێت بۆمان نییە فەرامۆشی بکەین: (ئەمە هەمووی بێماناو پڕوو پووچە..).

رزگاربوون لەفەلسەفە، بەناچـاری مانـای ئابڕووچـوونێکی وەك ئەمەیـە، بەمانـەوەمان لەناو فەلسەفەدا، ناچینە دەرەوەی فەلـسەفە، نـەخێر، بـەڵکو بەدژایـەتیکردنی فەلـسەفە بـەجۆرە نەفامییـەکی سەرسـامکەرو شـادو بـەجۆرە قاقایـەکی پێکـەنین، لەفەلـسەفە دێینەدەرێ، پێکەنینێك کە لێی تێنەگەین و دواجـارو لەکۆتاییـدا مایـەی تێگەیـشتن بێـت، یـاخود لەهـەموو حاڵەتێکـدا شکـستبخوات، بـەڵێ تێکبـشکێ زیـاتر لـەوەی کـە مایـەی تێگەیشتن بێت.

هەروەها بەو پێیەی کە من کەسێکی ئەکادیمی و ئوستادی فەلسەفەم، ئەوا ئەوەی کە پاشماوەی گوتارەکانە، گوتاری فەلسەفی سوننەتی، پێشتر لـەو کارەمـدا، کـە دەربـارەی شێتییەتی پێی هەستاوم، بێزاریکردم، لێرەدا پەی بەپاشماوەی کـارێکی هیگـڵ دەبـەین، چونکە دەرخستنی شـتە بێماناکـانی وەك راپۆرتـەکانی پـۆلیس، رێوشـوێنەکانی زینـدان،

هاوارو ناڵەی کەسانی بێ ئەرزش، بەتەنیاو بەناچاری بەس نین بۆ دەرچوون و هاتنە دەرەوەی لەفەلسەفە، بەلای منەوە، نیچەو باتای و بلانشۆو کلۆسۆفسکی خاوەنی شێوازگەلێکن بۆ دەرچوون لەفەلسەفە. ئەوەتا لەتوندوتیژیی باتای و لەشێوازە شیرینەکانی تێکچوونی ئەقڵ و دڵەڕاوکێی بلانشۆو لەتونێلە پێچاو پێچەکانی کلۆسۆفسکی شتێك هەیە کە لەهەمانکاتدا، لەفەلسەفەوە سەرچاوە دەگرێت و دەردەچێت، چونکە فەلسەفەش ئەو شتە بەکاردەبات و دەیخاتە شوێنی پرسیارەوە، پاشان لەفەلسەفە دەردەچێت و دەگەڕێتەوە ناوی.. ئەوەتا شتێکی وەك تیۆرەی ئازارەکان لەلای کلۆسۆفسکی بوونی هەیە، کە بەچەندین هێڵی لەژمارەنەهاتوو توند فەلسەفەی خۆرئاوا لەخۆ دەگرێت و پاشان بەتەواوەتی لەڕێگای هونەری دەردەهێنانەوە دێتە دەرێ. یاخود لەڕێگای فۆرمەلەکردن و شێوازێکەوە دێتەدەرێ، کە ئەو بەپێی ئەم شێوازە لە: Bapdometدا کاریکردووە.

ئەم ڕۆیشتن و هاتنە لەمەڕ کە ناری فەلسەفە خۆی، وادەکات کە سنووری نێوان لایەنی فەلسەفی و نافەلسەفی قابیلی بەزاندن بێت، واتە دواجار ئەم سنوورە بێمانا بێت..

*سەرچاوە:

گۆڤاری (العرب و الفكر العالمي)، ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٠، لاپەڕە ١٥٦-١٦٠..

# نامە بۆ نیگارکێشێک

نوسینی: کارۆ

و.لەفارسیەوە: کوردەوان محەمەد سەعید

جۆرج... هەم تۆ شاعیری هەم من... وشەی شیعرەکانی تۆ رەنگن، هی من بەرد...

یەك شت خەیاڵە شاعیرانەکانی من و تۆ حوکم دەکات: هاواری بێدەنگی نیوەشەوی زەنگەکان.

جۆرج من و تۆ جگەرگۆشەی ئاوارەی سەدەیەکی هەتیوین کە نیوەی باوکی، سەدەی نۆزدە خواردویەتی و نیوەکەی دیکەشی سەدەی بیستویەك.

من و تۆ وەك هەموو جگەرگۆشەکانی ئاوارەی ئەم سەدە دوو پارچەیە، خونچەی باخەوان نەدیوین کە بەهار لە پەڕی نەپشکوتومانداپەژموردە بووە. نان بەهەموو هیچ و پووچیەکییەوە بەو هەموو بێ زمانییەی خۆیەوە پرسی رۆژەو هەرسروەیەکی سەرگەردانی بەهاری ئێمە گۆڕی سەرگەردانی سەدان ئاواتی بەجێماوی رۆژی رەشە...

چارەنوسی زەریاکان بۆتە لەیستۆکی دەستی دەنکە زیخی جێماوی بەناو ژەنەراڵەکان...

مانگ کەسێتی درۆزنانەی سەدەکانی رابردوی بەیەکجاری لەدەست داوە...

ئاسمان بەو هەموو شان و شکۆو هەڕەتەی خۆیەوە، لەبەر ئەو درۆیانەی تائێستا بەزەوی وتوون، ماتەم گرتویەتی و لە بەرپێی زەویدا کەوتووە...

ئەوین پشتیوانی ئەفلاتونی لەدەستداوە و بەوپەڕی سوکی کاری شیکردنەوەی شەهوەتی نیوەشەوی کێوی سەرمایەی لە ئەستۆ گرتووە. جۆرج ئەمانە هیچ... ئەمانە هەمووی لە لایەك... ئازادی گەیشتۆتە ئەوەی کە هەبوونی بەندە بە سەمای کوتوپڕی

میلی تفەنگی سەربازێکی گومناو، پشتی دڕکەزێی بیابانی حەقیقەت، قورسایی بەهای پارە شکاندویەتی...

ڕۆحی گۆڕستانەکان، لاشەی سەد پارچەی قوربانیانی جەنگ، خستویەتییە سەر لێوی گۆڕ...

خاچەکان بەشێوەیەکی ترسناك بە بەراورد لەگەڵ گۆڕەکاندا بچوك بوونەتەوە...

جۆرج تۆ کە نیگارکێشیت، نیگارێك بۆ ملیۆنان گۆڕی بێخاچ بنەخشێنە، نیگاری خاچێك بنەخشێنە بە قەد فراوانی و گەورەیی خودا و لەبەر خاچەکەدا نیگاری ڕۆبسپیر بنەخشێنە... ڕۆخساری شۆڕشەکەی دوێنێی فەرەنسا و لە ئەژنۆیەوە نیگاری مەمکێکی چاوەڕوان بنەخشێنە، مەمکی چاوەڕوانی دایکێکی چاوەڕوانی جەزائیری کە منداڵە شیرەخۆرەکەی ، فەرەنسییەکان کردیانە مەزەی شامپانیا و ناوی تابلۆکەشت بەیەك ڕستەی کورت ناو بنێ، لەسەر تابووتی ئازادی...

جۆرج تۆ نیگارکێشیت... نیگاری ترسی مرۆڤێکی قەرزدار لە بینینی خاوەن قەرزێك بکێشە...

نیگاری گاڵتەجاڕی شەرافەتی دەستکردی کارخانەیەك بکێشە بەناوی دادپەروەری موفتە خۆرەکان...

نیگاری شارێك بنەخشێنە بە ناوی نوێ کەزۆرێك لە ژیانە نوێکانی ناوی کۆن بوون، نیگارێکی ئاڵۆزی هیچ بنەخشێنە.

گوێ بگرە جۆرج، هەم تۆ شاعیری هەم من.. وشەکانی شیعری تۆ ڕەنگەکانن، هی من بەردەکان... خەیاڵە شاعیرانەکانی من و تۆ تەنها یەك شت حوکمی دەکات: هاواری بێدەنگی نیوەشەوی زەنگەکان...

ئای... جۆرج... ئەگەر من خودای کڵێساکان دەبووم، شێوەیەکی نوێم بۆ کڵێسا دادەڕشت، ئەگەر تا ئێستا زەنگەکان بەملی کڵێساکانەوە هەڵواسراون من بۆ لەمەوپاش کڵێساکانم بە گەردنی زەنگەکانەوە هەڵدەواسی. جۆرج دەزانی بۆ؟ ئەو زەنگانە بۆ ئەم هەموو مەرگە کەمن، باوەڕکە جۆرج زۆر کەمن...

نیگاری کلێسایەك بکێشە کەیەکێك لە ڕۆڵەکان عیسا واتە کلێسای دایکێکی عیسایی گەردنی ، مەبەستم گەردنی کلێساکەیە بە چەکوشی زەنگێکەوە لە سێدارە دراوە بۆ ئەوەی قورسایی کلێسا وا بکات کە چیتر زەنگی ماتەم دەنگی لێوە نەیەت.

جۆرج... ئەگەر لەهەر گۆڕەپانێکی بەجێماوی هەر شەڕێك لەگەڵ داری ڕمەکاندا کلێسایەکیان دەچاند و ئەگەر بۆ هەر قوربانیەکی جەنگ تەنها یەك زەنگ دەنگی لێبهاتایە، زمانم لاڵ بێت تەنانەت پەروەردگاریش کەڕ دەبوو.

جۆرج لە نیگارکێشان ماندوو بووی؟ هەر لەبەر ئەوە نیگاری نیگارکێشێك بکێشە، کە نیگارکێشی لە هەمووان نیگار کێشتر بێ...

نیگاری دایکێك بنەخشێنە کە نایەوێت نگارەکەی واتە جگەرگۆشەکەی بێ هیچ سودێك لە بازاڕێك بەناوی جەنگ هەڕاج بکەن. نیگاری مرۆڤێکی برسی بکێشە کە لەگەڵ برسێتییەکەیدا نایەوێ برسێتیەکەی لە پێناوی شەڕی بێئامانجدا بە تالان بەرن. نیگاری فرمێسکی دوژمنێك بکێشە لە سەر گۆڕی دوژمنەکەی.

جۆرج دەزانی... هەرکەس لە ژیانیدا مشتێ گەورەیی شاراوەی هەیە کە دوژمنەکانی نکۆڵی لەو گەورەییەی دەکەن، نیگاری فرمێسکی دوژمنێك بکێشە لەسەر مەزاری دوژمنەکەی خۆی و بە فرمێسکی ڕەنگەکان هاواری ئەو فرمێسکانە بنوێنە کە دەڵێن بۆچی جەنگ لێنەگەڕا ئەم دوژمنەم بمێنێ و پەی بە گەورەیی شاراوەی من بەرێت.

نیگاری کێوێك بکێشە... کێوێکی مرۆڤ داهێنەری ئاسۆیی.. جۆرج دەزانی یانی چی؟

نیگاری سکی دایکێك بکێشە بنەخشێنە کەچاوەڕوانی منداڵبوونەو ئەو نیگارەش فرمێسکی نیگەرانی کچێکی دوگیان پیشان بدات کە نازانێت کاتێك منداڵەکەی هاتە دنیایە و داوای باوکی کرد، چۆن منداڵە شیرەخۆرەکەی تێبگەیەنێت کە جەنگ لەوە بێباوك و دایکترە، باوکێکی بۆتۆ دەستنیشان کردبێت.

جۆرج تۆ نیگارکێشیت..ڕەنگەکان لە دوور بڕێژە، قەڵەمی خۆت هەر بەو جۆرە سادەو بە هەوای ژەهراوی سەدە نیوەناچڵی ئێمە ئاشنا بکە. ڕەنگی زۆر لە ڕەنگی ئاسایی زیاتر دێنە دەستت، بەو ڕەنگانە لەگەڵ چەند دڵۆپێك فرمێسك نیگاری دووڕوویی‌ەکان

بنەخشێنە و ئەگەر ویستیشت ناوێك بۆ ئەو نیگارە دابنێیت، ناوی بنێ چەند نوختەیەك...

پاشان برۆ بۆ پاریس... یەكسەر بچۆ بۆ پەرلاشز.. بۆ چاك دەزانی پەرلاشز گۆڕستانی قارەمانانی مێژووی فەرەنسایە.. كە گەیشتیە پەرلاشز یەكەمجار كاریكاتێری ئاهەنگێكی هەرمانی بكێشە بەناوی مارسیز... ئەگەر دەوڵەتی فەرەنسا ڕێگای پێدایت، ئەو كاریكاتێرەو چەپكە گوڵێكی سیس و ژاكاو پێشكەشی زێوانی گۆڕستانی پەرلاشز بكە...

دوایی برۆ بۆ ئەفریقای باشوور.. لە ئەفریقای باشوور بە شوێن كاربەدەستە ئینگلیزەكەی ئەوێدا مەگەرێ.. یەكسەر بچۆ بۆ كانە ئەڵماسەكان...

ئەگەرێكی بەهێز هەیە كە لەوێ لەتاوان بمریت..

ئەگەر وارێكەوت بمری، بە پشتیوانی ژیان فەرمان بدە بە مردن چەند دەقەیەك مۆڵەتت بدات و لەو پێنج دەقەیەی بەر لەمردندا نیگاری سەدان ژنی چارەڕەش بكێشە كە سەد منداڵی شیرە خۆرەیان بە كۆڵەوەیەو سەدان پاچی لەبەرهەتاو هەڵقرچاو بەدەستیانەوەیە و كەمێك لەولاترەوە لەهەمان تابلۆدا نیگاری ژنەكان پیشان بدە بەهەمان منداڵەكانەوە بێ لە پاچەكان و دەرمانی شۆربوونی زیاد بكە.. جۆرج دەزانی یانی چی؟

ئەو دەرمانە شۆرەی كە دەبێت ژنەكان رۆژانە دوای خۆرئاوابوون بیخۆن، بۆ ئەوەی گەر بە هەڵە ئەڵماسێكیان قووت دابێ لەگەڵ ئەو نانەی كە بەهەڵە خواردوویانە بیدەنەوە بە دەوڵەتی ئەفریقا..

دوایی برۆ بۆ ئیسپانیا.. جۆرج تۆ دەزانی، كە ئیسپانیا و پورتوگال هاوسنوورن، لە ناوەڕاست سنووری نێوانیاندا راوەستە. یەكێك لە گیتارژەنەكانی ئیسپانیا بانگ بكە و تكای لێبكە لە جیاتی بۆ نیگارێكی بێزراوی حكومەتەكەی سالازار لەسەر شەش تاڵی گیتارەكەی بنەخشێنێت.

گیتارژەنە ئیسپانییەکە تکاکەت رەتدەکاتەوە، نەك لەبەر ئەوەی سالازار خەڵکی ئیسپانیایە و بێزارکەر نییە، ئەو پێیوایە سالازاریش نەبێت سالازارێکی لەو خراپتر حوکمی ئیسپانیا دەکات، دەستی ماچ بکە، دەستیشی ماچ بکەو لە یەکێك لە مەیخانە بێناو و نیشانەکانی ئیسپانیا پێکێك شەرابی سوور لە چاوی لۆرکای مرۆڤترین مرۆڤ و شۆڕشگێڕترین و ئیسپانیاییترین شاعیرەکانی ئیسپانیا هەڵدە... شەرابی لۆرکا مەستت دەکات.. بەو مەستییەی شەرابی لۆرکاوە بڕۆ بۆ بەرلین..

دایکێکی ئەڵمانی ببینەو نیگارێك لە جەستە دووپارچەکەی بکێشە کە نیوەی لە بەرلینی خۆرهەڵات و نیوەکەی دیکەی لە بەرلینی خۆرئاوا و هاواری ئەو دایکە ئەڵمانییە پیشان بدە کە بە هیچ زمانێك ناتوانێت وڵاتانی بەناوگەورە تێبگەیەنێت، کە ئێمە لە هەرلایەك قەتیس بکەیت، نیوەکەی دیکەمان لەولای دیکەیە.

من هەم قاچی کوڕەکەم خۆشدەوێت، هەم سەری.. سەری لەبەر ئەو شەوانەی کە دەیخاتە سەر رانم و قاچەکانیشی لەبەر ئەو شەوانەی کە سەرم دەخستە سەر رانی.

پاشان بڕۆ بۆ لەندەن... پۆلیسەکانی لەندەن بە پێچەوانەی ئەو دڕندایەتییانەی لە نیشتمانە داگیرکراوەکاندا دەیکەن، لەناو ئینگلستاندا زۆر بە ئەدەبن.

پرسیاری ماڵی بەرتراند راسڵ لە پۆلیسێکی بەئەدەبی ئینگلیزبکە بە بەرتراند راسڵ بڵێ من نیگارکێشم...

نیگاری دوای سبەینێی جەنگی داهاتووم نەخشاندووە...

ئەو مرۆڤێکی گەورەیە پێشوازی لە خۆت و نیگارەکە دەکات... نیگارە نەکێشراوەکەت، واتە تابلۆیەکی رەش رەشی پێشکەش بکە و داوای لێبکە چی لە وڵاتە گەورەکان دەوێت زیاتر بیەوێ..

لە پێناو دووسبەی جەنگدا یانی لە پێناو تابلۆیەکی رەشدا.. واتە شریتێکی رەش بە سینگی مرۆڤایەتییەوە.

دوای ماڵاوایی لە بەرتراند راسڵ، سەرێکیش لەچەرچڵ بدە، ئەگەر پرسی چیت دەوێت، بڵێ هیچ... هاتووم نیگارێکی ئەو شانازییانە بنەخشێنم کە لەمەودوا هەرگیز بۆ

تۆ نابن.دوای ئەوە لەندەن جێ بهێڵە.. ئەگەر شارەوانی لەندەن پرسی، چۆن ڕێ بە خۆت دەدەیت بەرلە سەردانی مۆزەخانەی شکسپیر، ئینگلستان جێبهێڵیت، پێی بڵێ مۆزەخانەی شکسپیر لە دڵی مندایە، بەڵام ئەو مۆزەخانەیەی کە شکسپیر لە ئینگلستان هەیبوو لە جەنگی (بوئێرەکان)ندا لەناوچوو.

دوای ئەوە بڕۆ بۆ گوندێکی گومناو کە هیچ هێڵێکی گەمژە بەناوی سنوورەوە لە هیچ نیشتمانێکی جیا نەکردۆتەوە... لەو گوندە گومناوەدا بە شوێن گومناوترین گوندییەکاندا بگەڕێ و لەو خێزانە بێ ناو ونیشانەشدا بە شوێن ساواترین منداڵیاندا بگەڕێ... لە تەنیشت لانکەی ئەو منداڵەوە دوا نیگاری خۆت بنەخشێنە...

نیگاری دنیا لە شێوەی مەمکێکدا بکێشە و پاشان ئەو نیگارە بخە سەر لێوی دنیا نەدیوی منداڵەکە... لێگەڕێ ئەو مەمکە واتە لێگەڕێ نیگاری دنیا یانی ئەو مەمکە وەك هەموو ئادەمیزادەکانی دی، منداڵەکە فریو بدات تا ئەو مانگایەی کە زەوی بە سەر شاخییەوە گیرساوەتەوە لە شیرپێدانی جگەرگۆشە مەینەتییەکان، هێندە ماندوو نەبێت...

جۆرج دوای نەخشاندنی دوانیگارت... نیگارێکی دی دروست بکە بە ناوی دواهەمین تابلۆ، تابلۆیەك بکێشە و هەرچی پێت دەڵێم تێیدا جێ بکەوە:

چاوی چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگایەك..

زەنگی چاوەڕوانی مردنێك، مشتێك ریخۆڵەی برسی چاوەڕوانی نانێك و هەزار خەروار گەنمی لەکارکەوتە.. مێزگردێك و قەد و باڵای چەند سیاسەتمەدارێك..

جامێك ماستی ڕەش، جامێك ماستی سوور و نیشانەیەکی پرسیار و لەجیاتی من لە ژێر تابلۆکە بنووسە، کە کۆتایی ئەم (بۆ)یانە ئوێنگەی هەرمانی (بۆ)کانە..



# ئەفسوونبازەکەی

# "پۆرتۆ بیللۆ"

## دیمانە لەگەڵ پاولۆ کۆیلۆ

ن/عەزە تەویل

و/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

لەئاکامی ئەزموونێکی نـاوازەدا لەگـەڵ سرووشـتدا، پـاولۆ کۆیلـۆ کەوتـە گۆشـەگیریو دوورکەوتنەوە لەجیهان، ئەوەش بووە هـۆی ئەنجامـدانی گوزەرێـك بـەنێو شـاردراوەکانی خوددا کەچەندین شاکاری جوانی وەك "ئەفسوونبازەکەی پۆرتۆ بیللۆ"ی لێکەوتەوە..

***لە نووسیندا بەهرەت لە چی وەرگرت؟**

–خاڵی وەرچەرخان لای من لەهاتنمەوە بۆ "کۆمپۆستێلا" دەستپێکرد، ئەوکاتە بۆم دەرکـەوت ژیـانم بەخـشیوە بـۆ ئـەوەی نهێنییـەکانی گـەردوون بدۆزمـەوە، دواجـاریش لەگەردوونـدا هـیچ نهێنییـەك لـەئارادا نییـە مادامـەکی ژیـان خـۆی نهێنییـەکی ئـاڵۆزە، وێکگەیشتنمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا بۆخۆی "پەرجوو–موعجیزە"یەکی بەرجەستەبووە بەبەردەوامی، دوای سەفەری حەج، سۆراخکردنی رۆحـیم بـۆ ئاسـانبوو.. هـەروەك درکـم بەوەیش کرد کە ژیان تەواوی وەڵامی پرسیارەکان کورتو پوخت دەکاتەوە.

***تۆ گەر چی ژیان بەوەڵام دادەنێیت، بەڵام نابینین سووربیت لەسـەر کنەکردن لەنهێنییەکان؟**

–باوەڕم قووڵە بەوەی ئێمە بەردەوام وەرچەرخانەکان تاقیدەکەینەوە، بۆیە هەمیشە پێویستمان بەوە هەیە لێگەڕێین ژیان بەرەو نهێنییەکانمان ببات لەبری ئەوەی ژیان بەلای نهێنییەکاندا بەرین.

***بەڵام لەزۆربەی دەقەکانتدا پشت بەگرێچنی پۆلیسی دەبەستیت، وەک لە "کیمیاگەر"و "یانزە خولەک"و..هتد.. لەوێدا کەشوێنێکی نادیارو تەمومژاوی دەهێنیتە ئارا کەگێڕەرەوەو هاوکات خوێنەریشی لەگەڵدا سەرقاڵ دەکەیت.. ئایا ئەم حاڵەتە گەڕانە بەدوای مەعریفەدا یان خواستێکە بۆ پەیبردن بەشتە نادیارەکانی ئەم جیهانە؟**

–کارەکتەری هەموو ڕۆمانەکانم لەگوزەری گەڕان بەدوای ڕۆحیاندان.. لەڕوویەك لەڕووەکانەوە ئەو ئاوێنەیەن کەخودی خۆم نیشان دەدەنەوە، من بەردەوام لەهەوڵدام بۆ دۆزینەوەی جێگەیەك بۆ خۆم لەم جیهانەدا، لە نووسینیش بەولاوە ڕێگەیەکی باشتر بۆ ئەوە شك نابەم، سەفەری جەستە هاوکات سەفەری ڕۆحیشە.. چونکە لەمیانەی گوزەرکردنەوە بەجیهاندا پاڵەوانی ڕۆمانی "الزهیر" درك بە قووڵترین ماناکانی ژیان دەکات، ڕۆمانەکانم زادەی جیاوازییەکانی نێو ژیانە، واتە زۆر دوورە لەو لۆژیکەوە کەکۆنترۆڵی ڕۆمانە پۆلیسییەکان دەکات، جیاوازی ئەو گرژییەیە کە لە ناخمدایە، وەك کەوانی تیرهاویشتن وایە کە بەردەوام لەگرژیدایە، دەزانم کە دەبێت لەژیاندا بەهاگەلێکمان هەبێت، بەڵام زۆرجار جیاوازییەکان سەرنجیان ڕاکێشاوم، ژیان کپ و چەسپاونییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژیان لەجووڵەی بەردەوامدایە وەك هەڵکشان و داکشان.

***لەڕۆمانەکانتدا شوێنەکان یەکتری دەبڕن لەکۆکردنەوەیەکدا لەنێوان خۆرهەڵاتء خۆرئاوادا، تۆ هەمیشە شوێنی ئاڵۆزو پڕ ژاوەژاو و پێکگەیشتنی شتە ناکۆکەکان هەڵدەبژێریت، لەدوا ڕۆمانتدا "ئەفسوونبازەکەی پۆرتۆ بیللۆ"دا بەیروت مەودایەکی بەرفراوانی هەیەو ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە چارەنووسی "ئەسینا"ی پاڵەواندا، هەروەها دوبەی، بۆتە شانۆی بیرۆکە سەیرو نامۆکانی؟**

–بۆنا؟! بەیروت و دوبەی دوشاری سەرنجڕاکێشن، بەیروت بەلای منەوە شارێکە لەململانێیەکی بەردەوامدایە منیش لە هەمان حاڵەتدام، دووبەی لەهەموو شارێکی هاوچەرخ و پەرەسەندوو زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوم، شارەکان لەمرۆڤ دەچن، ئەوانیش شێوازو خواستی تایبەتی خۆیان هەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی ژیاندا، ئەم دوو شارە

لەڕۆمانەکانمدا خۆیان دەسەپێنن، کاتێك چیرۆکێك دەنووسم یان کارەکتەرێك دەخولقێنم شارێك لەبیرو ئەندێشەمدایە، من هەرچەندە شارم خۆشدەوێت، بەلام دەخوازم کارەکتەرەکانمیان لێبەدوور بگرم.. بیابانو شاخو دارستانەکان دەبنە شوێنگەلێکی هاوشێوەی شارو پایتەختەکان، ئەم مەودا بۆشو کراوانە بۆ رامان پالەوانەکانم بۆ روبەڕوبوونەوەی خودی خۆیان هاندەدەن.

***ئەم شوێنە هاو چەرخانە وەک خۆت دەڵێیت، لەزۆرباردا لەگەڵ شوێنە کۆنەکاندا هاودیمەن دەبن، ئایا ئەمە بانگەوازێکە بۆ دوبارە خوێندنەوەی مێژوو؟**

—ئامانجم هاندان نییە بۆ دوبارە خوێندنەوەی مێژوو، بەڵکو جەختکردنەوەیە لەپرسیارە جیهانییەکان کەبەردەوام ئەندێشەمان دەریاندەبڕن، هەندێکجار چیرۆکەکانم لەفۆرمی داستاندا دەگێڕمەوە، وەك لەڕۆمانی کیمیاگەرو شاخی پێنجەم کەڕوداوەکانیان لەلوبناندا روو دەدەن، هەندێکجاری تریش چارەسەری ئەو حالەتانە دەکەم کە ئێستا تیایدا دەژیین، وەك رۆمانی "یانزە خولەك"و "ئەفسوونبازەکەی پۆرتۆ بیللۆ".

وێڕای ئەوەیش، پێموایە دەبێت لەچەمکی زەمەن هەڵبێین، پەیوەندی تۆکمەی خۆشەویستی نێوان تۆو سروشت یان کەسێك هەمان هەلوێستەت دەداتێو هەستکردن بەئەبەدییەتت پێدەبەخشێت، ئەم هەستەت وا دەکات بەسەر ترس لەمردندا زاڵبیت، لەیەکەم کتێبمدا "حاجیەکەی کۆمپۆستێلا" باسم لەو زانیارییانە کردووە کە مامۆستاکەم بۆ رووبەڕووبوونەوەی مردن پێیداوم، لەوکاتەشەوە درکم بەوە کردووە کەمردن کۆتایی جیهان نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، مردن ئازیزترین هاوڕێمە، مەرگ مێیینەییەکی جوانە کەهەمیشە لەتەکمەوە راکشاوەو هەموو ساتێك ئەوەم دێنێتەوە یاد کە تەنها ژیانم بەدەستەوەیە، ئەمەش گرانبەهاترین گەنجینەیە کەهەمە.

**سەر چاوە/**

رۆژنامەی (الحیاة)ژمارەی رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٣ لە (مجموعة الأتصالات الأعلامیة)وە.

# ڕێگایەک بۆ هەمووان

نووسینی: مەمدوح عدوان
وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە: کەریم مەلا

(ژوورێکی ئاسایی.. ڕۆشنایی و کورسی و رادیۆو کتێبخانەو ریکۆردەرو کاتژمێرو تەلەفزیۆن و هتد..)

وێنەیەکی گەورەی سەردەمی گەنجی (مەحمود) پاڵەوانی شانۆییەکەو وێنەیەکی گەورەی ژنەکەی و منداڵەکانی هەڵواسراوە.. (مەحمود) تەمەنی لەدەوروبەری (٥٠) ساڵیدایەو بەڵام رووخساری گەنجتر دەردەکەوێت، لەلاچەپێکی شانۆ دەردەکەوێت و گڵۆپ دادەگیرسێنێت و قاوە ئامادەدەکات و جگەرە دەکێشێت و لەسەر کورسییەك دادەنیشێت و سەیری وێنەی ژنەکەی دەکات و خەم لەمردنی ئەو دەخوات..)

مەحمود: هەرکاتێك کە سەیری وێنە هەڵواسراوەکەت دەکەم، هەمان دڵەڕاوکێ و هەمان وەسوەسەو بێزاری لەناخی مندا سەرهەڵدەدەنەوە.

کە بەماڵەکەدا دێم و دەچم، هەست بەشڵەژاویی خۆم دەکەم، هەموو ڕۆژێ دەبێت تەفسیری درۆیەکی نوێ بتاشم و مانایەك بۆ حەقیقەتی ئازارەکانم بهۆنمەوە، (لەوێنەی ژنەکەی نزیك دەکەوێتەوە)

– گیانەکەم هەزارانجار پێموتیت، من ئاوها خۆشم دەوێی، نەك ئارایشت و ماکیاژت پێوەبێت، وەك چۆنی ئەوها بی..!!

–ئایا دەزانی چەند قورسە، تەمەنێك لەگەڵ نەخۆشێکدا بەسەربەریت.. من ماندوو هیلاك بووم، لەبەرێکردنی (٣٠)ساڵ ژیان لەگەڵ ئازاری نەخۆشییە کوشندەکەی تۆ، کە تەمەنی منی پێکوژایەوە،... (سەیری دەکات) خاتونەکەم ئەو روخسارە غەمگینەت ئازارم دەدات بێزاربوون بەدەست ئەو دکتۆرە دڵڕەقانەی کە بۆ چارەسەی تۆ بەدوایانەوە بووم، ئەوانەی بەعەقڵیەتێکی بەربەری و وەحشیانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردم.

–کێ هەیە بتوانێت بەرەنگاری عەقڵی ئەو درِندانە ببێتەوە، کێ وەکو من لەزمانی ئەو وەحشانە تێدەگات، ئەوانەی کە بەعەقڵییەتی گورگ و درِەندە گۆش کراون، ئەوانەی کە پەلامار دەدەن و بازارِانە لەهەموو شتێك دەروانن. تەنانەت بەم شێوەیەش لەمن و تۆ دەروانن تۆش وا راهاتووی بەشێوەیەك بمبینی، کە بێدەنگ بم و واز لەداواکارییەکانی ژیانم بێنم، بەڵام من سەبرم نییە، نامەوێت نێچیرێکی ئاسان بم و لەسەر ئاگردانێکی هێمندا بکوڵێم،.. (لەوێنەکە دوور دەکەوێتەوە) من نامەوێت لەپرسەی ژنەکەمدا دانیشم و وەك مۆمێك بەخەم و خەفەت بتوێمەوەو رووخسارێکی غەمبارو تازیەبارانە بنوێنم.

(سەیری وێنەی منداڵەکانی دەکات)

–ئێوە خۆش ئازیزان من کۆستم کەوت و تێکشکام.

چاوەرِێی چیتان لێبکەم؟! رۆڵەکانم ئێوە هەر لەخەونی خۆتاندا بژین..!!

لەو دوورە وڵاتانە ژیان بەرنەسەرو منیش بالێرە لەو تەنهایەی خۆمدا بمرم، هەرگیز لەو بروایەدا نەبووم مەرگی دایکتان تا ئەو رادەیە کارم تێبکات!!..

(دیسان بۆ ژنەکەی).

–بۆنی تۆ لەهەموو ژوورەکان هەست پێدەکەم، وەکو مێرولە لێرەولەوێ دەجوڵای، ماڵەکەت بۆ رێك دەخستم، سفرەت بۆ دەرازاندمەوە قاوەت بۆ ساز دەکردم، هەمیشە بەتەنگ ماڵەکەوە بوویت، لەوکاتانەی کە لەخەو هەڵدەستام جلوبەرگی ئوتوکراوت بۆ گوڵاوپرژێن دەکردم، بەرووخسارێکی شیرین و جوان قسەت بۆ دەکردم، تائەو رۆژەی نەخۆش نەبوویت ژیانێکی شاهانە دەژیاین، تائەو رۆژەی لەگۆرِستان و لەناشتنی تەرمی تۆ نەگەرِامەوە، من هەستم بەلاوازی و بێدەسەڵاتی خۆم نەدەکرد، هەموو ئاوەدانی و ناسیاوان و دراوسێکان بەدوای کەژاوەکەتەوە بوون، کەس نەبوو فرمێسك نەرِێژێت و نەگری، تەنانەت گەنج و منداڵەکانیش گریان، هەر هەموویان فرمێسکیان رشت، مرۆڤ زۆر لەوە بچووکترە، بەرگەی ئازارێکی ئاوا بگرێت، من وەکو لەئەزەلەوە فێری گریان بووبم ئاوا گریام.

ئەگەریش بچم لەپرسەکەتدا دانیشم، دەبێت گەورەیی و عەزم و خۆراگریی و پیاوەتی بنوێنم، وەڵامی پرسیارەکانی هەزاران کەس بدەمەوە، ئەوانەی چارەنووسی هەزارانی

وەکو منیان بەدەستەوەیە ئەوانەی سەری پەتەکەیان گرتووەو بەرژەوەندیی خۆیان لەو شارەدا دەپارێزن، بەڵام هەر من دەزانم چۆن رەفتار لەگەڵ ئەوانەدا بکەم.. !

—ئەوانەی کە تەنها ئەخلاقی گورگیان لەئەستۆ گرتووە بۆ مانەوەو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، ئامادەی هەموو تاوانێکن، ئەوە مێژووی هەزاران ساڵەی ئەو شارەیە، کەلەسەر هێزو دەسەڵات دروستبووە.

(تورە دەبێت کتێبەکەی توورِ هەڵدەدات)

—ئەوە ئەو کتێبانەیە کە دەبێت بیانسووتێنم، چونکە مێژوویەك دەنووسنەوە کە پڕن لەسوکایەتیی و گەندەڵی ئەمە ئەو پەڕی سوکایەتیی و بێشەرمییە.. ! !

کاتێك هەستمان بەئەگەری روودانی مەترسییەکان بکردایە، کارەساتەکانیش کەم دەبوونەوە.

(لەگەڵ خۆی قسەدەکات)

—سەمیرەش لێم دوورکەوتۆتەوە، ئەو ژنەی لێرە خزمەتی دەکردیت، ئازارەکانی منی کەمێك سوکتر کردبوو.. بەڵام چیبکەم.. ! !

هەموو خەڵك دەزانن کە چ زیانێکم پێگەیشت چ پارەو پولێکی هەمبوو لەڕێگای نەخۆشخانەو دکتۆرەکان خەرجمکرد.

—ئامادەش بووم هەموو ماڵەکەم لەپێناوی چاکبوونەوەی تۆدا بفرۆشم، بەڵام نەزیانەکان و نەپارەو پوولەکان بەکەڵکی من و تۆ نەهاتن (بەشەرمەوە).

—دەزانی ئەرکی ژنهێنان لەم زەمانەدا چەند گرانە، پێداویستی چەند زۆرە، هەرچەندە من مەبەستم نییە ژن بهێنمەوە، بەڵام خۆت دەزانی ژیان بەتەنها ناگوزەرێت.

(بێئومێدی پێوەدیارە)

—ئەوە بەلای تۆوە گرنگ نییە، تۆ مردویت و تەواو حەسایتەوە، یان ئاوا مەبەستت بوو بمریت و لەدەست ئازارەکانی نەخۆشییەکەت رزگارت بێت. چەند مانگێگ بوو رووخسارت ئەوەی پێدەوتم کە دەخوازیت بمریت.

(لەگەڵ وێنەکەدا)

—بۆ ئاوا سەیرم دەکەیت؟! بەمشێوەیە لێم تووڕە دەبیت!!؟ خۆت دەزانی کەمتەرخەمیم نەکرد، ئەو رۆژو شەوانەی (سەمیرە) لەلات دەمایەوەو سەرپەرشتی دەکردیت، من شەرمم دەکرد لەژوورەکەی خۆم دەرکەوم.

—خۆ دەتوانم بەبێگوێدانە هەستی تۆ، ژن بێنم بەپێی شەرع و یاسا (موثنا و ثلاثة و رباع) بۆ دلگرانیت..!! لێم تووڕە بووی؟ باسی ئەو رۆژانەم بۆ دەکەیت کە ئازارم داویت؟ تۆ چی بوویت؟! کچە لادێییەك بویت ساویلکەو نەزان رەنگە هەرگیز هەستت بەو ئازارەی من نەکردبێت تۆ نازانی لەدەرەوەی ئەو ماڵە ژیان چۆن دەگوزەرێت. تۆ نازانی گیرۆدەبوونی من لەگەڵ ئەو گورگانەی بازاڕ چۆنە، چۆن دەتکەنە پارۆیکی چەوری رۆژانەی خۆیان، ئەو کاتانەی قێزم لێیان دەکردەوەو دەگەڕامەوە ماڵەوە غەرقی خوێندنەوەی کتێب دەبووم، ئافرەت من کەسێکی غەریب و نەناسراوم لەو شارە چەندین ناوو ناتۆرەی ناشیرینم دەدەنە پاڵ.. ئەوانەی خۆیان بەخانەدان و نەجیبزادەو خاوەن هێزو ئیرادە لەقەڵەم دەدەن ئەوانەی خاوەن سەروەت و سامان و دەسەڵاتن ئەوان لەسەر ئێسکوپروسکی هەزارانی وەکو من و تۆ کۆشکەکانیان دروستدەکەن..!!

کۆیلەیەکی وەکو مینیش دەبێت تامردن بۆ بەرژەوەندیی ئەوان کار بکەم و کار بکەم و وچان نەدەم، وەکو کاڵایەك خۆمیان پێ بفرۆشم.

(لەگەڵ خۆی قسە دەکات)

—بەڵام نا.. مەحمود تۆ ناتوانی هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدەیت.. دڵی هەموو ئەوانە لەخۆت رازی بکەیت، رۆژێك دێت دەکەویتە ژێر پێ و ریسوا دەبیت، ئەوانە چ باکیان بەکەسێکی بێهێزو بێدەسەڵاتی وەکو تۆ هەیە.؟!

بەدرێژایی ژیانم ئۆقرەم نەبووەو نەمزانیوە چۆن ماف هاوولاتییبون بپارێزم و لادەری لەیاسادا نەکەم.

(گاڵتە بەیاسا دەکات)

—یاسا.. حەقیقەت... دادپەروەریی کامەیان من دەپارێزن، لەدەست ئەو دێوو درنجانەی کە بەڕۆژی رووناك دەسوڕێنەوە!.

(دیسان بۆ ژنەکەی)

—تۆش هاتویت سەرزەنشتم دەکەیت، کە بۆچی هیچم لەگەڵ خۆمدا نەهێناوەتەوە داوای کڕینی شتی سەیرم لێدەکەیت یان ناڕازیت و دەڵێیت: ئەوانە چین کڕیوتە بەکەڵکی هیچ نایەن (دووبارە دەچمەوە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستییەکان، من ناتوانم ڕۆژ تا ئێوارە لەسەرەی نانەواخانەو سەرەی نەوت و بەنزین و بازاڕو مردنیشدا بوەستم، من کەسێکم زۆرانبازی و شەڕەشەقی بازاڕم پێناکرێت.

(بۆ ژنەکەی)

—بۆ ناچیت بۆ بازاڕو جارێك ژیانی من تاقیبکەیتەوە تۆ لەیاساکانی بازاڕ تێناگەیت..!! کەس نییە لێیان بکۆڵێتەوە نەپۆلیس و نەدادگاو نەیاسا لێیان دەکۆڵێتەوە..!! تۆش دەلێی هەڵیان خەڵەتاندووی..!!

—یان دەڵێیت: ئەو میوە رزیوانەچین؟ دەبێت فڕێیان بدەم و بەکەڵکی هیچ نایەن..!!

—بەجەهەننەم، هەرهەمووی فڕێبدەو بێدەنگ بە، من چاك دەزانم خەڵەتاوم، لەو ڕۆژەی لەگەڵ تۆدام خەڵەتاوم، گلەیی ئەوەی لێدەکەیت بازاڕ فێڵمان لێدەکات! بازاڕ فێڵ لەکێ ناکات! تەنانەت فێڵ لەخۆشیان دەکەن.. گلەییم لێدەکەیت و سکاڵای منداڵەکانم بۆ دەژمێریت باشە خۆمن دادوەری نێوان مناڵەکان نیم..!!

دەبێت بۆ بەرگەی تووڕەییم بگریت، من بۆ ئەوە لێت دەدەم کە ژنێکی گوێڕایەڵ بیت، من وەکو پیاوێك ئەوە بەحەقی خۆم دەزانم ئاخر تۆش بەدرێژایی ژیانت بەرگەی ئازارەکانی منتگرت، هەموو جارێکیش کە بەرەو حاڵەتێکی مەترسی دەچوویت، دکتۆرم بۆ دەهێنای، بەڵام ئەمجارە زوو فریات نەکەوتم.

—ئەوەش بزانە پیاوێکی پیری وەکو من چی پێدەکرێت، دەسەڵاتی من چییە دکتۆر فریای تۆ نەکەوت!؟ خەڵکیش وا دەزانن من بەدەستی ئەنقەست وامکردووە.

(زەنگی تەلەفۆن)

—لەوانەیە (سەمیرە) بێت بیەوێت سەرخۆشیم لێبکات.

—ئەلۆ...! کێیە،، بەڵێ.. بەڵێ پرسەکە لەماڵی کوڕەکەمە قوربان.. نا... نا هیچ نەبوو من زۆر بێتاقەتم ئیتر وایە، ئەوە ڕێگای هەموومانە من سوپاست دەکەم کە بەسەرتکردمەوە، بەڵێ زانیویانە نیازی ژنهێنانم هەیە، لەسەر ئەوە تووڕەبوون وادەزانن

دنیا هەر بۆ خۆیانە، هەست بەئازاری من ناکەن، خەریکە دڵم کرمێ دەبێت: بەڵێ بەڵێ (سەمیرە)، بەنیازی ئەوم بیهێنم، باهەر بۆ خۆیان وابڵێن...!!.. خواحافیز...!!).

—قەدەرت وابوو، ئەوە تەمەنەو خوا دەیبەخشێت دڵێکەو لەلێدان کەوت، من چیبکەم!!؟.

منیش بیرم لەمردن دەکردەوە، بەڵام حەزمدەکرد مەرگێك بێت خۆت بیخوازیت، نەك من جێبەجێی بکەم، ئەوە مەسەلەیەکی شارستانییە من زۆرشتم لەو بارەوە خوێندۆتەوە.

تەنانەت گەر نەخۆشییەك چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە دکتۆرەکان بەدەرزییەك لەناوی دەبەن، نەوەك بەئازارەوە سەربنێیتەوە.

(دیسان تەلەفۆن هەڵدەگرێت)

—بەڵێ.. خوا پاداشتی تۆش بداتەوە.. چی بکەین؟ قەدەرە ئیتر..! ئەوە رێگای هەموومانە پرسەکەی لەماڵی کوڕەکەمە! بەڵێ خوا ئاگادارت بێت..!

—(سەمیرە)ش لێم دوورکەوتۆتەوە، ژنێکی چەند میهرەبان و خانەدانە، ژنێکی بەئابڕوو کەرامەت.. ئای گەر بەنسیبم دەبێت..!

—وەك خەونێك وایە.

(بۆ ژنەکەی)

—دوای نەخۆش کەوتن ئەرکی هەموو ماڵەکەی لەئەستۆ گرتبوو، نەیدەهێشت هەست بەکەم و کوڕی بکەین، (سەمیرە) ئێستا بۆ من هەلێکەو نابێت لەدەستی بدەم..!!

(دیسان تەلەفۆن)

—بەڵێ من باوکی ئەوم لەگەڵ مردووی ئێوەش بەڵێ بەدڵنیاییەوە لەکیسمان چوو، ئەوە رێگای هەموومانە..!! دەبێت سەبر بگرم. سەبر بگرم دەی خواحافیز..!!).

—بەڵام هەتاکەی سەبر بگرم، ئەوەش دەیەوێت بیکاتە منەت بەسەرمەوە، کەچۆتە پرسەکەم..

ئەمە چ ژیانێکە تێی کەوتووم..!!؟.

دوای چی ئەو مردوو ئێمەش بمرین؟! خۆمان بکوژین؟! هەرچۆنێك بێت زیندوویەك لەمردوویەك باشترە، کە دایکێك دەمرێت دەبێت نرخی باوکەکە بزانرێت..!! ئەوە سونەتی ژیانە، من دەبێت ژنم هەبێت.

کوڕەکەشم پێمدەڵێت: ئەوە لەئێمە ناوەشێتەوە چۆن دوای مردنی دایکم ژن بێنیت..

(بۆ کوڕەکەی)

—تفوو، هیچیوپووچ شەرم ناکات ئەو قسانە دەکات.. خەریکە لەڕووشم هەڵدەگەڕێتەوە پێم دەڵێت: (گەر باوکم بمردایە بیرتان لەبەشوودانی دایکم دەکردەوە!!؟.)

(دیسان بۆ کوڕەکەی)

—تفوو.. لەعنەت لەخۆت و قسەکردنت بدات ئەوە ئەوپەڕی پەروەردەو بیرکردنەوەت بوو؟

سی ساڵە من ڕەنج و کۆشش بەفیڕو دەدەم من بەرگەی ئازارەکانیم گرت، نەك تۆ گەردایکت بێوەژن بوایە دەبوو دابنیشێت و تا دەمرێت شوو نەکات، بەڵام باوك دوای مردنی ژنەکەی حەقی خۆیەتی ژن بهێنێت.

(بۆ کوڕەکەی)

—گەمژە لەبیرت چوو پێموتیت (هاملێت) بخوێنەوە..

—هاملێت.. کاتێك باوکی دەمرێت و شووکردنەوەی دایکی چ کارەساتێك دەنێتەوە.. هاملێت تووشی شێتی و تاوان و گوناە دەکات..!!

بەڵام گەر پێچەوانە بوایە، هیچ رووی نەدەدا دایکی هاملێت دەمردو باوکی ژنێکی تری دەهێنایەوە، ڕووداوەکە بەلای (هاملێت)یشەوە ئاسایی دەبوو، چونکە ئەو کەسێکی تێگەیشتووەو دەزانێت باوکی دەسەڵاتی بەسەر ژندا هەیە..!! منیش گەورەی ئێوەم دەبێت تاعەتم بکەن، بەڵکو تاعەتی من بەشێکە لەتاعەتی خودا، بۆ ئێوە وادەزانن بۆ مەسەلەیەکی تایبەت ژن دەهێنم..!!

—ئێوە نازانن سی ساڵە من چ ژیانێك بەڕێدەکەم.

(بۆ ژنەکەی)

–لەپێناوی تۆو منداڵەکانت قوربانیم بەهەموو تەمەنی خۆمدا، دنیام فەرامۆش کردووەو لەوکوخە تاریکەوە سەیری هەڵوەرینی عومری بابردووی خۆم دەکەم، سی ساڵە چاوەڕێی باوەشی ژنێکی گەرم دەکەم.

–ژنێك بێت هەست و سۆزی خۆیم پێببەخشێت.

–سی ساڵە هەردەڵێم جارێ عەیبەو باسەبر بگرم (سەمیرە)ش هەر دەڵێت: چاوەڕێیبەچاوەڕێیبە، من دەبێت بەپێی شەرع شووت پێبکەم!! ئەوە مەرجەکەی بوو.

(تەلەفۆن هەڵدەگرێت)

–ئەلو (سەمیرە) ئەوە تۆیت، ئەوە لەکۆێی ماڵوێران، خۆت شاردۆتەوە، دەمێکە چاوەڕێی وەڵامت دەکەم..!! ئۆقرەم لێبڕاوە بەچی پیدەکەنی.. بەچی بەدەمت.. وامزانی بەشوێنێکی تر پێدەکەنی مەبەستم ئەو دەعبا هاروهاجەیە (هەردووکیان پێدەکەنن) من ئێستا بەتەنیام، پرسەکەش لەماڵی کوڕەکەمە نا هیچ نییە گوێی مەدەرێ تۆ خۆش هەموومان هەر دەمرین، ئەوە رێگایەکە بۆ هەمووان.

–چیی بەیانی.. نانا.. نابێت هەر ئێستا. ناتوانم تەحەمولی ناکەم، دنیا کشوو ماتەو کەس بەدەرەوە نییە..!! خۆم دێم و هەموو شتێك دەبڕێنینەوە.. چاوەڕێی چی بکەین..! من ناتوانم زیاتر چاوەڕێی بم، هەموو شتێك تەواو بووە دوو ئەڵقەم کڕیوە، هیچ شتێکی رەحمەتی ناهێڵمەوە، هەمووی دەبەخشمەوە سەر لەنوێ ماڵت بۆ دەکڕم، تەنها وێنەکەی لێرەیە، بەیانی کوڕەکەم دەیبات!! ئێستا دێمەلات، خۆم بەهەموو شێوەیەك ئامادەکردووە (پێدەکەنێت) ئێستا نیشاندەدەم.. دڵنیابە بۆهەموو شەوێ لەسەر تاقەتی خۆم ماوم!! زیاتر چاوەڕێ ناکەم لەبەردەم ئاوێنەکە خۆی رێکدەخات و دەڕوات رووناکی دەکەوێتە سەر وێنەی ژنەکەی تاریکی.. کۆتایی..

*ئەم دەقە شانۆییە لەدەقێکی مۆنۆدرامی (مەمدوح عدوان) ئامادەکراوە بەناوی (حال الدنیا).

## رۆستەم ئاغالە :
## بە سەرەتایەکی لاواز دەستم پێکرد

دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن



## ئازاد سۆرانی:
## لەوەدە چێت سینەماکارەکانمان لەفێرکردندا ڕەزیل بن

دیداری: ڕێبواری ئازادی

# هونەر

# رۆستەم ئاغالە:
## بە سەرەتایەکی لاواز دەستم پێکرد



دیداری:
شۆرش محەمەد حسێن

هونەرمەندی شێوەکاری کورد رۆستەم ئاغالە ناوێکی دیاری نێو هونەری شێوەکاریی کوردییە و پێویست بەناساندن ناکات، سەبارەت بەژیانی هونەریی و هەڵوێستەکردن لەسەر چەند بابەتێکی گرنگی هونەری شێوەکاری ئەم چاوپێکەوتنەمان بەپێویست زانی لەگەڵیدا ئەنجامی بدەین.

***بێگومان قۆناغی منداڵی بۆ هەرکەسێک کاریگەری خۆی هەیە بەگەڕانەوە بۆ رابردووی خۆت و سەردەمی منداڵیت چۆن ئەو قۆناغە دەبینیت؟**

–من لەمنداڵی خۆم هەندێك شتم بیرە، بەڵام هەندێکجاریش زۆر شتی گرنگ هەیە خەڵك بیرمدەخاتەوە، بەواتای ماڵی خۆمان و دۆست و برادەران بیری هەندێك لەو رەفتارانەم دەخەنەوە کە لەسەردەمی منداڵیدا پیایدا تێپەڕیووم، ئەوانە بەڕاستی هەندێکجار خەڵك بیرم دەخەنەوە و خۆم حەزمدەکرد خۆم لەبیرم بوایە، بەڵام ئەوەی

کاریگەری زۆری لەسەر من هەبێت زیاتر تەمەنی هەرزەکاریمە، بەواتای ئەوەی کەتەمەنی هەرزەکاریم زیاتر کاریگەری هەیە یان دەتوانم بڵێم ئەوتەمەنەی کە قوتابی بووم زیاتر کاریگەری هەیە بۆ سەر هونەرەکەم، بەواتای ئەو قۆناغەی قوتابیەتیم کە دەورو پشتەکەم بونە بنەمایەك بۆ شێواز و تەکنیکی ئیشکردنم، بەڵام شێوەی رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەم دیارە ئەوە هەر پەیوەستە وەکو هەموو خەڵکێکی تر بەو بناغەیەی کە لەمنداڵیدا تێدا بووم، بۆیە زۆجار بەنمونە ئەو منداڵە بچوکەی خۆم دەبینم هەندێك شت دەکات زۆرکەس لەماڵی خۆمان پێم دەڵێن هەڵسوکەوت و رەفتاری لەمنداڵی خۆت دەچێت، بۆیە من جارێکی تر منداڵی خۆم لەخەڵکێکی تر دەبینمەوە، لەکەسێکی تر دەبینمەوە.

***بەواتا دەکرێت بڵێین لەمنداڵی تۆدا هیچ ئاماژەیەک هەبووە کەتۆ لەئایندەدا ببیت بەهونەرمەند و ئەو بەهرەیەت تیادا بەدیکرابێت و بەواتایەکی تر زەمینەیەکی وا هەبووە لەوکاتەدا (رۆستەم ئاغالە) ببێتە هونەرمەند؟**

–نەخێر بڕوا ناکەم ،چونکە من زۆر خەڵکی تری خۆشمان چ ژیاننامەم خوێندبێتەوە چ گوێم لێی بووبێت و سەیری کارەکانیم کردبێت کەم کەسی کورد هەیە منداڵییەکی بلیمەتی هەبووبێت، خۆم وابیردەکەمەوە کە منیش منداڵییەکی بلیمەتم نەبووە و زۆر سادەبووم، لەوانەیە تەنها لەڕووی هونەرییەوە نا ئەگینا لەهەموو رووەکانی تر باش بووم، بەنموونە ژیانێکی باشم هەبووە بۆ ئیشکردن و کاسبی و ئازایەتی و لەهەمان کاتدا ژیانێکی باشم هەبوو بۆ وەرزش و زۆر شتی تر، بەڵام بۆ هونەر لەوە ناچێت، هیچ چالاکییەکی وام نەبووە.

***باسی قۆناغی هەرزەکاریی خۆتت کرد کە لەیادەوەریتدا هەندێک شتی بەجێهێشتووە یاخود لەو قۆناغەدا ئیتر تۆ بەرەو هونەر رۆشتی، دەکرێت دەربارەی ئەو قۆناغە و ئاشنایەتی تۆ بەهونەر و بەهرەی هونەری خۆت زانیاری زیاترمان بدەیتێ؟**



-مـــن کـــەتازە تەقـــدیمی پـەیمانگای هونەرەجوانـەکانی ئێرەم کردبوو هەندێك بـرادەرم هــەبوون باسـیان لەهەنــدێك مامۆسـتا دەکـرد کـە پـێش ئـــەوەی بێنـــە پـــەیمانگای هونەرەجوانـــەکان وانـــەی پێوتبـــوون یـــان هەنـــدێك مامۆســـتای ناســـیوە، ئـــەو مامۆســـتایانەی مـــن تەمـــەنام دەکرد بیانناسم و بیانبینم،

واتە من هەستم پێدەکرد کەزۆر بێبەش بووم لەوەی کە ئەوان هەندێك خەڵك دەناسن و من ئەو خەڵکانە ناناسم یان ئەو خەڵکانە شـتی پێوتـوون مـن کـەس هیـچی پێنـەوتووم، بەڕاستی لەشارێکی وەکو کۆیە کەمن لەوێ ژیاوم لەئێستادا ناوێکی هونەری وای تێدا نییە کە هونەرمەنـدێك یـان نیگارکێـشێکی ناسـراو بێـت و تـۆ لەئاسـتی کوردسـتاندا بیناسـیت، تەنانەت لەئاستی کۆیەش ناوێکی وای هـەبێت کـەبڵێن ئـەوە وێنەکێـشێکی وایـە، هـەبووە خەڵك ئیشیکردووە، بەڵام زۆر نازانستییانە و زۆر نـا ئەکادیمیانـە ئیـشی کـردووە و نـاوی لەسنوری شارەوانی کۆیە تێنەپـەڕیوە. کەواتـە ئـەوە هـەر هـیچ نـەبوون باسـیان بکـەم و بەواتایەکی تر شایانی باسکردن نین و ئەوکەسـانە توانایـان نـەبووە و خۆشـیان بەڕواڵـەت واپێگەیشتوون کەشتێکی کەمیان زانیوە و خوێندنیان تـەواو نـەکردووە و پـسپۆر نـەبوون لەبوارەکـەی خۆیانـدا، بۆیـە مـن دووبـارە هـەر بەسـەرەتایەکی لاواز دەسـتمپێکردو، بەسەرەتایەك دەستمپێکرد کەهی ئەوە نەبووە کەسێك بڵێـت تـەواو ئـیتر خـەریکی هونـەر دەبێت و چووە ناو هونەرەوە، وەك ئـەوەی نـاوێکم و بـۆ پەیمانگایـەك دەچـم و پـسپۆڕی لەمامۆستایەتی وەربگرم.

***دەکرێـت بڵێـین هـاتنی تـۆ بـۆ سـلێمانی زیـاتر ئـەو بـارەی لـەلای تـۆ دروستکرد؟**

–بێگومان ،چونکە بەڕاستی سلێمانی و کردنەوەی دەرگای سلێمانی بۆمن دەرگایەکی گەورە بوو، نەك هەر تەنها دەرگایەکی گەورەبوو بۆ هونەر بەڵکو دەرگایەکی گەورە بوو بۆ ژیانیش، سلێمانی تەکوینی زۆر شتی منی گۆڕی، لەوانەیە تۆ زۆرجار کەدەچیتە شوێنێك دادەنیشیت بەپێی ئەو شوێنە هەڵسوکەوت دەکەیت و بەپێی ئەو شوێنە جوڵەت دەبێت، بەنموونە من ئەگەر لەهەولێر یان لەشارێکی تربومایە لەوانەیە ئەو کەسەی ئێستا نەبوومایە، واتە سلێمانی زەمەنێکی زۆر باشبوو لەگەڵ سروشتی من زۆر دەگونجاو هەندێك دەرچوونی من هەبوو هەندێك شتی شێتانەی من هەبوو لێرە جێگەی دەبۆوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەمن هەندێك دۆستم هەبوون لەپەیمانگای مامۆستایان قوتابی بوون و لەگەڵ ئەواندا خانووم گرتبوو بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەواندا نەدەگونجام و زۆر جیاواز بووم، بەڵام کاتێك لەبەشێکی ناوخۆیی لەگەڵ قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەبووم ئاوها نەشاز نەدەبووم بەو جۆرە، واتا خۆگونجاندنەکەم هەبوو بەڵام لەهەمانکاتدا هەر جیاواز بووم، بەڵام ئەوان خۆیان پێیان دەووتم و من خۆم هەستم بەو جیاوازییە زۆرە نەدەکرد بەو شێوەیە، بەڵام ئەوان جارێکی تر منیان جیادەکردەوە، بۆیە شاری سلێمانی زۆر کاریگەری کردە سەر ژیانی من و شێوەی ژیان و شێوەی جوڵە و گفتوگۆ و ئەو حیوارە گەرموگوڕەی کە لەنێوان خەڵکی ئێرەدا هەیەو پاشان جێی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیش کە لەهەشتاکان دامەزراوە و من لە١٩٨٤ تەقدیم کرد، بەڕاستی گەرم و گوڕییەکی زۆری پێوە دیار بوو زۆر بەحەماسەوە ئیش دەکراو مامۆستاکان زۆر باشتر کاریان دەکرد و ئێمە دەوام کردنمان بەشۆڕش دەبینی و بونمان لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان وەك بونێکی گەورە خۆمان دەسەپاند و بەردەوام داپڵۆسین و فشارێکی زۆر لەسەر پەیمانگا هەبوو و ئیتر بونی ئەم پەیمانگایە لەناو شاری سلێمانی نەشاز بوو، تاکە پەیمانگاش بوو لەکوردستاندا وەکو ئێستا نییە، ئێستا کردنەوەی پەیمانگا وەکو دایانگای لێهاتووە، چۆن گەڕەکێك پێویستی بەدایانگا هەیە پەیمانگاش بەپێی پێویستی وەك دایانگا دەکرێتەوە ئێستا کە لەزۆربەی شارو شارۆچکەکاندا پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەیە، من هیچ دڵم خۆش نییە بەو پەیمانگایانەی کە کراونەتەوە تەنانەت دڵم خۆش نییە بەو پەیمانگای هونەرە جوانەی کە ئێستا لەسلێمانی هەیە، چونکە ئەویش ئەو کادیرەی جارانی نەماوە و ئەو زەوقەی تێدا

نەماوە و قوتابیەکانیش هاوکار نین لەگەڵ مامۆستاکانیان، دەتوانم بڵێم شتەکان زۆر زۆر جیاوازن ئەو هەنگاوانە زۆر جیاوازن کە ئێستا هەیە لەچاو جاران، پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ئەوکاتەی سلێمانی بوون و شەخسیەتێکی تایبەتی خۆی هەبوو لەپێگەیاندنی قوتابی و بەراورد دەکرا لەگەڵ بەغدا بەباشتر نەك خراپ تر، دیارە ئەوە هەر بۆهەوڵی مامۆستا ناگەڕێتەوە بۆ هەوڵی قوتابیش دەگەڕێتەوە، مامۆستا باهەر قسەی جوان تێبینی جوان بدات ئەگەر قوتابی لەگوێگرتنی ئەو کاردانەوەی باشی نەبوو کاری باش و واجیباتی باشی بۆ نەکردو و رەنگدانەوەکە جوان نەبوو بەهیچ دەچێت، بۆیە دەبێت هەردوولا بەیەکەوە ئەوکارە تەواو بکەن. ئەوکاتەش بیرم نایەت گلەیمان لەحکومەت کردبێت کە هاوکاریمان ناکات و حکومەت وازی لەئێمە بهێنایە ئێمە بەهچ شێوەیەك پێویستمان بەهاوکاری حکومەت نەبوو، خۆمان کەرەستە و پێداویستییەکانی خۆمان دەکڕی.

***وەک لەقسەکاندا ئاماژەت بۆ کرد لەئەدای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شارو شارۆچکەکان رەزامەند نیت، ئەی لەبارەی ئەوەوە چی دەڵێیت کە کۆلیژی هونەریی دەکرێتەوە؟**

—دیارە من نامەوێت گفتوگۆکەمان بچێتە ناو پرسیارو هەڵسەنگاندنی پەیمانگا و کۆلیژە هونەرییەکان، چونکە من خۆم مامۆستایەکی پسپۆڕنیم، خۆم وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو نابینم بڵێم بچمە ئەو شوێنانە سەرکەوتوو دەبم، نا بەڵام کۆلیژی هونەر ئێستا دەیەوێت دەورێکی بالاتر ببینێت، بەواتای دەوری لەپەیمانگا بەرزتر بگێڕێت هەرچەندە لەقۆناغی پەیمانگادا توانای باشتری دێتەناوی و هێزی گەنجی تازە پێگەیشتوو هەیە ئەوانە کاری زیاتر دەکەن و کۆمەڵێك بابەت هەیە داخلی ژیانیان نەبووە ژیان بەڕاستی و بەگەرمی وەردەگرن ئەوانیتر کە لەکۆمەڵێك قۆناغی جیاوازەوە دەچن تۆزێك تواونەتەوە لەهەندێك شت و خۆی تەرخان ناکات بۆ دراسە بەهەموو شێوەیەك، کە دەڵێین کۆلیژی هونەر باشترە چونکە کۆمەڵێك مامۆستای باشتر چوونە و ئەو مامۆستایانەی کە لەپەیمانگا باش بوون چوونەتە ئەوێ، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کەسەرجەم مامۆستاکانی کۆلیژی هونەری هەموویان باشن بەڵکو مامۆستای واشی تێدایە شایەنی ئەوە نییە بەقوتابی پۆلی سێی پەیمانگای هونەرەجوانەکان وەربیگریت، کە ئەمە

جۆرێکە لەکاری خراپ چونکە ئەو پەیمانگا و کۆلیژانە پەیمانگا و کۆلیژی دراسین و ئەو کەسانەی کەلێی دەردەچن دەبنە پسپۆڕی مامۆستای هونەر نەك پسپۆر لەهونەر، چونکە کۆلیژێکی ئازاد نییە هەموو ئیشێك بکات و هەموو دراسەیەك بکات و هەموو شتێك بکات، چونکە ئەوکەسانەی لەئەوروپا کە لەو کۆلیژە ئازادانەی هونەردا دەخوێنن هەموو بوارەکانی هونەر دەگرێت و زانیاری تێدا پەیدا دەکەن، بەڵام لەو کاتەی کەتیایدا

دەردەچێت ناتکەن بەمامۆستا چونکە پسپۆڕیت مامۆستا نەبووە و شارەزایی و پسپۆڕی تۆ لەوەدایە کە کاری هونەریی و جوانکاری بکەیت و گۆڕان بەسەر هەندێك شتدا بهێنیت، بەواتایەکی گشتی کاری هونەری بکەیت چ بەتاك چ لەگەڵ کۆمەڵێکدا.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە لای ئیشە هونەرییەکانت زۆرجار لەنێو تابلۆکانتدا پیاوێکی پیر سەرنجی بینەر رادەکێشێت، ئەمە کەزۆر جار دەبێتە ئایکۆنێک لەنێو تابلۆکانت بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

–لەوانەیە جوان نەزانم وەڵامی ئەوپرسیارە بدەمەوە، بەڵام ئەوەندەی دەزانم ئەوە مام سەیدە مۆدیلێکە بەبەردەوامی رۆژانە دێتە ئێرە (گەلەری زامۆ)، کەدێتە ئێرە دەیبینین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، وەختی خۆی کە بۆ یەکەمجار بینیم لەنێو بازاڕ لەشوێنێك بینیم کە دوکانێك بوو پێموت حەزدەکەم رەسمت بکەم شوێنی خۆم پێوت ئەوەبوو هاتە گەلەری زامۆ لێرە (کازم) هەبوو کە بەفۆتۆ ئیشی کرد لەسەری و منیش بەپاستیل ئیشمکرد، هەتا وای لێهات مام سەید بووە کەسێکی ناسراو و نزیك لەخۆمان لێرە، لەناو بازاڕی سلێمانی کەمتر لەو روخسارانەی مام سەید دەبینیت، چونکە شار قەرەباڵغە و جوڵەی ژیان ناخۆشە خەڵکی پیر کەم دەبینیت، واتە ئەو کەسە پیرانە هەم لەبەر قەرەباڵغی هەم لەبەر جوڵەی سەیارە و دووری شوێنەکانیان ناتوانن کۆببنەوە بابڵێین بۆنمونە ئەو پیرە (١٠) ساڵ پێش ئێستا ماڵی لەناو سابونکەران بووە و ئەمڕۆکە لەوێ نەماوە و ماڵی چۆتە گەڕەکێکی زۆر دوور کەواتە کۆنابنەوە و پیرەکان نابینین، مام سەید یەکێکە لەو کەسانەی تەمەنی هەیە، بەڵام زۆر دێتە بازاڕ و تەمەنی ئێستا دەوری ١٠٠ ساڵ دەبێت و دێتە نێو بازاڕ و دەگەڕێت، ئەوە دەموچاوێکە لەپێش چاوە، لەشارۆچکە و لادێکاندا پیرەکان لەشوێنێکدا کۆدەبنەوە و دەبینرێن، بەڵام لەسلێمانی

لای مزگەوتی گەورە ئەگەر تۆزێك خەڵكی پیر ببینین، بۆیە ئەوەش خۆی کاریگەری هەیە کە تۆ خەڵکێك دەبینیت ئاوها لات نزیکە کاریگەری هەیە.



***ئەوەندەی سەیری کاری هونەری تۆ دەکرێت تایبەتمەندییەکی پێوە دیارە، وەکو خۆت تا چەند هەستدەکەیت خاوەن تایبەتمەندێتی خۆتی و کاری بۆ دەکەیت؟ بەدەر لەوانەش هەست بەوەدەکرێت کە ئەم کارە هونەرییانەی تۆ کارێکی هونەری کوردییە، بەنمونە هەرکەسێک لەهەر رەگەز و نەتەوەیەک بێت گەر بێت و کاری هونەریی تۆ ببینێت دەزانێت ئەمە کارێکی هونەری کوردییە تۆ ئەم حاڵەتە چۆن دەبینیت؟**

–من ئێستاکە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە گرنگ نییە هونەری تۆ رەسەنایەتییەکەی بەوەبێت کە تۆ شتی وڵاتی خۆت بەکاربهێنیت، زۆر هونەر هەیە کەهونەرێکی سەرکەوتووە و هونەرێکە کە لەسەر ئاستی دنیا دەنگی داوەتەوە و خەڵکێکی زۆر بەدیارییەوە وەستاون هونەرێکی رەسەنە، رەسەنە بۆ مرۆڤایەتی رەسەنە بۆ ئەو دونیا گەورەیەی کە هەمووممان یەکتری تێدا دەبینینەوە بەقسەکردن بەتەلەفزیۆن، دونیا زۆر بچوك بۆتەوەو هەندێکجار کاتی ئەوە نییە کەبیر لەوە بکەیتەوە کە ئەو هونەرەت دەبێت هی وڵاتی خۆت بێت زۆرجار واکاردەکەین، بەڵام کارەکە تەواو دەبێت هیچ لەوڵاتی خۆت ناچێت، واتە ئەگەر بێت و من ئیش بۆ هونەریی کوردی بکەم ئەوگرەوە دەدۆڕێنم، چونکە هونەریی کوردی خۆی بناغەی نییە، هیچ شتێکی وای نییە لەئاستی دونیادا، لەدونیادا هونەرێك نییە ناوی هونەری کوردی بێت. ئەوەندە قاموسی دونیا هەیە

لەسەر هونەر تا ئێستا تابلۆیەکی کوردی نەچۆتە ناو قاموسێکەوە لەهونەری دونیادا بووترێت ئەوە کارێکی کوردییە، نەک هەر کورد زۆر نەتەوەی تر لەدونیادا هەیە کارەکانیان ناچێتە ناو ئەو قاموسانەوە، لەچەند وڵاتێک زیاتر کەسێکی تری تیانییە، ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە جۆری رەفتاری سیاسی ئەو وڵاتانەش کاریگەری خۆی هەیە، بابڵێین بۆ نمونە هەندێك وڵات هەیە کاری جوانی تێدا دەکرێت، بەڵام خۆو بەختی خۆیان تا ئێستاکە هونەرەکەیان دەرنەکەوتووە و ماوەتەوە، وەك چۆن کەسێك هەیە هونەرێکی جوانی و کارێکی باشی هەیە، بەڵام راگەیاندن گرنگی پێنەداوە و خۆو بەختی خۆشی دەرنەکەوتووە و تاقەتی بەدەرکەوتن نییەو وا رێکەوتووە ئەو کەسە نادیار بێت، ئەو ناوی نییە و خەڵکێکی تر ناوی هەیە کەشایەنی هیچ نییە، هەربۆیە من باوەڕم بەوە هەیە دەکرێت من کاربکەم بۆ رەسەنایەتی نەك بێم بەزەقی هەموو شتەکان دابنێمەوە، من وابیرم نەکردۆتەوە و ئەوشتانەی کە ئیشم پێکردوون هەموو ئەوشتانەن کە هەموو خەڵکێك ئیشی پێدەکات و هەموو خەڵکێك گفتوگۆی پێدەکات و هەموو خەڵکێك لەماڵ بەکاری دەهێنێت، بۆیە تەسەور ناکەم شتێکم هێنابێت زۆر نامۆ بێت بەچاوی ئەو خەڵکە، کەنامۆبێت و ئەو خەڵکە لەبیری چۆتەوەو من جارێکی تر ئاشنام کردۆتەوە پێیان، بەلاشمەوە گرنگە لەو فۆڕمانەدا ئیش بکەم، من ئەوەندە شتی دەوروبەری خۆم دەبینم بەوە راناگەم شتی خەڵك بەکاربهێنم.



## ئازاد سۆرانی:

# لەوەدە چێت سینەماکارەکانمان لەفێرکردندا ڕەزیل بن

دیداری: ڕێبواری ئازادی

هونەرمەند ئازاد سۆرانی لەساڵی (١٩٧٠)ەوە لەبواری شانۆدا ڕۆڵی بینیوە، لەقۆناغی خوێندنیشدا بەشداریی لەشانۆیی (لەشێتخانەدا) کردووەو پاشان لەشانۆییەکانی (ئاژاوەی ناومال، کۆتایی دەرەبەگ، چاوی کوردستان، نهێنی، یادی جەژنی لەدایکبوون، شوشەیەك دەرمان، ئاهەنگ لەدواشەوی ژیندا) ڕۆڵی بینیوە، ئێستاش لەهۆڵەندا دەژی و لەوێ بەشداری چەندین فیلمی سینەمایی کردووە، وەك (بەردەباران) بەهاوبەشی بەهەردوو زمانی هۆڵەندی و فارسییەو لەدەرهێنانی (میهنازی تەمیزی)یە، فیلمی (بێهیوایی) کە لەدەرهێنانی (حسێن سیۆدین)ەو فیلمی (ڕوپۆشی شوشەیی) و (سەفەرێکی بێدەنگ) کە لەدەرهێنانی (ئیبراهیم سالەمان)ەو هەروەها لەنواندنی دوو زنجیرە درامای هۆڵەندایدا بەشداریکردووە بەناوەکانی (بۆکس Box) و (سپای SPY) و لەفیلمێکی (شوشە جینی)یش ڕۆڵی بینیوە، لەهاتنەوەیدا بۆ کوردستان چاومان پێیکەوت و بەچەند پرسیارێك ئەم دیدارەمان لەگەڵی سازدا.

***بەبڕوای تۆ کە ساڵانێکە لەشانۆدا ڕۆڵت بینیوە بۆچی ئێستا کاری شانۆیی لەکوردستاندا لەئاستی پێویستدا نییە؟**

–ساڵانی پێشوو کەفوکوڵێك هەبوو، خەڵکەکەی پاڵپێوەدەنا بۆئەوەی بەرهەمێکی بەهێز پێشکەش بەبینەری شانۆ بکەن، کە هەست و هۆش و ناخی ئەو خەڵکەی

دەردەبڕی، بیریان لەبەرژەوەندی تایبەتی نەدەکردەوەو چەند تیپێك هەبوون، وەکو کێبڕکێ لەنێوان خۆیاندا بۆئەوەی باشترین بەرهەم پێشکەش بکەن، بەلام پاش راپەڕین بەبۆچوونی من دەبوایە زۆر لەوانەش باشتر پێشکەش بکرایە، نەبوونی پیشەی یارمەتیدەر بۆ هونەرمەندان لەو رێبازەدا کە رێبازی شانۆییە وایلێکردوون نەتوانن بەرهەم پێشکەش بکەن لەوانەیە کەلکی تیادانەبێت، چونکە ئێستا خەلك زیاتر بەشوێن بەرژەوەندییدا دەگەڕێت، نەك بەرهەمی چاك، ئەوەش وایکردووە کاریکاتە سەر رەوتی شانۆیی کە بەرهەم زۆر بەکەمی پێشکەش دەکرێت، دەتوانین بلێین کەنەماوە، خنکێندراوە.

***باسی ئەوەتکرد کە شانۆ لەکوردستان لەو ئاستەدا نییە، ئایا هونەرمەندە کوردەکانی هەندەران هیچ کارێکی شانۆیی، کە لەئاستی پێویستدا بێت پێشکەش دەکەن؟**

—شانۆ پێویستی بەجەماوەر هەیە، ئێمە ئەگەر لەولاتدا جەماوەری شانۆمان کەم بێت، ئیتر لەدەرەوە جەماوەر لەکوێ دروستدەکەیت، ئەوەی من ئاگادارم لەساڵەکانی ١٩٩٠ ئێمە شانۆگەریمان بۆ یادی هەڵەبجە پێشکەشکرد لەبەرئەوەی کارەساتەکە تازە بوو خەڵکێکی زۆر هاتبوون ئەگەرچی جەماوەری شانۆ نەبوون، بەلام هەستی کوردایەتی جوولاندبوونی کە بیرۆکەی حسێن سۆرێن بوو، هەر لەدەرهێناوی ئەویش بوو، شانۆییەکی جووڵە بوو، لەگەڵ مۆسیقادا ئیتر لەدوای ئەوە لەهۆڵەندا کاك شەماڵی عەبەڕەش و ئەوان پار شانۆگەرییەکیان پێشکەشکرد بەزمانی هۆڵەندی ئەگەرچی خۆم نەمبینیوە دەیان وت شانۆییەکی زۆرباش بوو، بەلام لەولاتی سوید جوولانەوەی شانۆیی زیاتر هەیە ئەو کەسانەش کە کاردەکەن بەزمانی بێگانەکان کاردەکەن بۆئەوەی ئازاری میللەتەکەمان بگەیەنن بەو میللەتانەی لەناویاندا دەژین، خۆزگە ئەو هونەرمەندانەی لەدەرەوەن بهاتنایەتەوە بۆ ولات و جوولانەوەیەکیان بکردایەو یارمەتیان بدانایە بۆئەوەی لەولاتیش ئەو گەرمییە پەیدا بێتەوە وەك جاران ئەو سەردەمە زێڕینییەی کە چەندەها شانۆگەریی پێشکەشدەکرا کە شانۆکارەکانی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، بەلام بەم کەشوهەوا ئازادە نەتوانن بەهەرم پێشکەش بکەن تاوانە.

***تۆ پێتوایە زنجیرە دراما لەکوردستان لە چ ئاستێکدایە بەبەراورد بەو زنجیرە درامایانەی کە بەڕێزت لەدەرەوە بینیوتن؟**

–بەراورد هەر ناکرێن، چونکە ئەوانەی ئەوان دەیکەن لەئەوروپا تایبەت و پرۆفیشناڵە، چونکە کۆمپانیای تایبەتی هەیە کە هەموو ئەرکێکیان دەگرێتە ئەستۆو لەهیچ شتێکدا پەکیان ناکەوێت بۆ نموونە هونەرمەندەکان لەئەوروپا کۆمپانیای تایبەتی هەیە دەچن خۆیان ناونووس دەکەن، وێنەی خۆیان دادەنێن، هەرکاتێك پێویستیان پێی دەبێت ئاگادارت دەکەنەوە لەڕێی ئیمەیل و تەلەفۆن و دەڵێن تۆمان پێویستە وەرەبەشداری بکە پاش ئەوە بۆ بچووکترین شت بۆئەوەی هونەرمەندان لەسێتەکەیان دوورنەکەونەوە هەر لەسەر سێت هەموو شتێکیان بۆ ئامادکراوە لەچاو قاوەوە بیگرە تا گەورەترین شت هەروەها ئەو کەسانەی کە دێن وانەی تایبەتیان خوێندوە لەسەر کارەکانیان لەکلاکێتەوە تا نووسەرو دەرهێنەر، هەموو شتێکیش پێشوەخت ڕێکخراوە بۆ نموونە کەدەیانەوێت بینراوێك بۆ رۆژێك وێنەبگرن پێشەکی هەموو شتێکیان بۆ خوێندۆتەوە، کە چەند درێژەدەکێشێت و چەند کەس بەشداری تێدا دەکات، هەموو جێگای کامێراو هونەرمەندو شتەکانیان دەستنیشانکردووە، یەکسەر لەشوێنی کار دەست بەکارکردن دەکەن بەبێدواکەوتن، لەلای خۆمان لەبەرئەوەی تا ئێستا نەچوومەتە سەر سێت ئاگادارنیم و داوام لەهاوڕێم کاك بەکر رەشید کردووە کە بچمە لایان بۆئەوەی بتوانم بەراوردێك بکەم لەشێوەکارکردنیان، بەڵام ئێرە لەقۆناغی لەدایکبوونی زنجیرە درامایە، بەڵام ئەوان پیاوێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموونن.

***سینەمای کوردیی بۆ پێشنەکەوتووە؟ بەڕای تۆ کاری بۆ کراوە؟**

–هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەیە سینەماییمان زۆر کەمەو ئەو کەسانەی کە کاریش دەکەن لەو بوارەدا لەدەرەوەن زیاتر نەك لەناو وڵات، بۆ نموونە چەند کەسێکمان هەیە وەك قوبادی، مەهدی ئومێد، هونەر سەلیم و جەمیلی رۆستەمی، ئەوانە خەریکن جووڵانەوەیەکی سینەمایی بەرجەستە دەکەن، بەڵام لەوە دەچێت ئەوانیش لەفێرکردندا رەزیل بن، نەیانەوێت کەسێك لێیانەوە فێربێت، ئەگینا دەبوایە ئەمانە خۆیان ببوونایە بەقوتابخانەیەك و چەندین کەسیان پێبگەیاندایە، بۆ نموونە کاك بەهمەنی قوبادی تا ئێستا نەهاتووە چەند کەسێکی هونەرمەند ببات لەگەڵ خۆیدا کاریان پێبکات، بۆئەوەی لێیەوە شارەزایی پەیدا بکەن لەسینەما، هەروەها مەهدی ئومێد ئەو ماوەیەی لەوانەیە

نەبێت، ئەگەینا مەهدی ئومێد شتی پێیە، چەند شتێکی سەقەتکراوە بەناوی سینەماوە، بەڕاستی من سەیرم لێدێت لەو هەموو کارەساتەی کە هەمانە خەڵك دەچێت ئەم شتە سەقەتانە دەکات، بۆ نموونە لەو بەرهەمە چاکانەی کە لەجیهاندا هەیە وەکو کیلۆمەتری سفر کە لەفەڕەنسا لەیەك کات لە (٨٠) سینەما پێشکەشکرا ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێمە بەرهەمی چاکمان هەیە ئەی باشە ئیتر بۆ هەوڵ نەدەین کە زیندوویان بکەینەوە، وەکو دیکۆمێنتێش پیشانی جیهانی بدەین و لەزەتی لێ ببینین، یاخود بەرهەمی ژانی گەل ئەگەرچی چەند گرتەیەکم لێ بینیوە لەوەدەچێت بەرهەمێکی سەرکەوتووبێت و هەنگاوی یەکەم بێت بۆ دروستکردنی سینەمای کوردی، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکەم بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە دووەم ئەو کەسانەی کە هاتوون کاری تێدا دەکەن هەموویان شارەزان دەزانن چۆن ئیش بکەن، خاڵێکی دیکەش کە زۆر گرنگە ئەو بابەتەیە کە هەڵیان بژاردووە.

*** چۆن دەتوانین سینەما دروست بکەین؟**

-سینەما یەکەم پێویستی بەبەرهەمهێنەر تا بتوانێت هەموو ئەرکێکی فیلم بگرێتەئەستۆ، دووەم پێویستی بەکەسانێکی شارەزا هەیە کە هەرکەسە بەئەرکی خۆی هەڵبستێت و کەسێك دەستنەخاتە کاری کەسێکی ترەوە، سێیەم پێویستمان بەسێتی وێنەگرتن هەیە لەکلاکێتەوە بیگرە تا دەگاتە کرێن و کامێراو پێویستییەکانی تر، چوارەم پێویستمان بەچەند ستۆدیۆیەکی تایبەت هەیە بۆئەوەی کە بتوانین هەموو ئەو دیکۆرانەی هەموو کاتێك کەنییە یا لەناوچووە پێیان درستبکەینەوە ئەو کەسانەی کاردەکەن پێویستە شارەزاییەکی باشیان هەبێت لەکارەکەی خۆیان واتە تایبەتمەندی بۆ هەموو کارێکی سێت ئیتر کە ئامادە دەبێت بۆ وێنەگرتن و کە بەڕێوەبەر لێی بپرسێت فلان شت و فلان شت ئامادەیە بلێ بەلێ پێویستمان بەهیچ نییە، چونکە لای ئێمە هەرکەسەو دەستدەخاتە ناو ئیشی کەسێکی کەوە دوای ئەوەش نەشارەزایە بۆیە دەبێتە هۆی شێواندنی شێوازی کارکردن.

***جیاوازی لەنێوان نواندنی شانۆو دراماو سینەما چییە؟**

-لەشانۆدا پێویستت بەوە هەیە هەموو گیانت تەعبیر بکات لەو وشەیەی کە دەیڵێی تاجەماوەر تێیبگەیەنی، زۆر جاری وا هەیە دەبێت وشە زۆر بەکار بهێنی لەجیاتی رووداو

بۆ روونکردنـەوە، بـەڵام لـەدراماو سـینەمادا پێویـستت بـەو ئەرکـە زۆرە نییـە، چـونکە دەتـوانی بـەبینراوێکی بـچووک جووڵەیـەکی چـاو یـان لێـو زۆر شـت پیـشان بـدەیت یـان دەتوانیت بەچرپەیەك حاڵەتی پیشان بدەی، چونکە لەسینەما ئەوشتەی دەتەوێت بەچـاو بیلێی، چونکە کامێرا دەتوانێـت بـۆت بێنێتـەوە پێـشەوە دەتوانێـت هـەموو شـتێك بلێـی ئەرکەکەت بۆ ئاسان دەکات وەك لەشانۆ، جیاوازیش هەیە لەنێوان نواندنی شـانۆو درامـاو سینەما، لەسینەما بۆ نموونە پێویستت بەوە نییە حیوار بەشێوازێك بلێی کە ئـاخر کـەس لـەدواوە تێبگـاو بەرامبـەر بەجـەماوەر نابیتـەوە تـۆ بەرامبـەر کـامێرا تەعبیردەکـەیت لەبەرئەوە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە.

***گرنگی جلوبەرگ لەکاری نواندندا چییە؟**

–گرنگی جلوبەرگ، یەکەم سەردەمە دەبێت بزانی ئـەو رووداوانـە لـە چ کاتێـك و لـەچ سـەدەمێکدا بـوون و هـەروەها دەستنیـشانی کەسـایەتییەکان بـۆ پلـەی کۆمەڵایـەتی پۆلێنبکرێت، سێیەم ئایا ئەو کەسە لەڕووی عەقڵەوە چۆنە هەنـدێکجار بـاری فکـری ئـەو کەسە لەجلوبەرگدا دەستنیشاندەکرێت، بـۆ نموونـە دەبـینی کابرایەکـە تێکـچووە، بـەڵام وەختی خۆی کابرایەکی رۆشنبیر بووە دەبێـت ئـەو سـیمایانە لەجلوبەرگیـشدا دەربخـەین لەدەربڕیندا.

***دوا وتەت؟**

–هیوای ئەوەم هەیە کە هەموو لایەنەکان هەوڵبدەن بۆئەوەی کە شانۆ بگەڕێتەوە بـۆ ئـەو هێـزو گـوڕەی جـارانی یارمـەتی هونەرمەنـدان بـدرێت کـە تایبەتمەنـدی وەرگرێـت، بۆئـەوەی بتـوانن بەرهـەم پێـشکەش بکـەن و ئـەو سـستییە نـەمێنی لەهونـەری شـانۆی کوردیدا هەروەها لەبواری تەلـەفزیۆن و سینەماشـدا رێگـەیان بەبەرهـەمی بـاش و بـەتوانا بدایە بۆ بڵاوکردنەوەو خولیش بکرایەتەوە بـۆ خـەڵکانێك بۆئـەوەی فێـری کـامێراو سـێتی ئیشکردن بن.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دووماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.arankurd.com
www.dengekan.com